# ئەگەر بچمە پەرلەمان داوای کردنەوەی دیسکۆ دەکەم

**رووداو-هەولێر**

بێکەس حەمەد قادر، سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان، کە حیزبەکەی یەکێکە لەو 7 حیزبە چەپەی لیستی یەکسانی و چاکسازی کۆمەڵایەتیان پێکهێناوە و ناوی لە لیستەکەدا یازدەمینە دەڵێت "ئەگەر بگەمە پەرلەمان پیشنیازی کردنەوەی دیسکۆ دەکەم"، لیستەکەیان کە لە 80 پاڵێوراو پێکهاتووە، بێکەس دەڵێ کۆمسیۆن پاڵێوراوێکی ئەوانی کە ناوی سەمیرە سەعیدە لەسەر بەعسیبوون لادا. بێکەس بەڵێنی داوە ئەگەر بچێتە پەرلەمان مووچەی پەرلەمان وەرنەگرێ و، یەکێک لە خاڵەکانی بەرنامەی لیستەکەشیان ئەوەیە 30%ی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان کەمبکەنەوە.

11



# تا ریفراندۆمی لەسەر نەکرێ سکاڵا لەسەر دەستوور تۆمار ناکرێ



**تایبەت بەرووداو**

سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو ناڕەزاییەی هەندێ لایەنی عەرەبی و تورکمانی لەدژی پرۆژەی دەستووری کوردستان پێشانیدەدەن، نابێتە رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم. بەرزنجی لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئەو ناڕەزاییە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دەبێت، گوتی "ئەو کێشەیە لەدادگای فیدراڵی یەکلایی دەکرێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی پرۆژەکە لەریفراندۆمدا دەنگی بۆ دەدرێ و دەبێتە دەستوور". هەروەها گوتی لەم قۆناغەی ئێستادا کەس مافی ئەوەی نییە سکاڵا لە سەر دەستوور بکات.

6

# گەرما کار لە هەڵبژاردنی کوردستان دەکات



**رووداو-هەولێر**

د.شێرزاد نەجار، پسپۆری بواری زانستی سیاسەت بە (رووداو)ی راگەیاند کە زۆر لە شۆرشەکانی جیهان لە وەرزی هاوین دا روویانداوە، چونکە گەرما مرۆڤەکان بێ تەحەمول دەکات و وایان لێدەکات بڕیارەکان بە پەلە بدەن، گوتیشی"مانگی تەمموز بۆ دەنگدەر کەمێک سەختە". لەلایەکی دیکەوە بارام خدر مەولود، پسپۆری بواری ژینگە و کەشوهەوا پێیوایە وەرزە ساردەکان وەرزی گونجاوی بڕیاردانن"رۆژی هەڵبژاردن رۆژێکی گەرمە، ئێمە هەموومان داوای هێمنی و ساردبوونەوە و هەڵنەچوون دەکەین، بەڵام کاتەکەی لە رۆژێک دانراوە کە خاوترین وەرزی ساڵە و لەرووی کەشوهەواوە گونجاو نییە". کریس کۆچێرا، رۆژنامەنووسی فەرەنسی بە (رووداو) راگەیاند، بەهۆی کەشوهەوای گەرمی مانگی تەمموز ناتوانێت بێتە کوردستان و چاودێری هەڵبژاردن بکات.

6

ژمارە (64)
پێنجشەممە 2009/7/2
11ی پووشپەڕ 2709
(750) دینار
Rûdaw
رووداو
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

## هاووڵاتیان دەڵێن چیتر ئارامیان نەماوەو بەرووی لیستەکاندا دەتەقنەوە ◆ شێخ جەعفەر: یەکێتی ئێستا 100 هەزار پێشمەرگەی هەیە، هیچ پێویستیمان بە هێزی پارتی نییە

# بۆ رێگرتن لە توندوتیژی لە سلێمانی ئاسایش بڕیاردەدا ئیجرائات بکات

**رووداو-سلێمانی**

بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند تائێستا ئیجرائاتیان لەگەڵ کەس نەکردووە لەسەر ئەو توندوتیژییانەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن روویانداوە، بەڵام گوتی "ئیتر ناچارین ئیجرائات بکەین"، هاوکات شێخ جەعفەر مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیکردەوە کە تاڵەبانی داوای هێزی لە بارزانی کردبێ و گوتی یەکێتی 100 هەزار پێشمەرگەی هەیە و پێویستی بە هێزی پارتی نییە.

بەهۆی شەڕەپەڕۆ و شەڕە قسەی نێوان هەوادارانی لیستەکان، رێگرتنی قافلەکانی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی لیستەکان لە هاتووچۆی شەقامەکان و شێواندنی رێساکانی یاسای هاتووچۆ لە سلێمانی، شێواندنی ئارامی شەوان لەخەڵک، زۆر لە چاودێران پێشبینی روودانی توندوتیژی خوێناوی دەکەن، ئەگەر بارودۆخەکە هەروا بەردەوامبێ. خەڵکی شاری سلێمانی کە بەدەست هات و هاواری لایەنگرانی لیستەکانەوە هەراسان بوون، لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین پێکداهەڵپژان لەنێوان لایەنگرانی هەردوو لیستی گۆڕان و کوردستانی روویداوە.

کاروان عەلی، 28 ساڵ، دانیشتووی سلێمانی لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی ئەو شارە لە دروشم کێشان و فەوزای شەڕە پەڕۆ و لیستەکان بێزار بوون، ئەو گەنجە گوتیشی "ئەگەر ئەم هەڵسوکەوتە بەردەوام بێت لە شاری سلێمانی کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەبێت". هەروەها گوتی "ئەگەر چارەسەری ئەو هەڵسوکەوتانە نەکرێت، چیتر لە تەحەمولی هاووڵاتیاندا نەماوە و پێیاندا دەتەقنەوە".

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی، بە (رووداو)ی راگەیاند کە بۆ رووبەڕووبونەوەی بارودۆخەکە لیژنەیەک پێکهاتووە "ئاگاداری ئەو لیژنانەشمان کردووە لیستەکان ئاگادار بکەنەوە لەوەی لایەنگرانیان و هەوادارانیان ئاگادار بکەنەوە بۆ وەستاندنی ئەو جۆرە پروپاگەندەیە". بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی سلێمانی لەو بارەوە بە (رووداو)ی گوت "ژمارەیەکی زۆر گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان و گەڕەکەکان هاتوونەتە ئاسایش و سکاڵایان لەدژی هەندێ لەو کەسانە تۆمارکردووە کە بێزاریان کردوون و هەندێک لە شۆفێری پاسەکانیش بەهەمان شێوە سکاڵایان هێناوە بۆ لامان، لەبەرئەوە ئیتر ناچارین لێپێچینەوە بکەین". گوتیشی "تائێستا کەس دەستگیر نەکراوە بەو هۆیەوەو هیچ ئیجرائاتێکیش نەکراوە، بەڵام ئیتر ناچارین کە ئیجرائات بکەین".

لەلایەکی دیکەوە شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و وەزیری پێشمەرگە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو)، ئەوەی رەتکردەوە کە مام جەلال داوای هێزی پشتیوانی لە مەسعود بارزانی کردبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی سلێمانی و گوتی بارودۆخەکە بەو شێوە نییە و گوتیشی"یەکێتی ئێستا 100 هەزار پێشمەرگەی هەیە، هیچ پێویستیمان بە هێزی پارتی نییە". گوتیشی "پێشمەرگە هیچ پەیوەندییەکی بەناو شارەوە نییەو شاریش هیچ پێویستییەکی بەپێشمەرگە نییە و هیچ مەترسییەکی واش نییە کە پێویست بەوە بکات پێشمەرگە بهێنینە ناو شار".

3







خەڵکی سلێمانی لە توندبوونی ململانێی نێوان لایەنگرانی لیستی کوردستانی و گۆڕان لە مەترسیدان (فۆتۆ:رووداو)

## ئەگەر رازیبن بکشێنەوە بۆ ئەوەی ببێتە تاکە رکابەری بارزانی

# کەمال میراودەلی بەڵێن بە سێ پاڵێوراوەکەی دیکە دەدات بیانکاتە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران



کەمال میراودەلی



هەڵۆ ئیبراهیم

**تایبەت بەرووداو**

پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەڵۆ ئیبراهیم رایگەیاند سەفین محەممەد و حوسێن گەرمیانی مانەوەی یەکێکمانیان هێنایەوە پێشەوەو گوتی میراودەلی گوتی من ناکشێمەوە، بەڵام پێشنیازی کردبوو ئەگەر ئەوان بکشێنەوە بیانکاتە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی کوردستان.

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی پارتی پیشکەوتنی کوردستان، کە یەکێکە لەو چوار پاڵێوراوەی رکەبەرایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە لە2009/7/25 هەڵدەبژێردێت، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی"من باسی کشانەوەم نە ورووژاند بەڵکو کاک سەفین و حسێن گەرمیانی هاتنەلام و بیرۆکەکە هی ئەوان بوو، دوای دانیشتن منیش قسەکەم بەدڵ بوو و رازیبووم و گەیشتینە قەناعەت کە پێوەرێک دابنێین وەک راپرسی بۆ ئەوەی بزانین کێ بمێنێتەوەو کێ بکشێتەوە، دوای نیو کاژێر کەمال میراودەلی هات مەسەلەکەی بەدڵ نەبوو و دەرگاکەشی دانەخست و وتی دواتر دادەنیشین و باسی دەکەین"، دواتر میراودەلی هەڵوێستی خۆیان بۆ ئاشکرا دەکات و هەڵۆ ئیبراهیم لەوبارەوە گوتی "سێ رۆژ لەمەوبەر کاک سەفین تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی لەگەڵ کاک کەمال میراودەلی دانیشتووم، نەگەیشتووینەتە قەناعەت، کاک کەمال وتوویەتی ئێوە پاشەکشێ بکەن من دەتانکەمە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران، لەبەرئەوە ئەو مەسەلە کۆتایی هات و ئێستا من خۆم دەمێنمەوە". ئەو پێشنیازەی میراودەلی لە کاتێکدایە کە ئەنجوومەنی پیران نەک لە کوردستان، بەڵکو لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش نییە.

هەڵۆ کە رەخنەی لە پرۆژەی دەستووری کوردستان هەیە، دەڵێت " ئەگەر دەستور بەوشێوەیە پەسەند بکرێت وڵات بەرەو دیکتاتوریەت دەبات". هەڵۆ رۆژی 2009/7/1 لە گەرمیان لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدینی ئەمینداری یەکگرتوو و سەرۆکی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری کۆبووەوە، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد گوتی" کۆبوونەوەکە تەنها بۆ بیرورا گۆڕینەوە بوو لەسەر بارودۆخی هەڵبژاردن و، بەهیچ شێوەیەک داوای ئەوەم نەکرد چوار حیزبەکە دەنگم پێ بدەن".

## چوار حیزبەکە:

# لیستی ئێمە دووەمە نەک گۆڕان

**رووداو- هەولێر**

لیستی چوار حیزبەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، ئایندە- قادر عەزیز) کە ناوی لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی)یە لەهەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا بە بەراورد بەقەوارە سیاسییەکانی دیکە خاوەنی زۆرترین دەزگای راگەیاندنە. سەرلیستی چوار حیزبەکەش دەڵێت "ئێمە لیستی دووەم دەبین نەک لیستی گۆڕان".

عومەرعەبدولعەزیزسەرۆکی ئەنجوومەنی شورای یەکگرتووی ئیسلامی کە لەلیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی)دا یەکەمین ناوە، بەپێچەوانەی پێشبینی زۆر کەس و لایەن کە دەڵێن لیستی گۆڕان لەپاش لیستی کوردستانی براوەی دووەم دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا، دەڵێت "پێشتر یەکگرتوو بەتەنیا خۆی هێزی دووەم بووە لەهەردوو ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، ئێستا کە لەگەڵ سێ لایەنی دیکە هاوپەیمانین چۆن دەبینە هێزی سێیەم؟".

جەعفەر ئیمینکی بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی لەهەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە پێشتر رکابەری یەکەمی ئەوان یەکگرتوو بووە، بەڵام گوتی "ئێستا گۆڕان بەپلەی یەکەم دێت و لیستی چوار حیزبەکە بەپلەی دووەم دێت". هەرچەندە ئیمینکی پێشبینی 10 کورسی بۆ لیستی گۆڕان کردووەو 7 کورسیش بۆ چوار حیزبەکە، بەڵام عومەر عەبدولعەزیز رایگەیاند کە ئەوان بۆخۆیان پێشبینی 25 – 30 کورسی دەکەن و بۆ گۆڕانیش 10 – 12 کورسی بۆ لیستی کوردستانیش 50 – 55 کورسی. سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای یەکگرتوو گوتیشی ئەگەر هەڵبژاردنێکی پاک بەڕێوەبچێت دەنگ هێنانی لیستی پارتی و یەکێتی بەو رادەیەی کە بتوانن حکومەت پێکبێنن لە ئەگەر و نەگەردا دەبێت.

بەپێی لێدوانی حامد محەممەد عەلی، ئەندامی لیژنەی باڵای راگەیاندنی چوار حیزبەکە، ئەوان بەهەرچواریان خاوەنی 54 کەناڵی راگەیاندنن کە لەم هەڵمەتی پروپاگەندەیەدا بەگەرمی بەشدارن، ئەو کەناڵانەش بریتین لە 3 کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی، 20 تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی، 20 رادیۆ، 6 هەفتەنامە، 4 ماڵپەری ئینتەرنێت و پاشکۆیەکی تایبەت بەهەڵبژاردن.

4و7





# مەلا کرێکار پشتیوانی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکات

**رووداو- هەڵەبجە**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت لەم هەڵبژاردنەدا "موفاجەئە رووددەدا، هێندە دەنگ دێنین کە تەسەور نەکرێ". هەروەها دەڵێت مەلاکرێکار داوای لەجەماوەری خۆی کردووە دەنگ بە لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی بدەن. هەروەها دەڵێ کۆمەڵ و یەکگرتوو ناتوانن کورسییەکانی جاری پێشوویان بەدەستبێننەوە.

ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کە حیزبەکەی لەم هەڵبژاردنەدا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداریی دەکات، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە بۆ ئەم هەڵبژاردنە چاوەڕێی سەرکەوتنی گەورە دەکەن، بەپێچەوانەشەوە پێشبینی شکست بۆ کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و پێیوایە "ئەوەی ئێستا هەیانە لەپەرلەمان ئەوە ناهێننەوە"، چونکە دەڵێت "ئەو دەنگە زۆرەی جاران هێناویانە دەنگی خەڵکی دیکە بووەو ئێستا ئەو خەڵکە خۆیان لیستیان هەیە"، جگە لەوەی کەدەڵێ زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەگەڵ بۆچوونی سەرکردایەتی خۆیان نەبوون بۆ پێکهێنانی لیستی چوار حیزبەکەو دەڵێت "پێشبینی دەکەم چوار حیزبەکە نەتوانن ئەو 17 ئەندام پەرلەمانەی ئێستا بنێرنەوە پەرلەمان".

هەرچەندە پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە مەلاکرێکاری ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام داوای لەجەماوەری خۆی کردووە دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەن، بەڵام ئەنوەر عەنەبی گوتی "مەبەستی گۆڕانی کوردستان و دەسەڵات بووە نەک لیستی گۆڕانی کاک نەوشیروان، دواتریش لەوبارەوە لێدوانی دا"، عەنەبی هەروەها گوتی "ئێستا مامۆستا کرێکار داوا لەجەماوەری خۆی دەکات کە دەنگ بەلیستی بزووتنەوەی ئیسلامی بدەن".

7

## مەحمود چەلەبی، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر:

# نەک من کۆمسیۆنیش نازانێت کۆتای تورکمان چییە



**تایبەت بە رووداو**

مەحمود چەلەبی، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر رەخنەی لە سیستەمی کۆتا هەیە و دەڵێت "نەک من کۆمسیۆنیش نازانێت ئەو کۆتایە چییە، دیار نییە چۆن پشکەکان دیاری دەکرێن، ئایا کورسییەکان بەپێی رێژەی دەنگەکانە یان ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە هەموو کورسییەکان بۆ ئەوە".

تورکمانەکان کە 5 کورسیان بۆ دانراوە، سێ لیستی تورکمانی کێبڕکێی لەسەر دەکەن، مەحمود چەلەبی دەڵێ پارتی و یەکێتی بڕوایان بە دیموکراسی هەیە و بەڵێنیان داوە دەست نەخەنە ناو کێبڕکێی لیستە تورکمانییەکانەوە بەوەی پشتگیری لە یەکێک لە لیستەکان بکەن.

ئێستا تورکمانەکان 4 ئەندامیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام مەحمود چەلەبی دەڵێت "ئەوانە نوێنەری تورکمان نین، چونکە لەلایەن تورکمانەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو پارتی و یەکێتی دایناون". ئاشوورییەکانیش کە بەهەمانشێوەی تورکمانەکان بەپێی سیستەمی کۆتا 5 کورسیان دراوەتێ، یەکێک لە لیستەکانیان داوای حوکمی زاتی دەکات، سەبارەت بە داوایەکی لەو شێوەیە بۆ تورکمان، چەلەبی گوتی "ئەگەر تۆ بە ئازادی خۆت کاربکەی لەناو ئەو مەملەکەتە خوێندن بەزمانی خۆم بێت و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هی خۆم بێت و 15 پەرلەمانتار هی خۆم بێت و 5 وەزیر هی خۆم بێت و لەشەقامەکان لەتەنیشت کوردی بە تورکمانی نووسرابێت، حوکمی زاتیم بۆ چییە".

3



## وەزارەتی پەروەردە 3 هەزار مامۆستا دامەزرێنێ

**رووداو-هەولێر**

**کازم کۆیی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە بە(رووداو)ی راگەیاند، رەزامەندی دراوە لەسەر دامەزراندنی 3 هەزار مامۆستا، لە دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بۆ قۆناخی بنەڕەتی، کە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییاکان دابەشکراوەو بەو جۆرەیە: هەولێر670 مامۆستا، سلێمانی 1654 مامۆستا، دهۆک 425 مامۆستا، گەرمیان 195 مامۆستا،کەرکووک 56 مامۆستا". ئەو بڕیارە نارەزاییەکی زۆری لەنێو دەرچووانی زانکۆدا دروستکردووە، چونکە دەڵێن بڕیارەکە بۆ دەرچووانی پەیمانگەیە، بەڵام بەشێک لە دەرچووانی زانکۆ بە واستە دامەزرێندراون.**

### لە قەزا و ناحیەکان زەوی دابەشدەکرێت

# هێشتا دیار نییە پێش هەڵبژاردن دەبێت یان دوای هەڵبژاردن

**رووداو–هەولێر**

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران رایگەیاند کە زەوی لەسەنتەری شارەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی دابەشناکرێت و تەنیا لە قەزا و ناحییەکان دابەشدەکرێت. رەتیشیکردەوە دابەشکردنی زەوی پەیوەندی بەهەڵمەتی هەڵبژاردنەوە هەبێت و گوتیشی "تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێک نییە پێش هەڵبژاردن زەوی دابەشبکرێت".

لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای دوو ساڵ لە راگرتنی بڕیاری دابەشکردنی زەوی سەر لەنوێ زەوی بەسەر فەرمانبەران و خەڵکی هەژاردا دابەش دەکات.

د.محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بە (رووداو)ی راگەیاند "بەقەزا و ناحیەکاندا گەڕاوین و سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی ئیداری ئەو ناوچانە گوتیان ماوەیەکی زۆرە دابەشکردنی زەوی وەستاوەو بۆ ئەوەی فشار لەسەر سلێمانی و هەولێر و دهۆک کەمببێتەوە باشترە زەوی دابەشبکرێت بەسەر هاووڵاتیاندا".

بەپێی گوتەی سکرتێری یاسایی ئەنجوومەنی وەزیران، پاش ئەو داوایەی بەرپرسانی ئیداری قەزاو ناحیەکان، ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوێکی ئاراستەی تەواوی وەزارەت و شارەوانییەکان کرد "کە ئەگەر زەوی هەیە با دابەشی بکەین". محەممەد قەرەداخی، رەتیکردەوە کە بەرنامەی دابەشکردنی زەوی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا هەبێت " ئەو نووسراوە تەنیا بۆ قەزا و ناحییەکانە و دابەشکردنی زەوی سەنتەری هەولێر و دهۆک و سلێمانی ناگرێتەوە".

والێکدرایەوە کە دابەشکردنی زەوی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندی بەهەڵمەتی هەڵبژاردنەوە هەبێت بۆ لیستی کوردستانی، بەڵام محەممەد قەرەداخی رەتیکردەوە کە ئامانجیان لە دابەشکردنی زەوی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێ "تاوەکو ئێستا بڕیارێک نییە پێش هەڵبژاردن زەوی دابەشبکرێت، لەوانەیە بکەوێتە پاش هەڵبژاردن و لەوانەیە پێش هەڵبژاردنیش بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەت و شارەوانییەکان وەڵامی نووسراویان نەداوەتەوەو دەستیش بە دابەشکردنی زەوییەکان نەکراوە".

چەندین فەرمانبەر ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە بڕیاری وەزارەتیان هەیە کە زەوییان پێبدرێت، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران تەواوی ئەو بڕیارانەی راگرتووەو ئێستاش کە زەوی دابەشدەکرێت ئەو فەرمانبەرانەی لە سنووری دهۆک و هەولێر و سلێمانیدان زەوی وەرناگرن، بەڵام فەرمانبەرانی قەزاو ناحیەکان ئەگەری ئەوە هەیە وەریبگرن. سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، دەڵێت "راستە هەیە چوار ساڵە بڕیاری وەزارەتی هەیە کە زەوی بدرێتێ، بەڵام وەرینەگرتووە، ئەوانەی کە لە ناوەندی پارێزگاکانن بڕیاریشیان هەبێت وەریناگرن، بەڵام زەوی قەزا و ناحیەکان ئەمجارە بەپێی چەند خاڵ و چەند بنەمایەکی دیکە دەبێت کە هێشتا دانەنراون".

### بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان:

# تا ئێستا 6 جار پلانی زانکۆ و پەیمانگاکانمان بۆ وەرگرتنی قوتابیان رەتکردووەتەوە



دەرچووانی ئامادەیی ساڵی رابردوو بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ خۆپیشاندانیان کرد، بەڵام ناوەندی وەرگرتن دەڵێ ئەمساڵ کێشەمان نابێت (فۆتۆ:رووداو)

**زیاد ئیسماعیل**
**رووداو- هەولێر**

جوان جەلال شەریف، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان رایگەیاند تائێستا 6 جار پلانی زانکۆو پەیمانگاکانیان رەتکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ زۆرترین دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان وەربگیرێن.

ناوبراو لە لێدوانێکیدا بۆ (رووداو) بە دووری زانی کێشەی ساڵی رابردوو لە وەرگرتنی قوتابیان دووبارە ببێتەوە، کە ساڵی رابردوو 10 هەزار قوتابی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان مانەوە "پێشبینی دەکەین، ئەمساڵ رووبەڕووی لێشاوی قوتابیان نەبینەوە، چونکە ئەمساڵ لە کۆی 70 هەزار قوتابی، 15 هەزاریان بەشداری تاقیکردنەوەکانیان نەکردووە".

جوان جەلال شەریف تاوەکو ئێستا 6 کۆبوونەوەیان کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن "دوو کۆبوونەوەی سەرەتا بۆ رێنماییەکان تەرخان کران، کۆبوونەوەکانی دیکەش بۆ پلانی وەرگرتنی قوتابیان".

هەرچەندە تائێستا زانکۆو پەیمانگاکان 6 جار پلانی وەرگرتنی قوتابیانیان بۆ ساڵی تازەی خوێندن بۆ ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بەرز کردووەتەوە، بەڵام ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان رەتیکردوونەتەوە، جوان جەلال لەو بارەوە گوتی "دەمانەوێ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن، هەرجارێکیش پلانەکەمان رەتکردبێتەوە، ژمارەکەیان زیاد کردووە".

بەڵام سەبارەت بە رێژەی وەرگرتنی قوتابیانیش، جوان جەلال گوتی بەهۆی دەرنەچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەم و دووەم، ناتوانن هیچ رێژەیەکی وەرگرتن ئاشکرا بکەن "تا ئەنجامی خولی دووەمیش دەرنەچێ ناتوانین بڵێین چەند قوتابی وەردەگرین".

ساڵی رابردوو بەهۆی نەبوونی شوێن لە زانکۆ و پەیمانگاکان 10 هەزار قوتابی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن مانەوە، دواتر بەشێک لەو قوتابیانە وەرگیران و بەشێکیشیان پەنایان بردە بەر کۆلیژە ئەهلییەکان، بەشێکیشیان لەماڵەوە پاڵیان دایەوە.



### زیرەک کەمال، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان:

# گۆڤاری لڤین لە زاخۆ نەسووتێندراوە

**رووداو–هەولێر**

گۆڤاری لڤین لە روونکردنەوەیەکدا "ئیدانە"ی قسەکانی سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی روژنامەنووسان لە دهۆک و نوێنەری سەندیکا لە زاخۆ دەکات، کە گوتوویانە گۆڤاری لڤین لە زاخۆ نەسووتێندراوە.

گۆڤاری لڤین لە روونکردنەوەیەکدا، کە بۆ (رووداو)یش نێردراوە دەڵێ "چونکە لە کاتێکدا ئەو رووداوە بەبەرچاوی هەموو دونیاوە روویداوەو تەنانەت لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان و خودی سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز زیرەک کەمال بەدواداچوونی وردیان بۆ رووداوەکە کردووە و راستی رووداوەکەیان سەلماندووە، هەربۆیە لە راپۆرتی پێشێلکارییەکاندا سەندیکای رۆژنامەنووسان بەروونی ئیدانەی ئەو کارەیان کردووەو داواشیان لە دەسەڵاتدارانی زاخۆ کردووە کە لێپێچینەوە لەو بارەوە بکەن".

بەڵام زیرەک کەمال، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "سەندیکا نەیگوتووە گۆڤارەکە سووتێندراوە، بەڵکو گوتوویەتی کۆکراوەتەوە". (رووداو) لە ژمارەی رابردوودا بەدواداچوونێکی لەسەر ئەوەی ئایا لڤین لە زاخۆ سووتێندراوە یان نا؟، بڵاو کردەوە، بەپێی ئەو بەدواداچوونەی لەلایەن هەر یەک لە بەهجەت هروری، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە پارێزگای دهۆک و فەرهاد حاجی نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسان لە زاخۆ، گۆڤارەکە لەلایەن لیژنەی زێدەڕۆییەکانی شارەوانییەوە لە پەڕاوگەی مەتین2 بەهۆی ئەوەی شتوومەکی خۆی هێناوەتە سەر شۆستە دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام نەسووتێندراوە. بەڵام گۆڤاری لڤین لە روونکردنەوەیەکدا ئیدانەی قسەکانی ئەو دوو بەرپرسەی سەندیکا دەکا و داوا لە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەکات سزایان بدات.

وەک لە روونکردنەوەکەدا هاتووە "ئەو دوو کەسە ئەو هەواڵانەیان شێواندووە کە گۆڤاری لڤین لە زاخۆ دەستی بەسەردا گیرابێت و سوتێنرابێت و خاوەنەکەشی 24 کاژێر لە زیندان توندکرابێت و بەکەفالەت ئازاد کراوە و بەڵێننامەی لێوەرگیراوە کە جارێکیتر نەیفرۆشێت، بۆیە هیچ جۆرە ئیعتبارێک بۆ شاهیدی ئەوان لەو مەسەلەیەدا دانانێین".

زیرەک کەمال لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی " ئەوەی بەناوی منەوە بڵاوکراوەتەوە راست نییە، چونکە دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت کە هەندێک لە کاربەدەستانی شاری زاخۆ بە کاک بەهجەت و کاک فەرهادیان راگەیاندبوو ئەوەی روویداوە پەیوەندی بە ئازادی رۆژنامەگەرییەوە نییە بەڵکو ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خاوەن کتێبخانەکە لە رێنماییەکانی شارەوانی لایداوە".

زیرەک کەمال گوتیشی "ئێمە نەمانگوتووە گۆڤارەکە سووتێندراوە، بەڵکو گوتوومانە 120 ژمارەی گۆڤارەکە دەستی بەسەردا گیراوەو بۆ شوێنێکی نادیار براوە و دواتر بۆ خاوەنەکەی گەڕێندراوەتەوە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، کۆکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەکان لە هەر کوێیەک بێ، لەژێر هەر ناو و بیانوویەک بێ رەتدەکەینەوە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەنووسییە".

گۆڤاری لڤین لە روونکردنەوەکەدا داوا لەسەندیکای رۆژنامەنووسان دەکات سزای ئەو دوو بەرپرسەی خۆی بدات لە دهۆک و زاخۆ "لەبەرامبەر ناراستگۆبوونیان و بەکارهێنانی پۆستی سەندیکا دوور لە هەموو ئەخلاقیات و پێودانگێک بۆ مەرامی حیزبی ناشیرین و وەستانەوە بەرامبەر بە پیشەی رۆژنامەگەری و هاوپیشەکانیان. لەم پێناوەشدا بە ناوی سەندیکاوە درۆی شاخداریان بڵاوکردووەتەوە".

زیرەک کەمال گوتی هەقە رێز لە هەڵوێستی ئەو دوو کەسەی سەندیکا بگیرێ، ئەوان لە رۆژی هەینی کە پشووەو هەموو خەڵک لە ماڵەوەن چوونەتە شوێنی رووداوەکەو بەدواداچوونیان کردووە، ئەوان لە زاری بەرپرسانەوە ئەو قسەیان کردووە، بەڵام سەندیکاش لەو بارەیەوە قسەی خۆی دەکات و دوا بڕیاریش بۆ ئەنجوومەنی سەندیکایە هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە دیارییبکات.

# گەرمیان هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکات

### گرووپی گەنجە سەربەخۆکان: ئەگەر تاوەکو پێش 2009/7/25 وەڵامان نەدرێتەوە، گەورەترین خۆپیشاندان دژی پەرلەمان و حکومەت ئەنجامدەدەین

**بیلال سەعید**
**رووداو- گەرمیان**

لەبەیاننامەیەکدا 41 رێکخراوی دەڤەری گەرمیان رایانگەیاند کە پەرلەمانی کوردستان داخوازی گەرمیانییەکانی فەرامۆشکردووەو، ئاوڕی پێویستی لە مەینەتی و کاولکاریەکانی گەرمیانییەکان نەداوەتەوە.کاندیدێکی گەرمیان لەسەر لیستی گۆڕان پێیوایە پەرلەمان نەک بۆ گەرمیان بەڵکو هیچی بۆ هیچ شوێنێک نەکردووە، ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەرانی گرووپی گەنجە سەربەخۆکانیش دەڵێ "ئەگەر پەرلەمان تاوەکو پێش 2009/7/25 وەڵامان نەداتەوە، خۆپیشاندان دەکەین".

لەبەیاننامەکەدا کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو) ئەوە خراوەتەڕوو کە سەرەڕای هەموو هەوڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرلەمانتارانی گەرمیان و ئیدارە و حیزبە سیاسییەکان و چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی ناوچەکە بە خستنەڕووی دەیان جاری کێشەکە لە چەندین کۆبوونەوەدا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاساییدا، بەرزکردنەوەی یاداشت و ئەنجامدانی جۆرەها فشاری مەدەنی بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان "ئەم داخوازییەی گەرمیانییەکانی تا ئێستا فەرامۆشکردووە و ئاوڕی پێویستی لەمەینەتی و کاولکارییەکانی گەرمیان نەداوەتەوە".

بە بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڤەری گەرمیان دەبێت مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ بکرێت، دوای ساڵێک لەدەرچوونی بڕیارەکە تائێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

رێکخراوەکان لە بەیاننامەکەیاندا نووسیویانە "بڕیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، لەکاتێکدا ئەم دەڤەرە رووبەرەکەی هێندەی زۆر وڵاتی کەنداوە".

ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان نزیکەی 450 هەزار کەسەو، لە 3 قەزاو 18 ناحیەو زیاتر لە 1000 گوند پێکدێت، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار، کە مەڵبەندی ئیدارەکەیە 226 هەزار کەسە.

عەدنان قوربانی، ئەندامی دامەزرێنەری گرووپی گەنجە سەربەخۆکان، بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی پینج شەممە لەگەڵ عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان کۆبووینەوە بەڵێنی داوە مەسەلەی گەرمیان چارەسەربکات، ئێستا وابڕیارە حکومەت و پەرلەمان رێکبکەون لەسەر دەرکردنی یاسایەک بۆ چارەسەرکردن ویەکلاییکردنەوەی کێشەی گەرمیان".

عەدنان قوربانی هوشداریداو گوتی "ئێستاش لەسەر قسەی خۆمانین ئەگەر تاوەکو پێش 2009/7/25 وەڵامان نەدرێتەوە، گەورەترین خۆپیشاندان دژی پەرلەمان و حکومەت ئەنجامدەدەین".



هەندێک لە هاووڵاتیان پێیانوایە پەرلەمانتارانی گەرمیانی لەئاست خەم و داواکاریی گەرمیانییەکاندا نەبوون، بەپێچەوانەوە چالاکڤانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرلەمانتارە گەرمیانییەکان دەڵێن ئەوە کەمتەرخەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان بووە.

عەدنان عوسمان، کاندیدی لیستی گۆڕان، کە خۆی خەڵکی گەرمیانە و بەهۆی کارەکەیەوە لە سلێمانی دادەنیشێ گوتی پەرلەمانی کوردستان نەک هیچی بۆ گەرمیان نەکردووە، بەڵکو بۆ کوردستان بەگشتی هیچی نەکردووە "پەرلەمانتاران بە گوتەی خۆیان نوێنەری حیزب بوون، نە وەک نوێنەری شارێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو".

عەدنان ئەوەشی بە (رووداو) گوت "پەرلەمانتار پێویستە ناسنامەی شارێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو هەڵگرێت و خەم و ئازاری ناوچەکەی خەمی خۆی بێت، نەوەک وەک پەرلەمانتارانی ئێستا کە هەموویان خەمی باشترین خزمەتگوزاری و مووچەیان هەیە".

بەڵام بەپێچەوانەوە، بێستون ژاڵەیی، چالاکڤانی کۆمەڵگەیمەدەنیلەگەرمیان پێیوایە پەرلەمانتارانی گەرمیان کاریان کردووە و دوو جار پرۆژەیان داوەتە پەرلەمان، بەڵام پەرلەمان ئامادە نەبووە بیخاتە کارنامەی خۆیەوە. بێستون لە درێژەی لێدوانەکەی خۆیدا بۆ (رووداو) گوتی "ئێستاش درەنگ نییە کە پەرلەمان یاسای تایبەت بە گەرمیان دەربکات، چونکە هێشتا کات لەبەر دەستی پەرلەمان ماوە، ئەو بیانووەش جێگەی قبوڵ نییە کە دەبێتە رێگری لە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140 یان دەبێتە کێشە لەبەغدا، بەڵکو بەغدا خۆی رۆژانە کێشە لەبەردەم مادەی 140 دروست دەکات"، هەروەها گوتیشی "کەس ناتوانێ کوردایەتی بەسەر خەڵکی گەرمیانەوە بکات، چونکە گەرمیان پێش خەڵک و شاری دیکە چەند خۆپیشاندانی کرد بەمەبەستی گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان".

حاتەم حەمە جان، پەرلەمانتاری گەرمیانی لە فراکسیۆنی زەردی پارتی پێیوایە مەسەلەی دەرنەکردنی یاسای تایبەت بە گەرمیان زیاتر لەبەر مەسەلەی مادەی 140 بووە، ئەگینا لەکەمتەرخەمی پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان نەبووە، لەبارەی پەراوێزخستنی گەرمیانیش گوتی "ئەو دەسەڵاتە بەرپرسیارە لەخزمەت نەکردنی گەرمیان کە ئەو ناوچەی بەڕێوەبردووە، چونکە هێشتا وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتووەتەوە".

لەبەشێکی بەیاننامەی رێکخراوەکانی گەرمیاندا هاتووە "رێژەی کاولکاری لەگەرمیان لەسەردەمی رژێمی پێشوودا 100% بووەو، گەرمیان سەر زەمینی سووتێنراوی ئەنفال و راگواستن و وێرانکردنە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاوەدانکردنەوەی گەرمیان و بەتایبەت گوندەکانی دا تەواو کەمتەرخەم بووەو مەترێک قیری تازە بۆ رێگاوبانی گوندەکان و رێگاکانی دیکەی گەرمیان نەکراوە".

رێکخراوەکان هەروەها دەڵێن "مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، ئەنجامەکانی هەر کاردانەوەیەکی توندی گەرمیانیش لەبەرامبەر ئەم پەراوێزخستنەدا کەس ناتوانێت لەئەستوی بگرێت".

## راپۆرت



### فۆرمی خۆپاڵاوتنم وەرگرت بەڵام پڕم نەکردووە


ڕووداو-سلێمانی


محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "فۆرمی خۆپاڵاوتنم بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتبوو، بەڵام پڕم نەکردووە، وەکو لیستی چاکسازی خزمەتگوزاری ڕاوێژمان بەیەکترکرد و بڕیارماندا پاڵێوراومان نەبێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، زیاتر تەرکیزمان لەسەر دەنگ کۆکردنەوەبێت بۆ دەستوور و لیستەکەمان". هەروەها گوتیشی تائێستا بڕیاریان نەداوە دەنگ بدەنە کام پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "بەڵام ئەوە باسکراوە کە پشتیوانی لەکەسێک بکەین بتوانێت خزمەتی میللەتەکەمان بکات و بە یەک چاو سەیری هەموو لایەنەکان بکات".



**لیستی تورکمانی هەولێر، لەململانێدایە بۆ بەدەستهێنانی 5 کورسی کۆتای تورکمانەکان و، ئەحمەد چەلەبی کە یەکێکە لە پێکهێنەرانی لیستەکە، برای سینان چەلەبی دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی بەرەی تورکمانییە. ئەو ڕەخنە لەوە دەگرێت کە سیستمی کۆتا ڕوون نەکراوەتەوە:**

**هەڤپەیڤین: عەلی حەمە ساڵح**

## مەحمود چەلەبی، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر:

# حوکمی زاتیمان بۆچییە ئەگەر جێگری سەرۆک وەزیران بۆ ئێمە بێت

**ڕووداو: جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە چییە لەوانی پێشووتر بۆ ئێوە؟**

**مەحمود چەلەبی:** لە کوردستان هیچ هەڵبژاردنێکمان نەبینیوە، لە هەڵبژاردنی پێشووتردا هیچ لیستێکی تورکمانی نەبوو، بەڵکو چوار تورکمان لە پەرلەمان بوون، دووانیان لەنێو لیستی یەکێتی و دووانیانی دیکەش لەنێو لیستی پارتی بوون. هیوادارین ئەم هەڵبژاردنەدا هەڵبژاردنێکی باش بێت، جاری پێشوو هەندێک کەموکورتیمان هەبوو و ئەم جارە نەبێت.

**ڕووداو: ئەو کەموکوڕیانە چبوون؟**

**مەحمود چەلەبی:** من لەقوتابخانەیەک دەنگمدا، بەڵام لە دواییدا لەو قوتابخانەیە هیچ دەنگێک بەناوی تورکمان دەرنەچوو. هەر ئەزموونێک بۆ مرۆڤ وانەیەکی نوێیە و ئەمجارە لەجاری پێشووتر باشتر دەبێت.

**ڕووداو: ئەمجارە چەند لیستی تورکمانی لەسەر پێنج کورسییەکە لەکێبرکێدان؟**

**مەحمود چەلەبی:** چوار لیست بوون، بەڵام لیستێک کشایەوە.

**ڕووداو: هیچ کام لەو لیستانە پەیوەندی بە پارتی و یەکێتییەوە هەیە؟**

**مەحمود چەلەبی:** خۆمان لەگەڵ هیچ لایەکدا نین و هەموو لایەک ڕێزمان لێدەگرن. لیستی ئێمە لیستێکی تایبەتی شاری هەولێرەو بۆ خزمەتی هەولێرە. خزمەتەکانی ئێمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ، ئەحمەد چەلەبی باپیری من، 80 ساڵ پێش ئێستا بۆ یەکەمجار کارەبای بۆ شاری هەولێر ڕاکێشا، حکومەتی عێراقی ئەوکات کارەبای نەبوو ئێمە ڕامانکێشا، یەکەمجار کارگەی ئاردی سپی و سەهۆڵ ئێمە هێنامانە هەولێر، فرنی ئۆتۆماتیکی ئێمە هێنامان، بەڵام من نازانم لیستەکانی دیکە سەر بەکێن، بەڵام پێموانییە پشتگیری هیچ لیستێک بکەن و ئێمەش هیچ لایەنێک لەپشتمان نییە.

**ڕووداو: ترستان لەوەنییە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پشتگیری لیستێک بکەن؟**

**مەحمود چەلەبی:** ترسمان لەکەس نییە، دەزانین هەردوو حیزبە گەورەکە ئیمانێکی تەواویان بەدیموکراسی هەیە، لەبەر بەرژەوەندی ئەوانیشە لیستی تورکمانەکان سەربەخۆبێ و خۆیان بڕیاربدەن. ئەمڕۆ حیزبی داد وگەشەپێدان لە تورکیا 80 پەرلەمانتاری کوردی هەیە، ئەوانە هەموویان بۆ خزمەتی تورکیا و خزمەتی وڵات و جوگرافیای خۆیان کاردەکەن، لیستی ئێمەش ئەگەر چەند بەهێزبێت پێویستە ئەو دوو حیزبە گەورە دەستی تێوەر نەدەن، ئەگەر چەند کورسیشمان هەبێت بۆ خزمەتی ئەو مەملەکەتەیە، هیچ کاتێکیش نیازێکمان نییە شتێکی دیکە بکەین. لێرە مافی تەواومان هەبێت، چاومان لەهیچ شتێکی دیکە نییە.

**ڕووداو:سیستەمی کۆتا کە دانراوە تاوەکو چەند لە خزمەتی تورکماندایە؟**

**مەحمود چەلەبی:** نەک من کەس نازانێت ئەو کۆتایە چییەو چۆن پشکەکان دیاری دەکرێن، ئایا کورسییەکان بەپێی ڕێژەی دەنگەکانە یان ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە هەموو کورسییەکان بۆ ئەوە. لە کێ دەپرسین وەڵام نییە. ئەمڕۆ کۆتاییەک دانراوە بەپێی قسەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆک کۆمار ئەگەر ئێمە نەتەوەی دووەم بین لە کوردستان، کۆتا بۆ ئێمە چییە؟ ئەگەر نەتەوەی دووەمبین بۆ 5 کورسیمان هەبێت.

**ڕووداو: واتە پێتوایە ئەو کۆتایە بۆ تورکمان نەبێت یان زیادبکرێت؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئەو پێنج کورسییە زۆر کەمە، بۆ ئێمەیان بانگ نەکرد بزانین بەو پێنج کورسییە ڕازین یان نا.

**ڕووداو: بەڵام نوێنەرانی تورکمان لەپەرلەمان ئاداری گفتوگۆی یاساکە بوون؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئەوانە نوێنەری تورکمان نین. ئەوان تورکمانن، بەڵام لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە هەڵبژێردراون، بۆیە ناتوانم گلەیی لەوان بکەم و بڵێم بۆ واتان نەکرد. ڕاستە هەموویان خەڵکی بەڕێزن، بەڵام پێموانییە دەسەڵاتیان هەبێت قسە بکەن، چونکە ئێمە هەڵبژاردنمان نەکردووە.

**ڕووداو: تورکمانەکان تاچەند پەرۆشن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن؟**

**مەحمود چەلەبی:** هیچ شتێک لەم وڵاتەدا ڕوون نییە، تازە ئێمە فێری دیموکراتی دەبین، پێشووتر کەسێک ئەو مافەی نەبوو بە ویستی خۆی دەنگبدات.

**ڕووداو: بانگەوازی بەرەی تورکمانی بۆ بەشدارینەکردن لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هیچ کاریگەرییەکی دەبێت بەسەر دەنگدەرانی تورکمانەوە؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئەو بانگەوازەم گوێ لێنەبووە، ئەوەی گوێم لێبووە هەموو لایەنێک پشتگیری هەڵبژاردن دەکەن.

**ڕووداو: دەگوترێت ئیحسان دۆغرەمەچی پشتگیری لیستەکەی ئێوە دەکات؟**

**مەحمود چەلەبی:** دۆغرەمەچی خەڵکی قەڵای هەولێرە، ئەو پیاوە شەو ڕۆژ فکری بۆ هەولێرە،هەرکەسێک ئیشی باش بکات ئەو یارمەتی دەدات، بڕوانە چ زانکۆیەکی گەورەی لەسەر ڕێگەی موسڵ کردووە، زۆر شتی جوانتر دەکات ئەگەر خوا تەمەنی بدات. ئەگەر یارمەتی ئێمەش بدات شتێکی ئاساییەو زۆربەی سەرمایەدارەکانی هەولێر هاوکاری لیستەکەی ئێمە دەکەن، بەڵام خۆمان ئەو توانا داراییەمان هەیە کە لە کەسی وەرنەگرین.

**ڕووداو: بەرنامەی ئێوە چییەو دەتانەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە چ بۆ تورکمان بکەن؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئێمە 5 کەسین لە پەرلەمان چیمان پێدەکرێت نازانین. ژمارەی کورسییەکانمان زۆر کەمەو لێرەدا ناحەقییەک هەیە. بۆ ئێمە جیاوازی لەنێوان کورد و تورکماندا نییە، خەڵکی ئەم مەملەکەتەین و دەمانەوێت خزمەت بەو شارە بکەین، ڕاستە ئێمە دوو نەتەوەین، بەڵام یەک خێزانین، هەزار ساڵ زیاترە پێکەوەین و پێکەوەش دەبین و ئێمە خزمەتی هەردوو نەتەوە دەکەین.

**ڕووداو: هیچ ئامانجێکی سیاسی لەکارنامەکەتاندا هەیە بۆنمونە حوکمی زاتی بۆ تورکمان، وەک ئەوەی لیستێکی ئاشووری داوای دەکات؟**

**مەحمود چەلەبی:** حوکمی زاتیمان بۆ چییە، تۆ بەحورپیەتی خۆت کاربکەی لەناو ئەو مەملەکەتە خوێندن بەزمانی خۆم بێت و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هی خۆم بێت و 15 پەرلەمانتار هی خۆم بێت و 5 وەزیر هی خۆم بێت و لەشەقامەکان لەتەنیشت کوردی بە تورکمانی نووسرابێت، حوکمی زاتیم بۆ چییە. بەپێی ڕێککەوتنی هەموو سەرکردەکان حەزدەکەین مافەکانیشمان وەک نەتەوەی دووەم بێت و بتوانم لەسەر دووکانی خۆم بەزمانی خۆم بنووسم و لەسەر شەقامەکان زمانی خۆم ببینم. 13 قوتابخانەمان هەیە، بەڵام هیچ کۆلێژێکمان نییە، مامۆستاییەک بەزمانی تورکمانی لێی دەربچێت، ئەوەی بیرکاری و جوگرافیمان پێدەدات بەزمانی تورکمانی نییە. حوکمی زاتی بۆ چییە، ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێبکرێن.

**ڕووداو: پێتوایە پەرلەمانتارە تورکمانەکان وەک پێویست کاریان بۆ تورکمانەکان کردبێت؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئەوانە نوێنەری تورکمان نین، تورکمان ئەوانی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو یەکێتی و پارتی ئەوانیان هەڵبژاردوون، ئەگەر کارێکی باشیان هەبێت بۆ پارتی و یەکێتییە، ئەگەر ئیشێکی خراپیشیان هەبێت هەر بۆ پارتی و یەکێتییە.

**ڕووداو: ژمارەی دەنگدەرانی تورکمان لەهەولێر چەندە؟**

**مەحمود چەلەبی:** لەهەموو عێراق تاوەکو ئێستا سەرژمێرییەک کراوە نەتەوەکان چەندن؟ نەخێر نەکراوە، ساڵی 1920 تەنیا قەڵای هەولێر 6 هەزار پیاوبووە و ناوی ژنەکان و منداڵەکانیشیان نەنووسیوە، 6 هەزار ژن و کچیش هەبووە ئەوە 12 هەزار، ئەگەر هەر پازدە ساڵ جارێک ببێتە دوو ئەوەندە، ئێستا بزانە چەندە.

**ڕووداو: دەنگدەرانی تورکمان تەنیا لەهەولێرن؟**

**مەحمود چەلەبی:** بەزۆری لەهەولێرن، لەکفریش هەیە، لەشوێنەکانی دیکە ئەگەر هەشبێت کەمە.

**ڕووداو: بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لیستەکەتان پشتیوانی کام پاڵێوراو دەکات؟**

**مەحمود چەلەبی:** بڕیارێکی وا وەرنەگیراوە بدرێتە کێ.

**ڕووداو: لەناو سێ لیستەکەی تورکمانیدا کێ چانسی بردنەوەی زیاترە؟**

**مەحمود چەلەبی:** هیوا خوازم هەمووی هی ئێمە بێت، بەڵام ئەوە با بەجێبێڵین بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. ئەگەر بڵێن کام لیست زۆرتری هێنا هەر پێنجی لەو دەبێت چانسێکی گەورەمان دەبێت، بەڵام ئەگەر دابەشکرا چۆن دابەشکرا ئەوەش دیار نییە، لە کۆمسیۆنیشمان پرسیوە بۆ دابەشکردنی دەنگەکان لەو کۆتایەدا وەڵامیان نییەو کەس نازانێت چۆنە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ تورکیا چۆنە؟**

**مەحمود چەلەبی:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تورکیا هێندەی پەیوەندی کوردی عێراقە لەگەڵ کوردی تورکیادا.

**ڕووداو: واتە هاوکاریتان ناکەن؟**

**مەحمود چەلەبی:** پەیوەندییەکی نەتەوەییمان هەیە، ئەوان تورکن و ئێمەش تورکمانین و، لەیەک ڕەسەنین.

## ئەو چوار تورکمانەی لە پەرلەمانن نوێنەری تورکمان نین

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ بەرەی تورکمانی چۆنە؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئێمە بەرەی تورکمانیمان لەعێراق دانا، لەدواییدا خۆمان لێی دەرچووین، پێمخۆشە پەیوەندییەکان باش بن، زۆریشمان پێخۆشبوو ماوەیەک پێش ئێستا نزیکبوونەوە هەبوو.

**ڕووداو:بۆچی بەرەی تورکمانیتان بەجێهێشت؟**

**مەحمود چەلەبی:** ئەگەر شتێک بە ئارەزووی تۆ نەبوو لێی دەربچی باشترە. کە سینان چەلەبی سەرۆکی بەرەی تورکمانی بوو، بەرەی تورکمانی پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ پارتی و یەکێتی و هەموو لایەک هەبوو، کاک مەسعود و مام جەلال چەند جارێک سەردانی کاک سینانیان کرد. بەڵام دوای ئەوە هەندێک شت ڕوویدا پێویست ناکات لێرە باس بکرێت.

**ڕووداو:بەرەی تورکمانی هاوکاری هیچ لیستێک دەکات؟**

**مەحمود چەلەبی:**نازانم شتێکی مادی نەبووە نە بۆ ئێمە و نە بۆ لیستێکی دیکە.

**ڕووداو: ئەگەر یەکێتی و پارتی پشتگیری هەر لیستێک بکەن، ئەو لیستە دەردەچێت؟**

**مەحمود چەلەبی:** بەڵێ ئەوان لیستێکی گەورەن و ڕێکخستنیشیان گەورەیە ئەگەر ئارەزوو بکەن دەتوانن، بەڵام باوەڕناکەم شتی وابکەن، بەڵێنیشیان داوە پشتگیری هیچ لایەنێک نەکەن.



## شێخ جەعفەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# پێشمەرگە ناچێتە ناو شارەکانەوە


ئازیز مەحمود
ڕووداو-سلێمانی


لەگەڵ توندبوونی ململانێکانی هەڵبژاردن لەسلێمانی و دروستبوونی بەر یەککەوتن لەنێوان لایەنگرانی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی دا،خەڵک گلەیی لەمەترسیداری ڕەوشەکە دەکات و ئاسایش دەڵێ لەمەودوا لێپێچینەوە دەکەن. بەڵام وەزیری پێشمەرگە ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە مام جەلال داوای یارمەتی لە مەسعود بارزانی کردبێت تاوەکو بۆ سلێمانی بنێرێت و گوتی "یەکێتی ئێستا 100هەزار پێشمەرگەی هەیەو پێویستیمان بەهێز نییە پارتی بۆمان بنێرێت".

تەنیا 10 ڕۆژ بەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە،ململانێی نێوان لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی، لەشەڕە پەڕۆوە گەیشتە شەڕە چەقۆو پاشان تەقاندنی فیشەکی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆر لە خەڵک و چاودێران پێیانوایە ئەگەرململانێکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن ئەگەری ئەوە هەیە توند وتیژی لە سلێمانی ڕوویدات، ئەگەری ئەوەش دەکرێت لەکاتی کتوپڕدا بۆ ڕاگرتنی ئارامی نێو سلێمانی هێزی پێشمەرگە بهێنرێتە نێو شار.

جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە بەرنامەیەکیان هەبێت بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بهێننە ناو شارەوە "پێشمەرگە هیچ پەیوەندییەکی بەناو شارەوە نییەو شاریش هیچ پێویستییەکی بەپێشمەرگە نییە و هیچ مەترسییەکی واش نییە کە پێویست بەوە بکات پێشمەرگە بهێنینە ناو شار".

وەزیری پێشمەرگە ئاماژە بەوەشدەکات کە بە هەزاران پۆلیس و ئاسایشی مەشقپێکراو ئێستا لەنێو شارەکاندان و ئەرکی خۆیان بەباشی جێبەجێدەکەن "مەترسی واگەورەش نییە تاوەکو هێزی پێشمەرگە ببەینە نێو شارەکان، ئەگەر چوار منداڵ کێشەیەک دروستبکەن ئەوە کاری پۆلیسە چارەسەری بکات، ئەوانەی کە ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن بەدوای گێرەشێوێنییەوەن".

شێخ جەعفەر، وەزیری پێشمەرگەی کوردستان، ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە تاڵەبانی داوای هێزی لە بارزانی کردبێت بۆ پاراستنی ئارامی ناوشاری سلێمانی و گوتی "هیچ کێشەو گرفتێک نییە لە سلێمانیدا تاوەکو پێویست بەبەکارهێنانی هێز هەبێت و بەهیچ شێوەیەکیش بیر لەوە ناکەینەوە بەرامبەر بە جەماوەر و خەڵکی خۆمان و لیستی ئۆپۆزسیۆن هێز بەکاربێنین و بڕواشمان نییە کە شتێکی وا ڕووبدات پێویست بەهێز هەبێت و ئەو لایەنانەی کە بەرامبەرمانن هێز و توانای ئەوەیان نییە کە هێز بەکاربێنن".

شێخ جەعفەر، کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە دەڵێت "یەکێتی ئەوەندە بێ هێز نییە داوای هێز لە پارتی بکات، ئەو هەواڵانە ڕاست نین کە باس لەوە دەکەن پێشمەرگەو پۆلیس لەهەولێرەوە بچێتە سلێمانی، هەر ئێستا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 100 هەزار پێشمەرگەی هەیە، پارتیش زیاتر لە 100 هەزار پێشمەرگەی هەیە، بۆیە پێویستیمان بەهێز نییە پارتی بۆمان بینێرێت". مەترسی و ئەگەری هێنانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو سلێمانی لەو توند وتیژییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەنێوان لایەنگرانی لیستی گۆڕان و کوردستانیدا ڕوودەدات. هەردوو شەقامی توی مەلیک و سەهۆڵەکەی سلێمانی، تا درەنگانی شەو دەبنە شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنگران و هەوادارانی لیستی کوردستانی و گۆڕان.

عەمید لوقمان عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"شەوانە هێزەکانمان لە هەوڵی چاودێریکردنی بارودۆخی شەقامەکەدان بۆ ڕێگە گرتن لە ئەگەری هەر پێکدادانێکی ئەو لایەنگرانە".

توندبوونی ململانێکان بەشێوەیەکە مەترسی لای هاووڵاتیانی شارەکە و چاودێرانی سیاسی دروستکردووە، بە جۆرێک ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت دوورنییە لە کۆنترۆل دەربچێت.

عەمید لوقمان، پێیوانییە ئەو کەسانەی کە ئاژاوە دەنێنەوە سەر بەلیستی گۆڕان و کوردستانی بن "ئەو کەسانەی ئاژاوە دەنێنەوە، کۆمەڵە کەسانێکی گێرەشێوێنن تەنها بۆ تێکدانی بارودۆخەکە تێکەڵ بەوان بوون بەمەبەستی نا ئارامکردنی شارەکە".

هاووڵاتیانی سلێمانی جیاواز لە بەرپرسانی ئەمنی، بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنن و ترسیان لە کەوتنەوەو پێکدادانی توند هەیە. کەریم محەممەد، شۆفێری تەکسییە نیگەرانە لەوەی جارێکی تر کورد ململانێ تێکەوتووەتەوە "بەڕاستی ئەو لیستانە و لایەنگرانیان بەو هەڵسوکەتانە وێنەی کورد ناشیرین دەکەن، پێویستە هێزە ئەمنییەکان هەنگاوی زۆر وردتر بنێن لەوەی ئێستا، چونکە بارودۆخەکە بەرەو مەترسی دەڕوات".

توندوتیژییەکان لەنێو سلێمانیدا، لەحاڵەتەوە بەرەو دیاردە دەچن لەو ماوەیەدا، شایەتحاڵێک لەگەڕەکی توی مەلیکی سلێمانی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند"لە کۆڵانەکەماندا تێزاب کراوە بە سەیارەی هاووڵاتییەکدا بەهۆی ئەوەی وێنەی تاڵەبانی بە ئۆتۆمبیلەکەی هەڵواسیوە".

ئەو شایەتحاڵە باسی لە ئوتومبێلەکەی خۆی کرد کە وێنەیەکی تاڵەبانی و بارزانی و ئاڵای لیستی کوردستانی پێوە کردووە "دوای ئەوەی شەو لە بەردەرگایماڵەوە ئوتومبێلەکەم ڕاگرت هێرش کرایە سەری وێنەکانیان لێیان کردوونەتەوەو دڕاندوویانن".

هاووڵاتیایەکی دیکە لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دوو ئۆتۆمبێلی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی لە یەکیان دا وەو شەڕ لە نێوانیاندا دروستبووە"، هەر ئەو شایەتحاڵە گوتیشی "دوو برا یەکێکیان سەر بە لیستی گۆڕان بووەو ئەوی دیکە لیستی کوردستانی بووە بووەتە شەڕیان و پۆلیس هاتووەو کۆتایی بەشەڕەکە هێناوە".

عەمید لوقمان، نەیشاردەوە کە مەترسی توندبوونی گرژییەکان هەیە "ئەو گرژییە مەترسی توند بوونەوەی زیاتری لێ دەکرێت، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنیشی پلانی توندترمان بۆ ڕۆژانی داهاتوو دەبێت".

# سلێمانی بەدەست لیستەکانەوە هەراسان بووە

## "ئەو مۆمە داگیرسێنە، ئەو ئەسپە بسووتێنە"


نەبەز محەممەد
ڕووداو-سلێمانی


ئەو دروشمانەی لەسەر جادە لەلایەن گەنجانی لایەنگرانی لیستەکانەوە دەگوترێنەوە، ئەو دروشمانە نین کە لیستەکان بۆخۆیان دیاریانکردوون و شەڕە پەڕۆ بەشێوەیەک گڕیان لەگەنجانی سلێمانی بەرداوە، کە لەلای خۆیانەوە دروشمی ئاگراوی دادەنێن و لە شەقامەکان دەیڵێنەوەو خەڵکی سلێمانیش دەڵێن هەراسان بوون بەدەست هاتوهاواری لایەنگرانی لیستەکانەوە.

یەکێک لە بانگەشەکانی هەوادارانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردن ئەوەیە کە دەڵێن "ئەو مۆمە داگیرسێنەو ئەو ئەسپە بسووتێنە". لەبەرامبەر ئەوانیشدا، هەوادارانی لیستی کوردستانی بەقافڵەی ئۆتۆمبیلی داپۆشراو بەپۆستەرو دروشمەکانی ئەو لیستە وەک ئەوان دروشمی توند دەڵێنەوە و شەوانەش ئاسایش هاتووچۆ لە شەقامی سالم و سەهۆڵەکە قەدەخە دەکات، بۆ ڕێگرتن لە پێک هەڵپڕژانی لایەنگرانی لیستەکان، کە سەرەڕای ئەوەش هەندێک لە کۆنترۆڵ دەردەچن.

کاروان عەلی، 28 ساڵ، پێیوایە بانگەشەکردن مافێکی بنەڕەتی هەموو لیست و قەوارەیەکی سیاسییە کە دەیەوێت لەڕێگەی هەڵبژاردن و ململانێی دیموکراسییەوە دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئەوەی لە شاری سلێمانی بەدی دەکرێت زۆر لە بانگەشەی هەڵبژاردن تێپەڕیکردووە "چونکە دروستکردنی ئەو ژاوە ژاوە لەگەڵ نەریتەکانی دیموکراسی پێچەوانە دەبێتەوەو، سەر دەکێشێت بۆ پێشێلکردنی یاسا". کاروان لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی ئەو شارە لە دروشم کێشان و فەوزای شەڕە پەڕۆ و لیستەکان بێزار بوون و نازانن دەردی دڵی خۆیان بۆ کێ هەڵبڕێژن. "تەنانەت هەتا درەنگانێکی شەویش کەخەڵک نوستووە، هوتاف کێشان و هاوار هاوار و فیکوهوڕ بەردەوامەو خەڵک بێزار دەکەن". ئەو گەنجە گوتیشی "ئەگەر ئەم هەڵسوکەوتە بەردەوام بێت لە شاری سلێمانی کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەبێت".

هەروەک زۆر لە هاووڵاتیانیش دەڵێن زۆر لەو گەنجانەی ئەو هاتوهاوارەیان لەو شارەدا دروستکردووە، لە خوار تەمەنی 18ساڵیەوەن، واتە مافی دەنگدانیشیان نییە. زۆربەی هاووڵاتیانی سلێمانی نیگەرانن لەو هەرایەی کە شەقامەکانی سلێمانی تەنیوەو ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆرجار ئەو هەرایە دەبێتە هۆی پەکخستنی هاتووچۆ لە شەقامەکاندا، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی یاسای هاتوچۆیە، کەواتە ئەوەش گەندەڵییە.

سازگار نوری تەمەن 23 ساڵ، دەڵێت "ئەوەی ئێستا بەتایبەت شەوانە لە سلێمانی دەبینرێت، پێشێلکردنی یاساکانەو بەتایبەت یاسای هاتووچۆ کە مێرد منداڵان دێنە سەرشەقامەکان و یاساکان پێشێل دەکەن و ڕێگەی کار ڕاپەڕاندنی هاووڵاتیان دەگرن، کە لەبنەڕەتدا سروشتێکی توندوتیژی هەیەو بەهەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان زۆرجار شەڕی لێدەکەوێتەوە". سازگار پرسیار دەکات و دەڵێ "تۆ بڵێی بەو شێوازی کارکردنەی ئەو لیست و لایەنانە دەیانەوێ چ بەخەڵک بڵێن؟ یان بیانەوێت کام ئەزموونی وڵاتی دیموکراسی دووبارە بکەنەوە؟".

گەنجێک کە پێدەچێت لەخوار تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بێت، سەری لەئۆتۆمبیلێکەوە دەرهێناوەو بەتووندی ئاڵای لیستی گۆڕان ڕادەوەشێنێت. ئەو گەنجە هاوار دەکات "بابگۆڕێت". قافڵەی ئۆتۆمبێلەکانیان هاتووچۆ لەو ڕێگەیەدا دەوەستێنن و گەنجەکە توندتر هاوار دەکات "ئیتر دەبێ بگۆڕێ، نەگۆڕێ دەدۆڕێ". پەیتا پەیتا دەنگی هۆڕنی ئەو ئۆتۆمبیلانەش بەرز دەبێتەوە، کە دەیانەوێ زووتر بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان.

هێرش، کە تەواو بەدەست هەڵسوکەوتی لایەنگرانی لیستەکانەوە بێزارە دەڵێت "ئەگەر چارەسەری ئەو هەڵسوکەوتانە نەکرێت، چیتر لە تەحەمولی هاووڵاتیاندا نەماوە و پێیاندا دەتەقنەوە". هێرش دەڵێ لە ساڵانی ڕابردووشدا هەڵبژاردن کراوە، بەڵام قەت بەو شێوەیەی ئەمساڵ نەبووە، ئەو دانیشتووەی شاری سلێمانی دەپرسێت " ئاخۆ ئەو لایەنانە دەبێت بەوشێوازە لایەنگر پەیدابکات، یان ئەمە هەڵسوکەوتی ئەندامان و لایەنگرانت بێت دەبێ دوای هەڵبژاردن چی بکەی، کەی ڕەوای حەقە لە شەودا ژمارەیەک لەلایەنگرانی گۆڕان بێنە سەرشەقام و بەدەم هوتافی ئەو مۆمە دابگیرسێنە، ئەو ئەسپە بسووتێنە خەڵکی هەراسان بکەن".

حاکم قادر حەمە جان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی سلێمانی لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ژمارەیەکی زۆر گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان و گەڕەکەکان هاتوونەتە ئاسایش و سکاڵایان لەدژی هەندێ لەو کەسانە تۆمارکردووە کە بێزاریان کردوون و هەندێک لە شۆفێری پاسەکانیش بەهەمان شێوە سکاڵایان هێناوە بۆ لامان، لەبەرئەوە ئیتر ناچارین لێپێچینەوە بکەین". گوتیشی "تائێستا کەس دەستگیر نەکراوە بەو هۆیەوەو هیچ ئیجرائاتێکیش نەکراوە، بەڵام ئیتر ناچارین کە ئیجرائات بکەین".

حاکم قادر ڕاشیگەیاند کە داوایان لە پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی کردووە لێپرسینەوەی یاسایی خۆیان بکەن "بۆ ڕێگە گرتن لە فەوزای سەر شەقامەکان".








## قوباد تاڵەبانی: هێشتا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا زوو بوو

ڕووداو- AFP

قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەواشنتن، ترسی خۆی لەوە دەربڕی کە هێزەکانی ئەمریکا زووتر لەو وادەیەی بۆ کشانەوە پێویستە بڕیاری کشانەوە بدەن. قوباد تاڵەبانی لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەشارەکانی عێراق، ڕەخنەی لەو بڕیارە گرت و گوتیشی "هەندێ لەبەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا ئیدی بەلایانەوە گرنگ نییە عێراق بەرەورووی چ چارەنووسێک دەبێتەوە".



ڕێبوار کەریم وەلی

# خۆشباوەڕی مەترسیدارە

لەوەتەی هەڵمەتی پڕوپاگەندە لە کوردستان دەستی پێکردووە، ئەوەی بەدیدەکرێت، هەولێر خاڵییە لە کەشوهەوای مونافەسەی لیستەکان و لیستی کوردستانی زۆر بە خەستی کۆنترۆڵی هەولێری کردووە، لە دهۆکیش کە حاکمیەتی موتڵەقی پارتی پێوە دیارە، تەنها چوار حیزبەکەن کە سەرەقوتە دەکەن، بەڵام ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان زۆر بەخەستی بوونەتە مەیدانی ڕکابەریی نێوان لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی، واتە هەراو هۆسە و شەڕە پەڕۆ زیاتر لەو ناوچانە هەیە کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن. کاتی خۆشی کە یەکێتی و پارتی مونافەسەیان هەبوو لە هەڵبژاردنی 1992 ئەوێ هەر گەرمبوو.

ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە کە هەمووان چاوەڕێی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد دەکەن، هەرچەندە هیچ هەڵبژاردنێک نییە لە دنیادا کرابێت و 100% بێ فرت و فێڵ یان پێشێلکاری بێت، بەڵام زەنگی مەترسی لە ئێستاوەڕا دەبیسترێت و بە تایبەتیش هەندێک نمونەی بەرچاو هەیە کە وادەکات لە ئێستاوەڕا بکەوینە ئەو ترسەی کە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان چ ڕوودەدات؟

بە پشت بەستن بەوەی کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆر ڕێکاری گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک بکرێت، چاوەڕێ دەکرێت، ئەگەر چاودێرانی سەر سندوقەکان وریایانە مامەڵە بکەن، ئاستی پێشێلکاری زۆر زۆر کەمبێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لایەنەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە ئێستاوە وا نەکەن کە لایەنگرانیان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان پێ قەبووڵ نەکرێت.

نمونەی ئەوە لە لێدوانی جیاجیادا بەدیدەکرێت کە یەکێک لەوانە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)یە لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ وەزیری پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز محەممەد تۆفیق ڕەحیم کە ئێستا لەسەر لیستی گۆڕانە. من کارم بە بیروڕاکانی بەڕێزیان نییە، بەقەدەر ئەوەی کە هەندێک جار بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی ئەگەرچی لەکاتی هەڵمەتی پڕوپاگەندە ڕەوایە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا کە تاکەکانی وشیار نەبن، دەبێتە هۆی کارەسات.

پرسیارێک لە بەڕێز محەممەد تۆفیق ڕەحیم کراوە کە: بۆ دوای هەڵبژاردن بەرنامەتان چییە، ئایا بەشداریی حکومەت دەکەن؟ بەڕێزی ئاوا وەڵامی داوەتەوە:"لەوانەیە خۆمان حکومەت دروست بکەین."!

ئەوەندەی من ئاگاداربم گۆڕانێک لە سیاسەتی (گۆڕان) ڕوویداوە، پێشتر سەرۆکی لیستی گۆڕان لە چەندین بۆنەدا ڕایگەیاند کە خوازیاری وەرگرتنی حوکمی کوردستان نین، بەقەدەر ئەوەی دەیانەوێ ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک لە کوردستان دروست بکەن، کە لە ڕاستیدا ئەمڕۆی کوردستان پێویستیی بەم ئۆپۆزسیۆنە چالاکە هەیە. بەڵام خودی سەرکردەکانی گۆڕانیش دەزانن کە لەوانە نییە بتوانن 20%ی کورسییەکانی پەرلەمانیش ببەنەوە، کەواتە ئەمجۆرە خۆشباوەڕییە بۆ لایەنگرانێک کە هەموویان گەنج و خوێنگەرمن، وادەکات کە ئەگەر لە داهاتوودا گۆڕان بە حەجمی ڕاستەقینەی خۆی کە مەزەندەی خۆشیان پێشتر هەرئەوەندە بووە کە پێدەچێ لە نێوان 15% تا 20%ی کورسییەکانی پەرلەمان بێت، زیاتری نەهێنا، لایەنگرانی ئەوەیان پێ قەبوڵ نەکرێت. ئەوکاتە ئیتر کەس نازانێ چی ڕوودەدات. ئەگەر مەبەست ئەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا ئۆپۆزسیۆنێک هەبێت بتوانێ چاودێرێکی چاوکراوە بێت بەسەر دەسەڵات و حکومەتدا، ئەوا پێویستە سەرانی ئۆپۆزسیۆن زۆر وشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بکەن. بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی، سەرئەنجامەکەی نائومێدییە کە لەسەر حیسابی خەڵک تەواو دەبێت.

### لیستەکان دەڵێن کاریگەرترین ڕێکلام بە تەلەڤزیۆن دەکرێ

# خەڵک دەڵێ تەلەڤزیۆن و چالاکییەکانی سەر شەقام کارمان لێدەکات




**ڕووداو-هەولێر**

لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن تەلەڤزیۆن بە گرنگترین ئامرازی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دادەنێن و بەشێک لە لیستەکان بەهۆی ئەوەی کەناڵی ڕاگەیاندنیان نییە، بە کۆمەڵ پۆستەر هەڵدەواسن و نامیلکەی تایبەت بە کارنامەی لیستەکەیان بڵاودەکەنەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن، لیستەکان ئەوپەڕی توانای خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ خۆناساندن بە خەڵک و چەندین شێوازی جیا جیا بەکاردەهێنن بۆ ریکلامکردن.

چوار لیستە هاوپەیمانەکە و لیستی گۆڕان زۆرترین چانسی ڕێکلامیان هەیە، بەهۆی ئەو هەموو کەناڵە ڕاگەیاندنەی هەیانە. لەو نێوەشدا لیستی چوار حیزبەکە (یەککگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست و ئایندە-قادر عەزیز) پانتاییەکی گەورەی ڕێکلامیان لەنێو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن داگیر کردووە. چونکە بە هەر هەموویان خاوەنی 54 کەناڵی ڕاگەیاندنن (3 کەناڵی تەلەڤزیۆنی سەتەلایت،20 تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی، 20 ڕادیۆ، 6 هەفتەنامە، پاشکۆیەکی تایبەت بە هەڵبژاردن و 4 ماڵپەڕی ئینتەرنێت).هەروەک ڕاگەیێنرا کە ئەو لیستە 750هەزار دۆلاریشی بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن تەرخانکردووە.

حامد محەممەد عەلی، ئەندامی لێژنەی باڵای ڕاگەیاندنی چوار حیزبەکە لەبارەی کاریگەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ریکلامکردن، گوتی "بە پلە یەک تەلەڤزیۆن کاریگەرە، دوای ئەویش: ڕادیۆ، ڕۆژنامە، سروودو گۆرانی، پۆستەرهەڵواسین و کوڕو کۆبوونەوەو ئاهەنگی جەماوەری".

حیزبە بچووکەکان بەتایبەتی ئەوانەی توانای داراییان سنووردارە، کەمتر سوود لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبینن، بۆیە هەموو توانای خۆیان بۆ خۆناساندن بە خەڵک لە ڕێگەی پۆستەر هەڵواسین بەکاردەهێنن.

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کە حیزبەکەی تەنیا خاوەنی سێ تەلەڤزیۆنی ناوخۆییە لە هەولێر سلێمانی و هەڵەبجە دەڵێت "بە بڕوای من تەلەڤزیۆن بە پلە یەک کاریگەری هەیە، بەڵام ئێمە کەناڵی تەلەڤزیۆنیمان کەمە، بۆیە زیاتر پەنا دەبەینە بەر پۆستەر هەڵواسین و دابەشکردنی کارنامەی لیستەکەمان بەشێوەی کارتی بچووک".

زانا عەبدولکەریم، وتەبێژی لیستی پێشکەوتن، کە لیستەکەیان تەنیا یەک ڕادیۆ لە سلێمانی و ڕۆژنامەیەکیان هەیە دەڵێت "تەلەڤزیۆن زۆر کاریگەرە، بەڵام ئێمە نیمانە، بۆیە ئێمە پشتمان بەپۆستەر هەڵواسین بەستووەو تائێستاش زۆرترین پۆستەرمان هەڵواسیوە".

بەشێک لە لیستەکان دابەزین بۆ نێو جەماوەر بەکاریگەرترین ڕێکلام دەزانن و پێیانوایە لەو ڕێگەیەوە دەتوانن دەنگی دەنگدەر بەدەستبهێنن، چونکە دەنگدەر هەست بەوە دەکات گرنگی پێدەدرێ.

لیستی کوردستانی هەرچەندە خاوەنی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنە و ڕۆژانە زۆرترین ڕێکلام بۆ لیستەکەیان دەکات، بەڵام بەبڕوای فازڵ عومەر وتەبێژی لیستەکە دابەزین بۆ نێو جەماوەر زۆرترین کاریگەری هەیە "هەرچەندە میدیا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینێ، بەڵام بە بڕوای من دابەزین بۆ نێو جەماوەر زۆر کاریگەرە".

هادی مەحمودی وتەبێژی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ فازڵ عومەر هاوڕایە و دەڵێت "هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر کاریگەرە دابەزینە بۆ ئاستی جەماوەر، ئێمەش لە لیستەکەمان ئەو لایەنە پەیڕەو دەکەین و دادەبەزینە نێو جەماوەر، ئەگەر یەک کاژێریش لەگەڵ هاووڵاتییەک دابنیشین و بەرنامەی خۆمانی بۆ ڕوونبکەینەوە، پێمان زۆر ئاساییە".

بە بڕوای هاووڵاتیانیش ئەوەی زۆر کاریگەریان لێدەکات ڕێکلامی تەلەڤزیۆنەکانە، ئینجا هۆکارەکانی دیکەی پڕوپاگەندەکردن. ئاری عەونی، کە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەییە لەو بارەوە گوتی "بە بڕوای من تەلەڤزیۆن زۆر کاریگەری هەیە، چونکە تۆ ڕێکلامەکە بە دەنگ و ڕەنگ دەبینی، دوای تەلەڤزیۆنیش ئەنجامدانی چالاکییەکانی نێو شەقام کاریگەری زۆریان هەیە"، بەڵام ئەو قوتابییە لەگەڵ ئەو چالاکییانەی ئێستادا نییە کە لەنێو شەقامەکان ئەنجامدەدرێن "ئەوچالاکییانە هیچ جوانییەکیان پێوە دیار نییە و دەبێ ئەو چالاکیانە دووربن لە توندوتیژی".

# تا نووکە تەنێ 7 لیست یێت شیای ڕێکلامی ل ناڤ سەنتەرێ شارێ دهۆکێ بکەن

**ڕووداو-دهۆک**

سەرجەم جادێن ناڤخۆیی یێن سەنتەرێ دهۆکێ لیستا کوردستانی و هندەک لیستێن دی یێن مەسیحیاین گرێبەست دگەل کۆمپانیایێن ڕێکلامێ مۆرکرینە، لیستا گۆڕان دبێژیت پاژێرڤانیێ ماف نینە گرێبەستا مۆربکەت، کۆمپانیایێن ڕێکلامی ژی دبێژین گۆڕان و چاکسازی درەنگ هاتن.

بەری دوو سالان باژێرڤانیا دهۆکێ گرێبەستەک دگەل هەردوو کومپانیایێن ریکلامێ (کوخی و گۆلدن) گرێدانە، کو دانانا پۆستەر و لافیتا لسەر هەمی جادەیێن ناڤ سەنتەرێ دهۆکێ، ژلایێ وان هەر دوو کومپانیاڤە دهێنە دەست نیشانکرن، هەر کۆمپانیا و لایەنەکی بڤێت ڕێکلاما خۆ ل سەر جادا دانێت، دڤێت ب ڕێکا ئێک ژ وان کۆمپانیا بیت.

مەهدی محەممەد سالح کوخی، خودانێ کۆمپانیا کوخی یا بەلافکرنا ڕێکلاما ل دهۆکێ کو زۆربەیا جادەیێن سەنتەرێ دهۆکێ بۆدانانا تابلۆیان ددەستێ وان دانە بۆ (ڕووداو) دبێژی"بەری دوو هەیڤان مە کارت و ژمارێن تێلەفونێن خۆ داینە هەمی کیانێن سیاسی یێن دهۆکێ، بو بەلافکرنا ڕێکلاما لیستێن وان، هەر زووی و بەری هەیڤەکێ لیستا گەلێ کلدانی ئاشووری سریانی هاتە دەف مە بۆ چەند جادەکان گرێبەست دگەل مە گرێدا، پاشان لیستا کوردستانی و لیستا ڕافیدەین، شیوعی و هندەک لیستێن دی ژی هاتن، هەتا بوویە حەفت لیست".

هەروەها مەهدی دبێژیت"دگەل جادێن ناڤخۆیی سێ شاشەیێن مەزن ل سێ جادێن سەرەکی مە دانانە، هەتا دوماهیا هەوا پڕوپاگەندا هەلبژارتنا، ژلایێ وان هەر حەفت لیستان ڤە هاتینە کرێ کرن و گرێبەست دگەل مە مۆرکریە، لەورا ئەم نەشێین ڕێکلامێ بۆ چ لیستێن دی ل جادەیێن خۆ دانێین".

مەهدی ئەوژی دیارکر کو لیستا گۆڕان و چار حیزبا، بەری دوو ڕۆژان چۆینە دەف وان و داخاز کریە، "ئەگەر ئەو زویتر هاتبان دا دەینە وان ژی، بۆ مە چ جیاوازی نینە کیش لیستە بیت، ئەم خودانێ خۆو پارێ خوەینە، ئەو کەسێن دبێژن پێش وەخت هەردوو کومپانی ژلایێ لیستا کوردستانی ڤە هاتینە ئاگاهدارکرن کو دەلیڤێ نەدەنە چ لیستێن دی، چ ڕاستی بۆ ڤێ چەندێ نینە، لیستا کوردستانی ژی وەکو لیستێن دی بەری نێزیکی هەیڤەکێ هاتیە دەف مە و گرێبەست مۆرکریە، بەلی شیانێن وان پترن، لەورا گەلەک جە گرتینە".

هەروەها کوخی دبێژی تانووکە 172 تابلۆ بۆ لیستا کوردستانی مە دانانە و 72 ژی بۆ لیستا ئەنجوومەنێ گەلێ کلدانی ئاشوری سریانی.

پشتی ئەڤ چەندە دروستبووی، بو چارەسەریا ڤێ ئاریشێ، ل ڕۆژا 2009/6/29 نوینەرێن لیستێن بەربژێر ل دهۆکێ، دگەل نوینەرێ باژێرڤانیا دهۆک و نوێنەرێ ئۆفیسا دهۆک یا کۆمسیونا بلندا هەلبژارتنا کۆمبوونەک گرێدا، تێدا ل سەر چارەسەرکرنا ڤێ ئاریشێ ڕاوەستان، بەلێ ب دروستی چارەسەر نەبوو.

هشیار عابد بەرپرسێ هەوا پڕوپاگەندا لیستا گۆڕان ل دەڤەرا بەهدینان، د داخویانیەکێدا بۆ (ڕووداو) ڕاگەهاند کو نابیت باژێرڤانی گرێبەستا دگەل چ کۆمپانیا مۆربکەت و گرێبەستا وان یا باتلە "مافێ مەیە ڕێکلامێ بۆ لیستا خۆ بکەین، ئەڤ گیرۆبوونە کارتێکرنێ ل دەنگێن مە دکەت، لەورا ب ڕێکا یاسایێ مە سکالایەک لسەر باژێرڤانیا دهۆکێ تۆمارکریە".

هشیار عابد، هەروەها گۆت"ئەم دگەل ئێک ژ وان کۆمپانیایێن ڕێکلامێ ئاخفتین و وان گوت: چ جادە نەماینە، هەمی ژلایێ لیستان ڤە هاتینە کرین، ئەفجا ئەم چبکەین؟ مە پارە نینە، وان پارەیێ هەی".

ئەو بەرپرسێ لیستا گۆڕان دبێژی ئەگەر ئاریشا وان چارەسەرنەبیت، دێ پەیوەندیێ ب پارێزەرێن خۆکەن و لدیف یاسایێ دێ سەرەدەریێ دگەل کەین.

هەر ل دۆر ڤێ چەندێ غازی سەعید، بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتوو و ئەندامێ لێژنا سەرپەرشتیا لیستا خزمەتگوزاری و چاکسازی ل دهۆکێ بۆ (ڕووداو) دیارکر کو وان ژی هەمان ئاریشە هەیە و تانۆکە نەشیاینە پۆستەر و لافیتێن خۆ لسەر جادەیێن ناڤ سەنتەرێ دهۆکێدا بەلاڤەبکەن و دبێژی "گفتوگۆیێن مە دگەل باژێرڤانیا دهۆک دبەردەوامن بۆ چارەسەرکرنا ڤێ چەندێ، ئەم ب ژڤانین ئەڤ ئاریشە چارەسەرببیت".

بەهجەت ئاڤدەل،نوێنەرێ لیستا کوردستانی ل دهۆکێ بو (ڕووداو) دیارکر کو ئەو کومپانی، کومپانیایێن ئەهلینە و چ کار بۆ وان باشترە پتر پارە پێڤە بهێت وی کاری دکەن" لەورا مەژی وەکو هەر لیستەکا دی بەری دەمەکێ ئەم چۆینە دەف وان کۆمپانیا و مە گرێبەست بۆ بەلافکرنا ڕێکلاما دگەل مۆرکریە، کارێ وان کۆمپانیا کارەکێ شارستانییە و ناهێلن دیمەنێ باژێرێ دهۆکێ بهێنە تێکدان".

ئیسماعیل مستەفا ڕێڤەبەرێ ڕاگەهاندن و پەیوەندیان ل سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ بو (ڕووداو) دبێژی"بۆ ڕاگرتنا جوانی و ڕێکوپێکیا باژێری، بەری دوو سالان مە گرێبەستەک دگەل دوو کۆمپانیایێن ڕێکلامێ گرێدایە، ل 2009/5/13 ب ئامادەبوونا نوینەرێن وان هەردوو کومپانیایێن ڕێکلامێ و نوینەرێن سەرجەم لیستێن بەربژێر ل دهۆکێ مە کومبوونەک دگەل کۆمسیۆنا هەلبژارتنان لدهۆکێ گرێدا و د وێ کۆمبوونێدا وان کۆمپانیا کارتێن خۆ دانە هەموو لیستا، بەلێ هندەک لیستا بەری هندەکا بۆ خو جادەیێن شاری گرتینە، ئەگەر نە ل دەف مە چ ڕێگری نینە و هەر لیستا بهێت بێی جیاوازی ئەم ڕێکی ددەینێ بۆ ڕێکلام کرنێ ب شێوەیەکێ شارستانی".

بەیار تاهیر دۆسکی، بەرپرسێ ئۆفیسا دهۆک یا کۆمسیۆنا بلند، د داخویانییەکێدا بۆ (ڕووداو) ڕاگەهاند کو پروپاگەندە کرن مافێ هەموو لیستەکێ یە. ل دۆر ڤێ ئاریشێش ڕاگەهاند" باژێرڤانیا دهۆکێ نڤیسارەک بۆ مە هنارتییە دبێژی هەموو لیستان ماف هەیە ل هەردوو شەقامێن سەرەکەیێن سەنتەرێ باژێڕێ دهۆکێ ڕێکلامێ بکەن، ب مەرجەکی ل دۆر ڕێنماییا و ب ڕێککەفتن بیت دگەل هەردوو کۆمپانیایێن ڕێکلامێ".

## مە سکالایەک لسەر باژێرڤانیا دهۆکێ تۆمارکریە

بەرپرسێ هەوا پروپاگەندا لیستا گۆڕان ل بەهدینان




کۆمپانیایەکا ڕیکلامێ ل دهۆکێ ڕیکلامێن لیستا رافیدەین بۆ دانانێ ل ناف سەنتەرێ بازێڕی ڤەدگوهێزیت (فۆتۆ: ڕووداو)

## دادگای تورکیا ناوی عەرەبی قبوڵ دەکات و ناوی کوردی ڕەتدەکاتەوە



ڕووداو-DIHA

ئەتەم شانی، سەرۆکی شارەوانی پرسوی (سروج) ڕایگەیاند کە قایمقامی پرسوس دوو ناوی کوردی ڕەتکردەوەو سکاڵایەکی لەسەر شارەوانی ئەو شارۆچکەیە کە سەر بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP یە تۆمارکرد، بەهۆی ناونانی دوو گەڕەکی شارۆچکەکە بە ناوی کوردی (مێرگ و ئاگر). دادگاش لەسەر داوای داواکاری گشتی پشتیوانی سکاڵاکەی کرد و ناوەکانی ڕەتکردەوە چونکە بە پێی حوکمی دادگا " لەگەڵ کولتووری تورکی دا ناگونجێن". بەڵام قایمقام و داواکاری گشتی هیچ نارەزاییەکیان لەسەر ناوی دوو گەڕەکی دیکە نیشان نەدا کە یەکێکیان عەرەبییە (حەیات) ئەویتریشیان تورکییە یاکاموز. کە هەر چواریان لەمانگی ئایاردا لەلایەن شارەوانییەوە لەو چوار گەڕەکە نران. قایمقام لەسکاڵاکەیدا نووسیبووی ناوەکانی وەک مێرگ و ئاگر هەڕەشە لەیەکێتی خاکی تورکیا دەکەن.



نووسەر و شرۆڤەکاری بەنێوبانگی ئێرانی عەلیرەزا نوری زادە بۆ (ڕووداو):

# ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەبێ هاوتەریب لەگەڵ خەڵک دا هەنگاو بنێت

## نابێت ئۆپۆزسیۆن بیانوو بداتە دەست ڕژێمی ئێران

عەلیرەزا نوری زادە، نووسەر و توێژەری ئێرانی نیشتەجێی ئەمریکا و شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵات و عەرەب دەڵێت ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوودەدات تەنیا نارەزایی نییە بەرامبەر بەساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، بەڵکو خودی سیستمی ئێستای ئێران هۆکاری سەرەکی نارەزایەتییەکەیە. عەلیرەزا نوری زادە، کە خۆی فارسە و هاوسەرەکەی کوردە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بیروڕای لەبارەی خۆنیشاندانەکانی ئێران دەخاتەڕوو:

هەڤپەیڤین : سابیر قادری

**ئەگەری دەستگیرکردنی موسەوی زۆر بەهێزە**

**دۆڕاوی سەرەکی ئەو ململانێیەی ئێران عەلی خامەنەییە**

**ڕووداو: ئەو خۆپیشاندانەی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی ئێران شەقامەکانی ئێرانی گرتەوە، چ واتەیەک دەگەیێنن؟**

**نوری زادە:** ئەوەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، تەنیا بە هۆی نارەزایەتی خەڵک لە ساختەکاری و دەستتێوەردانی ناوەندەکانی بڕیار نەبوو لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بەڵکو خودی ئەم سیستەمە هۆکاری سەرەکی بوو. ئەوەی زیاتر بووە هۆی نارەزایی و توڕەیی خەڵک، ئەوەبوو کە ئەم ڕژێمە بە پیلانێکی لە پێش دارێژراو کە زیاتر لە کودەتایەک دەچوو، سەرەتا چوار پاڵێوراو، کە لە مۆرە سەرەکییەکانی ئەم ڕژێمە بوون بە مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریهێنان، لەکاتێکدا خەڵکی ئێران مەیلێکی ئەوتۆیان بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا نەبوو، بەڵام بە هۆی ئەو شەپۆلە سەوزەی کە لە نێو هەناوی کۆمەڵگەی ئێران دا شکڵی گرت و هەروەها هەڵوێستی ژیرانەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات، ئەوە بووە هۆی جۆرێک لە خۆشباوەڕی کە گوایە لە ئەگەری سەرکەوتنی هەر کام لە دوو پاڵێوراوەکەی ڕیفۆرمخواز، موسەوی و کەڕووبی، دەکرێ کەشوهەوای داخراوی سیاسی ئێران، گۆڕانی بەسەر دابێت و لە گەڵ ئەو گەندەڵییە سیاسی و ئابوورییەی، کە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو هەڵدێر بردووە، بەربەرەکانێ بکرێ. ئەمە خوێندنەوەی ڕووکەشیانەی خەڵک بوو بۆ ئەم هەڵبژاردنە. کۆماری ئیسلامی لە خوێندنەوەی ئەم خەڵکە، کە پێیانوابوو دەنگدانیان کاریگەری لە سەر ڕەوشی داهاتوویان دەبێ، بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی وەرگرت، خامەنەیی بێ سەرنجدان لەوەی کە خەڵک بە چ مەبەستێک بەشداری دەنگدان دەکەن، بە جۆرێک ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەی چەواشەکرد کە لە پڕ ئەو نارەزایەتییەی کە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوو کپ کرابوو، سەری هەڵدایەوەو ئەو نارەزایەتییە بەربڵاوەی خەڵکی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانی لێکەوتەوە و پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی گەیاندە ئاستی تاڵە موویەک، کە بەهۆی پێداگیری موسەوی و کەڕووبی و پشتیوانی خەڵک، ئەو دۆخە بەزوویی لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێران دەگۆڕدرێ.

**ڕووداو: دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر ئەم ڕووداوەدا، پێتانوایە کەڕووبی و موسەوی و بەتایبەتیش هاشمی ڕەفسەنجانی لە هەڵوێستەکانیان پاشگەز ببنەوە؟**

**نووری زادە:** ئەوەی بە ڕواڵەت کراوە ئەوەیە کە کچی ڕەفسەنجانیان دەستبەسەرکرد کە ئەمە لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا واتایەکی تایبەتی هەیە، بۆیە هەر جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکی ڕەفسەنجانی، واتە کۆتایی ژیانی سیاسی ڕەفسەنجانی. هەر ئێستا شێخ محەممەد یەزدی کە جێگری ڕەفسەنجانییە لە مەجلیسی خبرەگان، بە کۆکردنەوەی واژۆ، دەیەوێ سەرۆکایەتی مەجلیسی خبرەگان لە ڕەفسەنجانی وەربگرێتەوە. بۆیە پاشەکشەی ناوبراو بە ئاسایی نازانم. کەڕووبی سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی پاشەکشە ناکات، بەڵام ئەوەی بەڕای من گرنگی تایبەتی هەیە هەڵوێستی موسەوییە کە ئێستا لە ماڵەکەی خۆی لە ژێر چاودێریدایە، ئەگەر ناوبراو لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی پێداگربێ، هیچ گومانم نییە کە ئەم بزووتنەوەیە سەر دەکەوێ. لە ئەگەری کشانەوەی موسەوی ئەم خۆپێشاندانە زۆر زوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی و میدیای سەر بەو ڕژێمە بە شتێکی تێکدەرانە لێکدەدرێتەوە و بە توندترین شێوە سەرکوتی دەکا. من لەو باوەڕەدام موسەوی پاشەکشە ناکات، بەڵام ئەگەری دەستگیرکردنی زۆر بەهێزە.

**ڕووداو: ئەگەر هەر یەک لە کەڕووبی و موسەوی پاشەکشێ بکەن، ئایا ئەم خۆپێشاندانانە درێژەیان دەبێت یا کۆتاییان پێدێت؟**

**نووری زادە:** ئەو ڕژێمە ئەوەندە بێ بەزییانە ئەو نارەزایەتییەی خەڵکی ئێرانی سەرکوتکرد کە ئیمکانی ئاشتەوایی نەتەوەیی شتێکی مومکین نییە، بۆیە ڕەنگە ئەم خۆپیشاندانانە هەورازو نشێویان تێبکەوێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەم بزووتنەوەیە کۆتایی پێنایێت و دەتوانم بڵێم عەلی خامەنەیی دۆڕاوی هەرە سەرەکی ئەم ململانێیە دەبێت. مێژوو و خەڵکی ئێران کارەساتی ئەمجارە بە هیچ شێوەیەک لەبیر ناکەن.

**ڕووداو: کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو شەپۆلی نارەزایەیان بە پیلانگێڕی وڵاتانی بێگانە ناونا، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**نووری زادە:** دەبێ ئەوە وەبیر بێنمەوە کە لێدوانەکانی باراک ئۆباما لە چەند ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئێران ئەوەندە پارێزگارانە و نیان بوون کە نارەزایەتی خەڵکی ئێران و بە تایبەت کۆماریخوازەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە، چونکە ڕەوابوو نارەزایی و دژ کردەوە بەرامبەر ئەو کارەساتە مرۆییە نیشانبدرێ. کۆماری ئیسلامی بە خۆی ملیۆنان دۆلار لە لوبنان و عێراق خەرجدەکا بۆ ئەوەی تاقمی حیزبوڵلا و ژەنەڕاڵ عەون لە لوبنان و ئیئتیلافی شیعە لە عێراق سەربکەون، دەست لە کاروباری وڵاتانی دیکە وەردەدا و ڕێکخراوی تیرۆریستی دروستدەکات، بەڵام جیهان نابێ لەبەرامبەر ئەو کوشتارەی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی هەبێت؟ ئەمە لەگەڵ لۆژیک (منطق) یەکناگرێتەوە. ئەوە لۆژیکی دیکتاتۆرانەیە کە کاتێک خەڵک دەکوژن بۆ پاساو هێنانەوەی خۆیان وا بانگەشە دەکەن کە ئەمە دەستی وڵاتانی بیانی و دوژمنانی لە پشتە، ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆر لە وڵاتانی بیانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان پشتیان لە خەڵکی ئێران و داوا ڕەواکانیان کرد.

**ڕووداو: بەڕای ئێوە دۆخی دوای خۆپێشاندانەکانی ئێستا چۆن دەبێت؟**

**نووری زادە:** بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە ئێرانی دوای 2009/6/12، واتە ئێرانی دوای هەڵبژاردن، بە تەواوی جیاواز دەبێت لە ڕابردوو. خەڵکی ئێران ئیتر بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ولایەتی فەقیە پەیمان نابەستنەوە.

**ڕووداو: چاودێرانی سیاسی باس لە هاتنە ئارای بۆشایی لەنێو ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات، بە تایبەت لە نێو ڕیزەکانی سوپادا دەکەن، ئەوە ڕاستە؟**

**نووریزادە:** با من شتێکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر گوتم کە پاسدار عەلی فەزلی ڕایگەیاندووە بڕیاری تەقەکردن لە خەڵک دەرناکات. ئەمە شتێکی گرنگ بوو، لە ڕاستیشدا ناوبراو ئامادەنەبوو ئەو کارە بکات، بەڵام ڕۆژێک دواتر ئەوان چوون ناوبراویان هێنایە سەر تەلەڤزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی تاوەکو ڕایبگەیێنێت ئامادەیە خەڵک سەرکوت بکا. ئەمە بۆخۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە تا چ ڕادەیەک بناخەی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران لەرزۆکە و تا چ ئاستێک ئەم بۆشاییە لەناو ڕیزەکانی سوپادا دا بەرفراوانە. بە دڵنیاییەوە بە درێژتر بوونەوەی ئەم ئاڵۆزییانە ئەم بۆشاییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت.

**ڕووداو: ڕۆڵی کورد و ئۆپۆزسیۆنی کوردی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لەو نێوەدا چۆن دەبینی؟**

**نووریزادە:** بە باوەڕی من ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات کە ئەمە ئۆپۆزسیۆنی کوردیش دەگرێتەوە لە هەلومەرجێکی تایبەتدایە، ئەم هێزە دەبێ تەنیا و تەنیا هاوتەریب لەگەڵ خەڵک هەنگاو هەڵێنێ، واتە ئۆپۆزسیۆن نابێ کارێک بکات بیانوو بداتە ڕژێم بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەم خۆپێشاندانانە سەریان بە دەرەوەیە و لە دەرەوە پشتیوانیان لێدەکرێ. لە ڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بێت، هەوڵبدات لەگەڵ جەماوەر هاوتەریب بێت و دروشمەکانی خەڵک بەرز بکاتەوە و هەروەها لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بیروڕای جیهان لە هەلومەرجی ئێستای ئێران ئاگادار بکاتەوەو بیوروژێنێت و ئەو دەرەتانە بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێڵێتەوە کە جارێکی دیکە لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سەر بەرز بکاتەوە.



ئاسلی ئایدنتاشباش*

# ئازادی لەوەی کوردبیت

## ئەگەر ئۆباما ببێتە پاڵپشتی چارەسەر لە تورکیا لە پاراستنی کوردانی عێراقیش دڵنیا دەبێت

لەسەر گردەکانی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، زۆربەی جار ئەو دروشمە نیشتمانییەت بەرچاو دەکەوێت کە بە پیتی گەورە نووسراوە و دەتوانیت لە دووری میلێکەوە بیخوێنیتەوە " ئەو کەسە دڵخۆش و شادە کە بڵێت من تورکم".

ئەو دروشمە لە ساڵانی 1920 لەلایەن دامەزرێنەری تورکیای نوێ مستەفا کەمال ئەتاتورک گوتراوە، ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکی مایەپووچکراو.

بەڵام نووسینی ئەو دروشمە لەسەر ئەو گردانەی باشووری ڕۆژهەڵات، بۆ ئەو مەبەستە نییە، ئەو خەڵکەی لەو ناوچەیە دەژین، تورک نین، بەڵکو کوردن و لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو، حکومەتی تورکیا پێیاندەڵێ تەنیا یەک ناسنامەی قبوڵکراو لەم وڵاتە هەیە، ئەویش تورکێکی دڵخۆش.

شەڕە درێژەکەی تورکیا لەبەرامبەر مەسەلەی کورد، زنجیرەیەکی ئازار بەخشە لە هەڵە وسەرکەوتن و ئەشکەنجەدان لە هەموو لایەنەکانەوە. لە ساڵی 1984وە PKK، شەڕێکی چەکداری بە مەبەستی بەدەستهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات. PKK بێ بەزەییانە بەهۆی هێرشە تیرۆرستییەکانییەوە لە سەرانسەری تورکیادا هاووڵاتی و سەربازی کوشتووە (ژمارەی قوربانیان گەیشتووەتە 30 هەزار کەس).

شەڕی تورکیا لەگەڵ PKK، سیستەمی سیاسی لەکەدار کردووین و بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە مێشکمانی سەرقاڵ کردووە و ئەنقەرەشی زیاتر کەللە ڕەقتر کردووە بەرامبەر داواکاییە سیاسی و کولتورییەکانی کورد.

لەگەڵ بوونی دڵنیایی و ستانداردێکی بەرزی دیموکراسی، حکومەتی تورکیا بە هێواشی سەرقاڵی ئەنجامدانی دەستپێشخەرییەکی بوێرانەیە، کە بریتییە لە قایلکردنی PKK بە دانانی چەکەکانیان بەرامبەر بە نوێنەرایەتی سیاسی و دواجاریش بەخشینی لێبووردنی گشتیی. ئەو کارەش ئەگەری ئەوەی هەیە کۆتایی بە خوێناویترین ناکۆکی لەو ناوچەیەدا بێنێت.

دوای هەزاران قوربانی و زیاتر لە 10 ساڵ شەڕی چەکداری، ئێستا تێگەیشتنێک لەسەر ئاستی بەرزی سیاسی تورکیا هەیە کە مەسەلەی کورد، کێشەی تیرۆریزم نییە و پێویستە چارەسەرەکان ریفۆرمیشی تێدابێت کە بچێتە نێو دڵی ناسنامەی کوردییەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش، لەم ماوەیەدا تورکیا قەدەخەکارییەکی کۆنی لەسەر زمانی کوردی هەڵگرت و چەندین پرۆگرامی یارمەتیدەریشی کردەوە بۆ ناوچە کوردییە دوور لە خزمەتگوزارییەکان. هەروەها حکومەت تەلەڤزیۆنێکی بە زمانی کوردی کردووەتەوە و بەرپرسانی خوێندنی باڵای وڵاتەکەش لە هەوڵداندان بۆ کردنەوەی پەیمانگایەک بۆ خوێندنی زمانی کوردی.

هەنگاوەکانی دیکە هێشتا خاو و نادیارن، دەنگۆی ئەوەهەیە کە دەستوور بگۆڕدرێت، بەتایبەتی پێناسەی هاووڵاتی، کە ئێستا بە تورکایەتی ناسراوە و ڕێککەوتننامەیەکیش لە نێو حکومەتدا لە ئارادایە کە ناوە کوردییە ڕەسەنەکانی گوند و شارۆچکەکان بگەڕێنێتەوە.

بەڵام هەڵمەتی دڵ و مێشکەکان تەنیا لایەکی مەسەلەکەیە، تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکە، قسەکردنە لەگەڵ PKK. بەرپرسانی باڵای حکومەت بە نهێنی دانیان بەوە داناوە لە ڕێگای کوردەکانی عێراقەوە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی PKK کراوە لە باکووری عێراق، هەروەها لایەنەکانی دیکەش هەوڵیانداوە ڕازیان بکەن بۆ دانانی چەک لە بەرامبەر دەرکردنی لێبووردنی گشتی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ئەو دەستپێشخەرییە لەلایەن سوپای تورکیاوە ڤیتۆ نەکراوە، لەلایەن میدیای تورکییشەوە پێشوازی لێدەکرێت و پارتی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیش سەری بۆ لەقاندووە، بەڵام هەتا ئێستا بەرپرسانی ئەنقەرە بە ئاشکرا کەیسێکیان بۆ ئەو ستراتیژییە پێشکێش نەکردووە، کە لەنێو بنمیچەی دەسەڵاتدا بەچپە چپ باسی دەکرێت.

لەڕاستیدا ئەوەی لەنێو تورکیادا ڕوودەدات، تەنیا لایەنێکی پێکهاتەکەیە. هەوڵەکانی تورکیا تەنیا دەتوانێ تا شوێنێکی دیاریکراو بڕ بکەن، ئەگەر لەلایەن کوردانی عێراقەوە یارمەتی نەدرێن کە ئەوان ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ دەکەن کە PKKی لێیە، هەروەها لەلایەن واشنتنەوە کە دڵنیاکەرەوەی سەرەکییە لەو ناوچەیە.

چونکە PKK ماوەیەکی درێژە لە کاروباری تیرۆردایە، هەروا بە ئاسانی بە دەستپێشخەرییەکەی ئەنقەرە ڕازی نابێت. سەرکردایەتییەکەی دوورەپەرێزن لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ. پێویستە ئەوان لە رووی سەربازی و مەنتیقییەوە گوشاریان بخرێتە سەر.

کوردی عێراق دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ناردنەوەی هەزاران کوردی تورکیا کە هاوبۆچوونی PKKن و بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە کەمپی مەخموور دەژین، پاشانیش هەنگاو بەرەو بەستنی کۆنفرانسی کورد بنێن.

لە بەرامبەریشدا، ئەگەر تورکیا PKK بکاتە هێزێکی فەرمی سیاسی، ئەوا دەتوانێ جارێکی دیکە ببێتەوە بە پارێزگاری کوردانی باکووری عێراق، کە بۆ ماوەیەک لە دوای شەڕی کەنداوی یەکەم ئەو ڕۆڵەی بینی. ئەمەش واشنتن لەو خەمە ڕزگار دەکات کە بەرامبەر کوردەکان هەیبێت لە دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق.

ئەگەر سەرۆک ئۆباما، پاڵپشتی دەستپێشخەرییەکەی تورکیای کرد، ئەوا ڕەنگە ببێتە چیرۆکی یەکەم سەرکەوتنی ئیدارەکەی لە دەرەوەی ئەمریکا. بەمەش ئەو ساڵە دەکرێ ببێتە ئەوساڵەی کۆتایی بە یەکێک لە خوێناویترین ناکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت، بەڵام پەنچەرەی هەلقۆزتنەوەکە بۆ ماوەیەکی کورت کراوە دەبێت.

*** ستوونوسێکی ڕۆژنامەی AKSAMی تورکییە**
**لە ڕۆژنامەی The New York Times ئەمریکییەوە**

# هەنگاوی یەکەمی سنووردانان بۆ کەڵەگایی سوپای تورکیا دەستی پێکرد

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2009/6/28 پەرلەمانی تورکیا، هەردوو مادەی 154و157 ی دەستووری ئەو وڵاتەی هەموارکرد و لە شوێنیان مادەی "بەرگرتن لە کودەتا"ی دانا. بەگوێرەی ئەو ماددەیە، دادگا مەدەنییەکان دەتوانن ئەو ئەفسەرانەی سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکرێ بانگهێشتی دادگا بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن. چاودێرانیش پێیانوایە ئەو هەنگاوە دەبێتە دەروازەیەک بۆ گۆڕانکارییەکی بەرفراوان لە دەستووردا.

دەستووری تورکیا، کە بەبنچینەی کەمالیزم دادەنرێ لە تورکیا، وەک بنچینەی هەستیاری دەوڵەت و نەتەوەی تورکیا لەلایەن هێزە تەسکبین و سوپاوە تەماشا دەکرێ، لەبەر ئەوەش گۆڕینی کە یەکێکە لە ئامانجەکانی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار هەروا ئاسان نییە. ئەو دەستوورە چەند جارێک چەند مادەیەکی هەموارکراوە، لە ساڵانی 1960، 1970 و 1980 لەسەردەمی کودەتا سەربازییەکانیش. ئەو دەستوورە بەبیانووی ئەوەی "سوپا پارێزەری دەستکەوتەکانی کۆمارە"، ئیمتیاز و دەسەڵاتێکی بەرفراون دەداتە سوپا، لەهەر لێپێچینەوەیەکی یاسایی دەیپارێزێت. بەتایبەتی ماددەی 154ی ئەو دەستوورە، کە دەیگوت"بەهیچ شێوەیەک دادگا ناتوانێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەفسەرو کارمەندانی سوپادا بکات"، بەڵکو تەنیا دادگا سەربازییەکان ئەو دەسەڵاتەیان هەبوو. ئەمەش وایکردبوو هەموو هەوڵێکی سوپا بۆ لەناوبردن و کودەتاکردن بەبێ لێپرسینەوە پەردەپۆش بکرێت.

ڕۆژی 2009/6/12 ڕۆژنامەی TARAFی تورکی بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئیمزای فەرماندەی هۆبەی حەرەکاتی سوپای تورکیای پێوەیە، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە سوپا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی نوێ لە دژی حکوومەتی AKP. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان سوپا و حکوومەتی AKP سەرهەڵبدات.

دەستووری ئێستای تورکیا، دەستووری سەردەمی کودەتای سەربازی ی ئەیلولی 1980یە، هەرچەندە دوای هاتنە سەرکاری AKP، هەوڵەکانی بۆچوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بەستراوەتەوە بە گۆڕانی ئەو دەستوورەو داڕشتنی دەستوورێکی مەدەنیانەی هاوچەرخ، کە AKPیش زۆر مەبەستییەتی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام وەکو پێویست ئەو هەنگاوانەی نەنا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو پارتە لەناوخۆی تورکیا بەشێک لە جەماوەری خۆی لەدەستبدات و ئەوروپاش بانگەشە ریفۆرمخوازییەکانی وەکو پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردن سەیر بکات. بە گرتنەبەری ئەو هەنگاوەی ڕۆژی یەکشەممە، AKP هەنگاوێکی نا بۆ هەمواركردنی دەستوور.

پرۆفیسۆر تولین ئیچلی، سەرۆکی بەشی دەروونناسی سیاسی لە زانکۆی هاجی تەپەی ئیستەنبوڵ، بۆ (ڕووداو) گوتی ئەو هەمواركردنەی ڕۆژی یەکشەممە سەرەتایەکە بۆ گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی دەستوور "پێموایە ئەو هەنگاوە تەکانێکی بەهێز دەداتە حکوومەت و AKP بۆ ئەوەی بەرنامەی چاکسازی سیاسی و دەستووری ئەنجامبدەن، چونکە بە هەمواركردنی ئەم چەند بڕگەیە AKP پشتگیریەکی زیاتری ناوخۆیی و ئەوروپی بەدەست دێنێت".

هاشم هاشمی،سیاسەتڤانی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی پارتی ڕەفا، کە لەهەمانکاتدا بە دۆستێکی نزیکی AKP دادەنرێ، لەو بارەیەوە گوتی "ئەو بڕیارە پێویستییەکی سیستمی دیموکراسییە. هەروەها بۆ کردنەوەی دەروازە لەبەردەم پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی مەدەنیانە هەنگاوێکی دەست لێبەرنەدراوە، چونکە داوای ڕای گشتییە". هاشمی جەخت لەسەر پێویستی کارایی دادگا لە سیستەمە دیموکراتییەکان دەکاتەوە"پێموایە ئەو بڕیارە دادگاکان کاراتر دەکات". ئەو ڕەخنەشی لە ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی CHP گرت کە پشتگیری ئەو هەنگاوەیان نەکردووە" ئۆپۆزسیۆن بەر لەچەند هەفتەیەک داوای داگاییکردنی ئەو کەسانەی دەکرد کە کودەتایان ئەنجامداوە، بەڵام ئەمڕۆ لە دژی ئەو بڕیارە دەوەستێتەوە، دەڵێ من بێ ئاگام، ئەمە دووڕووییە".

پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP، پشتگیری خۆی لەو بڕیارە کردو لە پەرلەمانیش دەنگی بۆدا. ئیبراهیم بینجی پەرلەمانتاری ئەو پارتە لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە" ئێمە پشتگیری ئەو بڕیارەمان کردو تێکڕای پەرلەمانتارانمان دەنگیان بۆ دا".

هەمواركردنی ئەو ماددەیەی دەستوور، مشتومڕێکی گەورەی لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا پەیداکرد. هەرچەندە تائێستا سوپا بەفەرمی هیچی لەو بارەوە ڕانەگەیاندووە، بەڵام چاوەڕێی کاردانەوەی لێدەکرێ، بەتایبەتی کە دوێنێ حکوومەت لەسەر زاری سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان پشتگیری لەو بڕیارە کرد و ڕەخنەی لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن گرت. ئەردۆغان لەکۆبوونەوەی سەرانی پارتەکەی کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی تورکیا ڕاستەوخۆ پەخشیان کرد ڕایگەیاند "ئەو بڕیارە کودەتاخواز و پلانگێڕان بەبێ بوونی هیچ ئاستەنگێکی یاسایی دەکاتە ئامانج و مەودای دیموکراسیش فراوانتر دەکات".

لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەردۆغان دووپاتیکردەوە کە پارتەکەی "دژی هەموو ڕێکخراوە نا یاساییەکانە، ئۆپۆزسیۆنیش لایەنگری کودەتاخوازەکانە". لەلای خۆشیەوە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و CHP ئەو هەوڵەی حکوومەت وەکو هەنگاوێک بۆ بەکاریگەرکردنی لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی ڕێکخراوی نهێنی ئاشکراکراوی ئەرگەنەکۆن، ناوبرد.

پرۆفیسۆر تولین ئیلچی، دەڵێت سەردەمی ئەنجامدانی کاردانەوەیەکی بەدەر لەیاسا بەسەرچووە "ئاراستەی هاوسەنگییەکان بە پێچەوانەی ویستی سوپایە، لەلایەکی دیکەشەوە لەکاتێکدا بڕیاری هەموارکردن دراوە کە بەڵگەنامەکان دەیسەلمێنن سوپا خۆی بۆ بەرپاکردنی کودەتایەک دژی ئەو حکوومەتەی بەدەنگی هاووڵاتیان سازکراوە ئامادە کردووە. ئەمەش لە سەنگی سوپا کەمدەکاتەوە،بەڵام لەمەودوا گرنگە AKP بتوانێت دان بەخۆدا بگرێت و خۆی نەداتە دەست ئەو فشارانەی ناوەندە موحافەزەکار و شوڤێنییەکان دەیگرنەبەر".

هاشم هاشمی، پێیوایە لەکاتی دەرکردنی ئەو بڕیارە چارەنووسسازانە پێویست ناکات گوێ بە قسەی ئەمو ئەو بدرێ "دەرکردنی ئەو بڕیارانە کاری پەرلەمانە و پێویستە بیر لەوە نەکەینەوە کە ئەو چی دەڵێ و ئەویتر چ دەڵێت یان ئەوەیان لە دژی کاردانەوە دەنوێنێت، ئەوەی گرنگە ئەو ڕێگایانە بگرنەبەر کە دەروازەی دیموکراسی دەکەنەوە".

دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو هەنگاوە بۆ بوێری و سەرکەوتنی AKP دەگەڕێتەوە؟ هاشمی دەڵێ "گرنگ دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوەو بەسەرکەوتنی AKPش هەژمار دەکرێت، چونکە گرتنەبەری ئەو هەنگاوە ئاسان نییە، بەڵام AKP بوێربوو بەبێ لەبەر چاوگرتنی کاردانەوەکان ئەو هەنگاوەی نا".



## کاروباری سیاسی

### کوردستان داوای پشتیوانی بەریتانیا دەکات



**ڕووداو-لەندەن**

لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی ساڵانەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ئاڤایی پەرلەمانی بەریتانیا بە ئامادەبوونی ژمارەیەک پەرلەمانتار و ئەکادیمی و خاوەن کۆمپانیای بەریتانی بەڕێوەچوو، بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی کوردستان لە بەریتانیا گوتی ئەمساڵ نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەکەرکووکیشەوە ئامادەکرد و گوتی " هەرچەندە هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق کشاونەتەوە، بەڵام حکومەتی بەریتانیا پێویستە لەڕێگەی پشتگیریکردن لە دەستووری عێراق و هاندانی هەنگاوە کردەییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان پاڵپشتی پرۆسەی سیاسی عێراق بێت".

# کەشوهەوای گەرم کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداربووان و ڕێڕەوی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت

**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژنامەنووسێکی بیانی و شارەزایەکی سیاسی و پرۆفیسۆرێکی کەشوهەوا ڕەخنە لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەگرن کە لە 2009/7/25 بەڕێوەدەچن، چونکە لە ڕووی کەشوهەواوە بۆ پرۆسەی دەنگدان گونجاو نییە و کاریگەری



### لە کەشوهەوای گەرمدا مرۆڤەکان بێ تەحەمول دەبن

د.شێرزاد نەجار

پسپۆری بواری زانستی سیاسەت

لەسەر ڕێژەی بەشداربووان دەبێت و پێیانوایە کاتێکی سارد یان فێنک بۆ ئەم پرۆسەیە گونجاوتر بوو.

کریس کۆچێرا ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی کەشوهەوای گەرمی مانگی تەمموز ناتوانێت بێتە کوردستان و چاودێری ڕەوشی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکات و گوتی"مانگی تەمموز مانگێکی زۆر گەرمە لە کوردستان و بەسەرکردنەوەی ناوەندەکانی دەنگدان لەوکاتدا سەختە، لە هەمانکاتیشدا کاتی گەشتەو لەگەڵ خێزانەکەم بەرنامەی گەشتێکمان هەیە". بەپێی قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە شارەزایەی کاروباری کورد، ئەو کاتە بۆ پرۆسەکە گونجاو نییە.

بەهەمان شێوە پسپۆڕێکی زانستە سیاسییەکانیش پێیوایە مانگی تەمووز کاتێکی گونجاو نییە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن. لەمبارەیەوە د. شێرزاد نەجار ڕوونیکردەوە" کەشوهەوای گەرم مرۆڤەکان بێ سەبر و تەحەمول دەکات، وایان لێدەکات بڕیارەکان بە پەلە دەربکەن، مانگی تەممووزیش بۆ دەنگدەر کەمێک سەختە، چونکە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە پرۆسەی دەنگدان بۆ دەنگدەر کارێکی قورسە، لەوانەیە کار لەسەر ڕێژەی بەشداربوونیش بکات".

بارام خدر مەولود، پرۆفیسۆری بواری ژینگە و کەشوهەوا ڕوونیکردەوە، کە کەشوهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر بیرکردنەوەی دروست و ئاساییەوە هەیە، لەبارودۆخی سارد و مامناوەندیدا مرۆڤەکان بە لۆژیکیانەتر بیردەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن، لەمبارەیەوە گوتی"هەرچەندە بڕیاری ڕۆژی هەڵبژاردن بڕیارێکی سیاسییە و پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسییەوە هەیە، بەڵام وەک کەشوهەوا ڕۆژی 7/25 ڕۆژێکی گەرمە، ئێمە هەموومان داوای هێمنی و ساردبوونەوە و هەڵنەچوون دەکەین، بەڵام کاتەکەی لە ڕۆژێک دانراوە کە خاوترین وەرزی ساڵە،ڕاستە لە ڕووی ئیدارییەوە دەوامی قوتابخانە و تاقیکردنەوە کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام لەڕووی کەشوهەواوە گونجاو نییە، تەنانەت دروێنەش تەواو بووە".

زۆربەی شۆڕش و کودەتا و ڕووداوە سیاسییەکان لە کاتەگەرمەکانی ساڵدا ڕوویانداوە، تەنانەت لە ناوچە ساردەکانیش شۆڕش و ڕاپەرینەکان لە وەرزێکی گەرم ڕوویانداوە، بەڵگەش شۆڕشی فەرەنسایە، کە لە 14تەمووز ڕوویداوە، بزوتنەوەی قوتابیانیش لە ساڵی 1968 لە حوزەیران بووە، هەروەها ڕەوتی ڕووداوەکانیش لە ناوچە گەرمەکان خوێناویترن، لەمبارەیەوە د. شێرزاد نەجار گوتی" پێش 2500ساڵ ئەرستۆ تالیس سەرنجی داوە، کە حوکمڕانی فارسەکان جیاوازە لە حوکمڕانی یۆنانییەکان، فارسەکان دڕندەن، لەبەرامبەردا یۆنانییەکان هێمن و لەسەرخۆن، دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم حاڵەتە، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کەشوهەوای گەرم بەرهەمەکەی کۆیلەییە، کەشوهەوای مامناوەندی و سارد



### مێشک لە کەشوهەوای سارد دا بیرکردنەوەی دروستتری دەبێت

بارام خدر مەولود

پسپۆری بواری کەشوهەوا

بەرهەمەکەی ئازادی و سەربەستییە". وەک ئەو پسپۆڕەی زانستە سیاسییەکان ئاماژەی پێدا دوای 18سەدە مۆنتیسکیۆش گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کەشوهەوا کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەت و عەقڵانییەتی مرۆڤ هەیە. ئەو شارەزایەی بواری زانستی سیاسی ڕوونیکردەوە کە "کەشوهەوای سارد وای لە مرۆڤەکان کرد کۆنترۆڵی سروشت بکەن، بەڵام کەشوهەوای گەرم وا لە مرۆڤەکان دەکات خۆیان ڕادەستی سروشت بکەن، هەر لە ئەنجامی ئەو ململانێیەش ئەو مرۆڤانە سەرکەوتن کە لە کەشوهەوایەکی سارد دەژین، ئێستاش هەر ئەو مرۆڤانە کۆنترۆلی سروشتیان کردووە، کە لەناوچەیەکی سارد و مامناوەندی دەژین".

د. بارام خدر مەولودیش بەشێوەیەکی زانستیانە کاریگەری کەشوهەوای بەسەر بڕیار و هەڵسوکەوتەکاندا ڕوونکردەوەو گوتی" کەشوهەوا کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی تێکڕای گیان لەبەران هەیە، هەندێ گیانەوەر هەن بەتەنیا لە وەرزێک دەردەکەون، چ بەهار بێت یان زستان یان هاوین، هۆکاری دیکەش هەن، هەموو ئەو هۆکارانە کاریگەری خۆیان لەسەر ئیشکردنی مێشک هەیە، چونکە مێشک چەند خوێنی زیاتری تێبچێت هێندە باشتر نوێ دەبێتەوە و ریفرێش دەکرێتەوە، لە بارودۆخی گونجاو و نۆرماڵدا مێشک بە دروستی بیردەکاتەوە و بڕیاری گونجاو دەدات، ئەگەر کەشوهەوا گونجاو نەبێت لەوانەیە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و بڕیارەکان هەبێت، لە ئاستی نۆرماڵ زیاتر تێدەپەڕێت و زۆرجار دەبێتە هۆی زێدەڕۆیی و بەزاندنی هێڵی سوور".

بەپێی قسەی د. بارام کەشوهەوای گونجاو بۆ بیرکردنەوە ئەو کەشوهەوایەیە کە نزیک بێ لە پلەی گەرمای لەش، چونکە ئەو کەشوهەوایە پێویستی ژیان و جووڵەی خانەکانی لەش و ئەندامەکانی دابین دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی نەشونما بکەن، کە ئەوانیش وابەستەی ترشە ناوەکییەکان و پلەی گەرما و ڕێژەی شێ و ئۆکسجینن، دواتر لە هەندێ پرۆسەی فسیولۆجی وەک برسیەتی و تینوێتی و ئاوی ساز و ناساز و ئاوی گەرم و سارد درێژەی دەبێت، لەمبارەیەوە ئەو پرۆفیسۆرە چەند نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی" بەبۆچوونی من ئەو وڵاتانەی ساردن بیرکردنەوەیان دروستترە، سەیرکە ئەو وڵاتانەی پلەی گەرمایان دەگاتە 50 زۆربەی هەرە زۆریان بەڕۆژ خەوتوون و کار ناکەن، بازاڕەکانیان بەشەو دەکەنەوە، پێچەوانەی سروشتی ژیان. لە شوێنێک کە ڕێژەی خوێناوی زۆرە، پێویستیت بە ئاو خواردنەوەیەکی زۆرە، چونکە پتر ئارەقە دەکەی و ماندوو دەبی، واتە زێتر خواردنت دەوێت و پێویستت بە نوستنی زۆرترە، ئەوکاتە ئۆکسجینی زیاتریشت دەوێت، لەبەرئەوە کەشوهەوای تاک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی



### بەهۆی گەرمای هاوینەوە ناتوانم لەم هەڵبژاردنەدا ببمە چاودێر

کریس کۆچێرا

ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی

مرۆڤ هەیە، چونکە بیرکردنەوە چالاکی مێشکە، ئەویش بە تازەبوونەوەی خوێنە، کە بەبڕێکی پاکی ئۆکسجین و پلەی گەرما دەکەوێتە کار".

پلەی گەرمای ئاسایی لەشی مرۆڤ 36تا 37ە، لە هەندێ شوێن پلەی گەرما لە 45 تێدەپەڕێ و دەگاتە 50، لە هەندێ شوێنیش پلەی گەرما دێتە خوار سفر، واتە 35پلە لە خوار ئاستی ئاسایی، بۆ ئەم لایەنەش دکتۆر بارام ڕوونیکردەوە"مێشک لە کەشوهەوای سارد و سەرمادا باشتر کار دەکات، چونکە کاری خوێن ڕێکخستنی پلەی گەرمای لەشە، ئەم پرۆسەیەش لە سارددیا خێراترە".

باقرياسين نووسەرێکی لوبنانییە، کتێبێکی لەبارەی مێژووی توندوتیژی خوێناوی لە عێراق ئامادەکردووە، وەک ئەو لێکۆڵەرە پێیگەیشتووە هەلومەرجی توندوتیژی عێراق پتر پەیوەستی لایەنی جیوسیاسی عێراقە. د.شێرزاد نەجاڕ پشتیوانی لە بیروڕاکانی نووسەری ناوبراو دەکات، ڕووداوەکانی وەک شۆڕشی 14تەممووزی ساڵی 1958 و بزوتنەوەی مایسی 1941 و ڕووداوەکانی 1968 بە نموونە دێنێتەوە، کە هەر هەمووی لە وەرزی هاویندا بووە، وەک ئەو ئاماژەی پێدا لە شوباتی 1963یش کودەتاکەی بەعس ڕوویداوە، بەڵام بالانسەکە زیاتر بەلای کەشوهەوای گەرمەوەیە. ئەو پسپۆرەی بواری زانستە سیاسییەکان دەڵێ" کەشوهەوای گەرم مرۆڤەکان بێ سەبر دەکات، وایان لێدەکات بڕیارەکان بە پەلە دەربکەن، هەر بۆیە بەشێکی پشووی هاوینە پەیوەندی بەم لایەنەوە هەیە، لە ئەوروپا مرۆڤەکان لە هاوین پشوویان پێدەدرێت. جگە لەوەی مافی خۆیانە، بەڵام لەهەمان کات بەرهەمیان لە هاوین کەمتر دەبێتەوە". ئەو پسپۆرە سیاسییە بوونی ڕۆحی یاخیانەی خەڵکی گەرمیانیشی بۆ کەشوهەوای گەرمی ئەو ناوچەیە گەڕاندەوە، کە لە ناوچەکانیتر دڵگەرمتر و بە جۆشترن.

لەبارەی 7/25یش د. شێرزاد نەجاڕ کاتەکەی بە کاتی بنەڕەتی یەکەمین هەڵبژاردنەوە بەستەوە، کە لە مانگی مایس بووە و دەبوایە دوای چوار ساڵ لەهەمان مانگ نوێ بکرێتەوە، بەڵام کاتە بنەڕەتییەکەی هەڵبژاردنیش هەڵەبووە، دەبوایە لەمانگی ئادار بوایە، لەمبارەیەوە دەڵێ" مانگی تەمموز بۆ دەنگدەر سەختە، نەک لێرە لە ئەورووپاش وایە، دەنگدان لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە زۆر سەختە، لەوانەیە کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداربووانیش هەبێت".

---

عەرەب هەر ئێستا شاندێک دەنێرن و کارتەر بێ وەڵامە

# 100باڵیۆزخانە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا لە بنکەی تۆمارکردنی زانیارییەکان ڕایگەیاند کە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان 100 باڵیۆزخانەو 140 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و 1500 دەزگای ڕۆژنامەڤانی داواکارییان پێشکەشی کۆمسیۆن کردووە.

لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەدا، فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆن ڕایگەیاند کە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە نیوەی ڕێگایان بڕیوەو توانیویانە کاری نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەواوبکەن، گوتیشی "ڕێژەی ئەوانەی تۆماریان نوێ کردووەتەوەو لەبنکەکانی دەنگدانی خۆیان پرسیوەتەوە، گەیشتووەتە 80-90%"، هەروەها ڕاشیگەیاند کە بۆ چاودێریکردنی ئەو هەڵبژاردنە 140 داواکارییان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و 1500 داواکاریشیان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پێیگەیشتووە.

حەیدەری ئاشکراشی کرد کە جگە لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا و ئەمینداریێتی گشتی کۆمکاری عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، لەلایەن باڵیۆزخانەی 100 دەوڵەتەوە ئامادەیی پێشاندراوە بۆ ئەوەی چاودێریی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، لەپێش هەموویشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، بەرازیل، ژاپۆن، کۆریای باشوور، سوید هیندستان.

فەرەج حەیدەری لەوبارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی کە کۆمسیۆن بۆ بەشداریی لەو پرۆسەی چاودێریکردنە، داوەتنامەی ئاراستەی باڵیۆزخانەکانی ئەو وڵاتانە کردووە، گوتیشی "تائێستا 150 چاودێری نێودەوڵەتی ڕەزامەندییان لەسەر بەشداریکردن پێشانداوەو ناوەکانی خۆیان پێشکەش کردووە، یەکێک لەوانەی داوامان لێکردووە جیمی کارتەری سەرۆکی پێشووی ئەمریکایە، بەڵام هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە". هەروەها ڕاشیگەیاند کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا کۆمکاری عەرەبی بۆ تەماشاکردنی بارودۆخەکە شاندێک دەنێرێتە هەرێمی کوردستان.



---

پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا:

# ناڕەزایی لایەنە عێراقییەکان ناتوانێ ڕێ لە ریفراندۆمی دەستوور بگرێ

**سەلام سەعدی**

**ڕووداو- بەغدا**

پەرلەمانتارانی کورد لەفراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێن ئەو ناڕەزاییەی هەندێ لایەنی عەرەبی و تورکمانی لە بەرامبەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێشانیدەدەن، ناتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو ریفراندۆمەی بڕیارە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن لە 7/25 بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژەکە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ.

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕۆژی 2009/6/24 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراو بڕیارە لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەنگی بۆ بدرێت. ئەو پرۆژەیە جگە لەوەی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن هەندێ لیست و نووسەرانەوە بەتووندی ڕەخنە لە تێپەڕاندنی لە پەرلەمان و ریفراندۆم لەسەرکردنی دەگیرێ لەوکاتەدا، لەسەر ئاستی عێراقیش لەلایەن هەندێ لە نوێنەرانی عەرەب و تورکمانەوە کاردانەوەی توند لە بەرامبەری پێشاندرا، بەتایبەتیش بەرامبەر بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (2) کە تایبەتە بە سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان. لەو بارەوە 50 پەرلەمانتاری سەر بە لیست و فراکسیۆنە جیاوازەکانی نێو پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو پرۆژەیە دەربڕی و داوایان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد چاو بەپرۆژەکەدا بگێڕنەوە.

بەیاننامەکە کە لەلایەن ئوسامە نجێفی پەرلەمانتاری سەر بەلیستی (العراقیە) خوێنرایەوە، پرۆژەی دەستوورەکەی بە"پرۆژەیەکی ڕەگەزپەرستانە" ناوبرد و دەڵێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی ناکۆکە. هەرچەندە ئەو پەرلەمانتارانە داوای هەڵوێستی یەکلاکەرەوە لەدەستەی سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتی فیدراڵی دەکەن، بەڵام نوێنەرانی کورد لەبەغدا دووپاتی دەکەنەوە کە هیچ ناڕەزایی و هەڵوێست وەرگرتنێک کاریگەری لەسەر وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی دەستوور نابێت.

سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "جارێ ئەوە پرۆژەیەو نەبووە بەدەستوور، پاش ئەوەی دەبێت بەدەستوور حکومەتی فیدراڵی ئەگەر ببینێ دژبەیەکی هەیە لەنێوان ئەو دەستوورەو دەستووری فیدراڵی، دەتوانێ بیداتە دادگای فیدراڵی و لەوێ ئیعتیراز بگرێ". گوتیشی "دادگای فیدراڵی دەتوانێ ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام پاش ئەوەی دەبێتە دەستوور نەک ئێستا کە جارێ هەر پرۆژەیەو هێشتا خەڵک دەنگیان بۆ نەداوە. لەم قۆناخەی ئێستا کەس مافی ئیعتیراز و سکاڵا تۆمارکردنی نییە". سەعدی بەرزنجی کە وەک خۆی دەڵێ لەساڵی 2002ەوە وەک پسپۆڕێکی یاسایی کاری لەسەر ئەو پرۆژەیەی دەستووری هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت "ئەو پرۆژەیە چەندین ساڵە کاری لەسەر دەکرێ و چەندین پێداچوونەوەی بۆ کراوە، ئەو ماددەیەی ئەوان ئیعتیرازی لەسەر دەگرن، ماددەی دووە کە لەدوو بڕگە پێکهاتووەو دڵنیام هیچ ناکۆکییەکی نییە لەگەڵ دەستووری عێراق". هەروەها گوتی "بڕگەی یەکەم دەڵێت (کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوە و لە پارێزگاکانی کەرکووک وسلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زمارو بەعشیقە و ئاسکی کەڵەک لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968یانەوە) ئەم بڕگەیە نابێ کەس ئیعتیرازی لەسەر هەبێت چونکە ئەوە باس لەسنووری جوگرافی و مێژوویی دەکات و بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن".

سەعدی بەرزنجی هەروەها دەڵێت "لەو بڕگەیەدا نەگوتراوە ئەوە سنووری هەرێمی کوردستانە، چونکە لەبڕگەی دووەم دەڵێت: سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بەجێبەجێکردنی ماددەی 140ی



دەستووری فیدڕاڵی دیاری دەکرێ. ئەمەش دەریدەخات کە ئێمە پابەندین بەدەستووری فیدراڵی". هەر لەوبارەوە د.مەحموود عوسمان ئەندامی هاوپەیمانیی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق بۆ (ڕووداو) گوتی کە هێشتا کەس لەدادگای فیدراڵی سکاڵای تۆمار نەکردووە، ئەوانەش کە دژی پرۆژەکەن هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانن نەک هەموو لایەنە عێراقییەکان.

مەحموود عوسمان ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی عێراقی بە "هەڵوێستێکی سیاسی" ناوبرد و گوتیشی "ئەوە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ریفراندۆم".

مەحموود عوسمانیش جەختی لەوە کردەوە کە هێشتا ئەوە پرۆژەیەو تا ریفراندۆمی لەسەر نەکرێ نابێتە دەستوور، کەسیش ناتوانێ سکاڵا لەدژی پرۆژە تۆمار بکات. هەروەها گوتی "پاش ئەوەی لە ریفراندۆم پەسەندکرا و دەنگی هێنا، ئەگەر کێشەکە چووە بەردەم دادگای فیدراڵی و دادگا بینی ناکۆکی هەیە لەگەڵ دەستووری فیدراڵی، ئەوکات دادگا دەستنیشانی دەکات کە کامە ماددەو بڕگە ناکۆکە و داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات ئەو ماددەو بڕگانە دەستکاری بکات نەک هەموو دەستوورەکە ڕەتبکاتەوە".



عومەر عەبدولعەزیز، سەر لیستی چوار حیزبەکە:

# ئەگەر دەنگدانەکە خاوێن بێت لەوانەیە پارتی و یەکێتی نەتوانن حکومەت پێکبێنن

**عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، کە یەکەم ناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازییە، دەڵێ بەدەستهێنانی زۆرینەیەک کە پێکهێنانی حکومەت بۆ پارتی و یەکێتی گرەنتی بکات، لە ئەگەر و نەگەردایە، هەروەها پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوان لیستی دووەمن نەک گۆڕان.**

**رووداو: چۆن دەڕواننە ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** هەڵبژاردنی ئەمجارە نەوعییە. دەنگ و رەنگی جیاوازی تێدایە. لیستی ژمارە 59ی خزمەتگوزاری و چاکسازیی، کایە سیاسییەکەی گەرم کردووە. چاودێرانی بیانی زۆرن. چاودێرانی ناوخۆ چاوکراوەن. تاڵاوی هەڵبژاردنی 2005 وانە و پەندی زۆری داداوە بۆ زۆر کەس و لایەن.

**رووداو: چ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشووتردا هەیە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەو خاڵانەی سەرەوە بەشێکن لە جیاوازییەکان. بەشێکی دیکە ئەوەیە کە دوو ئیرادەی تازە هاتوونەتە ئارا: ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز بۆ گۆڕانکاریی و چاکسازیی. لەگەڵ ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان کە بڕیاریداوە چیدی بێدەنگ نەبێ لە کەموکورتییەکان.

**رووداو: هەست ناکەن لیستی گۆڕان، ئێوەی لە لیستی دووەمەوە کردووەتە سێیەم؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** نەخێر. یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان خۆی بە تەنها هێزی دووەم بووە لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. ئێستا لەگەڵ سێ لایەنی دیکەی خاوەن جەماوەری کوردستان هاوپەیمانێتیمان پێکهێناوە، چۆن دەبێتە لیستی سێیەم؟ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە زاخۆ تا کفری و هەورامان رێکخستنی چالاک و بارەگاو راگەیاندن و جەماوەری خۆی هەیە.

**رووداو: پێتوایە لیستی گۆڕان ببێتە رەوت و چوارچێوەیەکی سیاسی بەردەوام، یاخود کاتییە و ئێوە وەک حیزب پایەی خۆتان دەپارێزن؟**

**عومەرعەبدولعەزیز:** بەرپرسانی لیستی گۆڕان چەندین جار دووبارەیان کردووەتەوە کە نابنە حیزب و رێکخراوی سیاسی. خۆ ئەگەر پاش ئەم هەڵبژاردنە هەڵوێست بگۆڕن، ئەوە باسێکی

## ئاساییە ئێران حەزی لە فرەیی و زۆری لیستەکان بێ

دیکەیەو پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا پێگەو پایەی جەماوەریی ئێمە بەو شتانەوە نەبەستراوەتەوە.

**رووداو: وەک لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری چاوەڕێی چی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەن؟**

**عومەرعەبدولعەزیز:** چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی گەورە دەکەین لە کەش و هەوای سیاسی کوردستاندا.

**رووداو: چاوەڕوانی بەدەستهێنانی چەند کورسی دەکەن؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەگەر پرۆسەکە بە هێمنی و بێ خروقات و گزیکاریی بەڕێوە بچێ، چاوەڕێی 25 تا 30 کورسی دەکەین.

**رووداو: قورسایی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری لەکام پارێزگای کوردستاندایە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** بەبۆنەی قورسایی ئێمە وەک یەکگرتوو، لە هەموو ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان و، قورسایی برایانی کۆمەڵ لەزۆربەی ناوچەکان و بوونی رێکخستنی برادەرانی سوسیالیست و زەحمەتکێشان (ئایندە)، لە زۆر لە شارو شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر، ئێمە وەک لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی لە سەرانسەری کوردستاندا قورسایی و جەماوەرمان هەیە.

**رووداو: پێتانوایە یەکێتی و پارتی ئەوەندە دەنگ بێنن کە بتوانن بەتەنیا حکومەت پێکبێنن؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن ئاسایی و خاوێن بڕوات،ئەو ئاکامە لە ئەگەرو نەگەردایە.

**رووداو: ئەگەر بۆ پێکهێنانی حکومەت لیستی کوردستانی پێویستی بە ئێوەبوو، ئامادەن هاوپەیمانی لەگەڵ بکەن؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** پاش هەڵبژاردن و راگەیاندنی ئاکامەکان قسە لەو مەسەلەیە دەکەین. چونکە ئەوە بەستراوە بە جۆری ئەو گۆڕانکارییانەوە کە هەموو لا چاوەڕێی دەکەین.

**رووداو: بۆچی ئەمینداری یەکگرتوو رێگەی بە محەممەدی حاجی مەحمود نەدا خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەو باسە بەو جۆرە نەبووە. کاک محەممەد خۆی لەبەر هەندێ خاڵ کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە دەستی لەوە کێشایەوە.

**رووداو: دەگوترێ لەنێو چوار حیزبەکەدا بەشێک لە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەنگبدەنە مەسعود بارزانی، بەڵام زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دژی ئەوەن، راستی ئەو مەسەلەیە چییە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** من یەکەم ناوی لیستی خزمەتگوزاریم، تا ئێستا شتی وام نەبیستووە. ئێمە هەڵوێستی رەسمیمان بۆ ئەو خاڵە راشکاوانە بڵاوکردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وەکو چوار حیزبەکە پاڵێوراومان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نییە. مافی هاووڵاتیانە کە دەنگ بە هەر کەس دەدەن بیدەن، سروشتی راپرسی جەماوەریی (ریفراندۆم) بەو جۆرەیە.

**رووداو: ماوەیەکە هەست دەکرێت چوار حیزبەکە لە سەرۆکی هەرێمەوە نزیکن، ئەم نزیکبوونەوەیە تەنیا پەیوەندی بە دەستوورو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەوە هەیە یاخود رێککەوتنێکی دیکە هەیە بۆ بەشداریکردنی ئێوە لەحکومەتی ئایندە؟**

**عومەرعەبدولعەزیز:** من بەرپرسانە پێتدەڵێم کە هیچ رێککەوتنێک نە شاراوە و نە نهێنی لە نێوان ئێمەو هیچ لایەن و قەوارەیەکدا نییە.

**رووداو: هەواڵی ئەوە هەبوو لەبەرامبەر دەنگدانتان بە بەڵێ بۆ دەستوور پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت وەربگرن، ئامادەن بە وەرگرتنی ئەو پۆستە بەشداری حکومەت بکەن؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەو قسەیە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە، زیاتر لە داڵغەی رۆژنامەنوسێکی بێ کەرەستە دەچێ.

**رووداو: بەبۆچونی تۆ لەو پێنج کاندیدەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کامیان شایستەی ئەوەیە ببێتە سەرۆکی هەرێم؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** رۆژی 2009/7/25 وەڵامی ئەم پرسیارەت دەنووسم و دەیخەمە سندووقی دەنگدانەوە.

**رووداو: لە چ شتێکی هەڵبژاردن دەترسن، مەترسی توند وتیژی هەیە بەرامبەرتان؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** بڕواناکەم غەڵەتی توندوتیژی دووبارە ببێتەوە. سەبارەت بە ئەگەری گزیکاری و فرو فێڵیش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردووەتەوە.

## تاڵاوی هەڵبژاردنی 2005 پەندی زۆری داداوە بۆ زۆر کەس و لایەن

**رووداو: پێتوایە لەم هەڵبژاردنەدا بواری ساختەکاری هەبێت؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** هەستمان بە هەندێ کەلێن کردووە و ئیحتیاتی خۆمانمان بۆ وەرگرتووە.

**رووداو: پێتوایە دەنگی یەکەم و دووەم و سێیەم لەنێوان ئێوەو لیستی کوردستانی و گۆڕان دا چۆن دابەش دەبێت؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئەگەر هەڵبژاردن خاوێن و دروست بێت پێموایە لیستی کوردستانی 50 تا 55 کورسی دێنێ و، لیستی ئێمە (خزمەتگوزاری و چاکسازیی) 25 بۆ 30 کورسی دێنین و، لیستی گۆڕان 10 بۆ 12 کورسی دێنن.

**رووداو: ئێران چ پەیوەندییەکی بە لیستەکەی ئێوەوە هەیە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** هیچ پەیوەندیەکی نییە.

**رووداو: بەپێی قسەی قادر عەزیز ئێران زۆری پێخۆشە ئەو لیستەی ئێوە دروستبووە، هەروەها کادیرێکی باڵای یەکێک لە چوار حیزبەکە گوتی ئێران زۆر فشاری کرد بۆ دروستبوونی ئەو لیستە، لەوبارەوە چ هەیە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** ئاساییە ئێران یان هەر وڵاتێکی دیکە حەزی لە فرەیی و زۆری لیستەکان هەبێ. من لە باڵاترین پۆستە حیزبیەکانی یەکگرتوودام و، سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای گشتیم، زۆر لەم (گوتیان) و (دەڵێن)انەم نەبیستووە. ئەوەندە دەزانم ئەگەر لەهاوپەیمانێتی دوو حیزبی دەسەڵاتدا بووینایە، بە ئاشکرایش ئێران یا هەر وڵاتێکی دیکە پشتیوانیی لێ بکردینایە، دەگوترا هەواڵەکە درۆیەو ئەم چوار حیزبە لە حیزبە هەرە رەسەنەکانی کوردستانن، هەروەک لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا بۆ یەکگرتوو و سۆسیالیست و زەحمەتکێشان گوتیان و، بۆ کۆمەڵ و برادەرانی دیکەش بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتیان و، بە باڵاماندا خوێندیان.

**رووداو: هەندێ لیست ترسی ئەوەیان هەیە ئێران سوود لە ئەزموونی خۆی وەربگرێ کە هەندێ سندوقی دەنگ بۆ بەرژەوەندی ئێوە ئاودیو بکات، ئایا ئەو ترسە بۆچی لای ئەو لیستانە دروستبووە؟**

**عومەر عەبدولعەزیز:** من ئەو ترسەشم نەبیستووە. ئێران چ ئیشی بەو بەزمەیە؟ ئەی کۆمسیۆن و هێزە لە ژمار نەهاتووەکە و دەزگا هەواڵگرییە زەبەللاحەکەی دوو حیزبی دەسەڵات لە کوێن و رۆڵیان چییە؟ بەڕای من سەرچاوەی ئەو ترسە لە دابەزینی پێگەی جەماوەریی ئەو لایەنانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەو جۆرە پروپاگەندانە بڵاو دەکەنەوەو، لە گۆترە زەندەقی لایەنگرانی خۆیان دەبەن.

ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی:

# ئەگەرئیسلامییەکان بەیەکەوە یەک کورسی بێنن لە دە کورسی دیکە باشترە



**نەوزاد مەحمود**
**رووداو- هەڵەبجەی شەهید**

**رووداو: ئێستا کە ئێوە ناوێکی لاوازن لە نێو کێبرکێی بانگەشەی لیستەکاندا، تاچەند بڕواتان بەسەرکەوتنی لیستەکەتان هەیە؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** بزووتنەوەی ئیسلامی تاوەکو ساڵی 1996 سێیەمین هێزی کوردستان بوو، دیارە زۆر کێشەو ئینشیقاق و لێکترازان و گەمارۆی سەختی ئابووری روویان لە بزووتنەوە کردو ئەوەیان بەسەرهێنا کە لە ساڵانی رابردوو بینیمان، بەڵام ئێستا بزووتنەوە دەستی بەکارکردن کردووەتەوەو دەیەوێت متمانەی جەماوەری خۆی بەدەست بێنێتەوەو هەر بەو متمانەیەوە بڕواتە پەرلەمانەوە. ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی بە لیستێکی تایبەت بەشدارەو، چاوەڕێین موفاجەئەیەکی باش بۆ لیستەکەمان ببێت، چونکە تاکە لیستی ئیسلامییە. ئێمە ناترسین و رابردوویەکمان هەیەو نزیکەی 1000 شەهید و 5000 پێنج هەزار پێشمەرگەی ماندوومان هەیە کە تائێستاش پابەندن بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە. بزووتنەوە هێزێکی جیهادی چەکداری ئیسلامی بوو، ئەو هێزەی کە هات عێراقی داگیرکرد هەر بۆ ئەوەهات کە دژی ئەو هێزە جیهادییانە کاربکات و ئەوەش وای لێکردین کە زیاتر نەشونما نەکەین. بەشێوەیەکی چڕوپڕ خۆمان بۆ هەڵبژاردن ئامادە کردووەو تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەمان هەیەو تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بەسەر ناوچەکاندا دابەش بوون.

**رووداو: دەتوانن بەژمارە پێشبینی بکەن چەند کورسی بەدەستدێنن؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێمە وەک بزووتنەوە ئەوەندە دەنگ بەدەست دێنین کە تەسەور نەکرێت و موفاجەئە روودەدات. من حەز ناکەم ژمارە بڵێم لەبەرئەوەی ئێمە تاکە لیستی ئیسلامین، چاوەڕوانی سەرکەوتنی گەورە دەکەین.

**رووداو: بۆچی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەسەر داواکاری ئێوە رازینەبوون بۆ دروستکردنی لیستێکی ئیسلامی؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێستا لە کوردستاندا سێ حیزبی ئیسلامی سیاسی هەن، خەڵکی کوردستان موسڵمانەو ئێمە بە کەس ناڵێین موسڵمان نییە، بەڵام موسڵمانی سیاسی جیاوازە لەگەڵ موسڵمانی ئاسایی، ئێمەی حیزبە ئیسلامییەکان ئامانجمان ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بگرینە دەست، چونکە هەرکەسێک سیاسەتی کرد ئامانجی ئەوەیە دەسەڵات بگرێتە دەست. ئێمە تەرحێکی برایانەمان کرد بۆ ئەوان، چونکە ئێمە وەک

## لیستی چوارحیزبەکە ئەو 17 کورسییە بەدەست ناهێننەوە کە ئێستا هەیانە

بزووتنەوە پێمان باشە لەکوردستان یەک لیستی ئیسلامی و یەک حیزبی ئیسلامی هەبێت و یەک لەدوو باشترەو ئێمە تموحمان وایە ئیسلامیەکان یەک بگرین، ئێمە تەرحێکی وامان کرد کە هیچ عوزرێک بۆ خەڵکی ئەو سێ حیزبە ئیسلامییە نەهێڵینەوە. سێ مانگ پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان مەکتەبی سیاسی ئێمە نامەیەکی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کرد، بەوانمان وت بۆ ئەو هێزانەی ساڵانی زووتر نەیاری یەکبوون، ئێستا لیستێکیان هەبێ و ئێمە یەک لیستمان نەبێ. یەکگرتوی ئیسلامی بەنامەیەکی رەسمی وەڵامیان دایەوەو گوتیان ئێمە ئیلتیزامێکمان لەگەڵ ئەو چوارحیزبە بۆ دروست بووەو ناتوانین، بەڵام برایانی کۆمەڵی ئیسلامی بەشێوەیەک وەڵامیان دایەوە کە ئێمە فریای کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیش نەکەوتین، چونکە تەنیا دوو رۆژ پێش راگەیاندنی لیستەکان گوتیان دەتوانن ئێوەش بێنە نێو لیستی چوار حیزبەکەوە، لەکاتێکدا داوای ئێمە بۆ چوار حیزبەکە نەبووەو داوامان تەنها لیستی ئیسلامی بووە.

**رووداو: دەگوترێت کۆمەڵ حەزی نەدەکرد لەگەڵ بزووتنەوە لیستی هەبێت، بۆیە یەکگرتووش بەدەم داواکەتانەوە نەهات؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئەو دوو لایەنە بۆخۆیان سەربەخۆو ئازادن، ئێمە لەگەڵ یەکگرتوو لیژنەی باڵامان هەبووە کە دوومانگ جارێک کۆبووینەتەوە و لەو لیژنەیەشدا ئەوەمان باسکردبوو. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئیسلامییەکان بەیەکەوەبین و یەک کورسیش بەدەست بێنین، زیاتر قازانجمانە لەوەی لەگەڵ خەڵکی دیکەدابین و دە کورسی و چەند کورسی بێنینەوە.

**رووداو: رایەکی وا هەیە کە بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵ و یەکگرتوو چوارچێوەی چوار حیزبەکەیان پێخۆش نییە و هەرلەبەر ئەوەش زۆربەیان دەنگ نادەنە ئەو لیستە، تۆش لەوباوەڕەدای؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** من هیچ وەڵامێک نادەمەوە کە دڵی برایانی کۆمەڵ و یەکگرتوو برەنجێ، ئەوە سیاسەتە و پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە و دەبێت خۆشیان تەحەمولی ئەو بەرپرسیارێتییە بکەن.

**رووداو: ئێوە چاوتان لە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوورە بۆ ئەو هەڵبژاردنە، بەڵام ئێستا ئەو ناوچانەش کێبرکێی گەرمی لیستی کوردستانی و گۆڕان و چوار حیزبەکەی تێدایە، هێشتا دڵنیان کە دەنگی زۆر بەدەستدەهێنن لەو ناوچانە؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێمە جەماوەری تایبەتی خۆمان هەیە، ئەگەر لە ناوچەی هەورامان و شارەزوورو هەڵەبجە ئازادانە دەنگ بدرێت و هەڵبژاردن بکرێت، بزووتنەوە لە هەموو لیستەکان جەماوەری زۆرترە، ئێمە لە رابردوودا لێرە خزمەتی خەڵکمان کردووەو سەروماڵی خەڵکمان پاراستووەو ئێستاش خەڵکی سنوورەکە ئاوات بەو کاتانە دەخوازن کە بزووتنەوەی ئیسلامی دەسەڵاتداریان بووە.

**رووداو: پێتوانییە بزووتنەوە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەهۆی ئەو گۆشەگیرییەی کە تێیکەوت جەماوەرێکی زۆری لەدەستدا؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە هیچ تاکێکی بزووتنەوە نییە لەماوەی ئەو ساڵانەی بێ ئیمکانیەتیماندا چووبێتە نێو پارتێکی عەلمانیەوە، پێشمەرگەکانی ئێمە قبوڵیان بووە پاڵ بەعەرەبانەوە بنێن و نەبنە شتێکیتر، ئەوە لەخۆشەویستیان بوو بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی، لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە گەمارۆ خرایە سەرمان، دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی بیریان لەبڕێوی ماڵ و منداڵی ئێمە نەدەکردەوە.

**رووداو: لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای وشە لەلان نەوشیروان مستەفاوە، ژمارەیەک کادیری راگەیاندنی حیزبە ئیسلامییەکان چوونە ئەوێ، ئایا لەنێو راگەیاندنی بزوتنەوەوە کەس چووەتە ئەوێ؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێمە خۆمان مۆڵەتی پێشمەرگەی خۆمان داوەو وتومانە بۆ مەسەلەی حکومەت ئازادن بچنە ناو حکومەتەوەو خۆتان بژێنن، بەڵام بۆ ناو حیزبی دیکە ئێمە ئەوە ناتوانین، چونکە ئەوە پەیوەندی بەقیامەتیانەوە هەیە.

**رووداو: ساڵی رابردوو بۆ هەستاندنەوەی بزووتنەوە کوڕانی مەلاعەلی گەڕانەوە کوردستان و زنجیرەیەک دیداریان رێکخست لەگەڵ پارتی، ئێستا کەبانگەشەی هەڵبژاردن گەرمە چۆنە ئەوان نەهاتوونەتەوەو بێدەنگن؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێستا میحوەری هەولێری پایەتەخت لەلایەن کاک عیرفانی مامۆستا مەلاعەلی سەرپەرشتی دەکرێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کەمیحوەرێکی زۆر گرنگە، کاک ئیحسانیش لە ئەوروپا دەژی، لەبەرئەوەی ئەندامی سەرکردایەتییەو بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەیە.

**رووداو: لە ماوەی رابردوو مەلا کرێکار گوتی داوا لە ئیسلامییەکان دەکەم یان بەشداری هەڵبژاردن نەکەن یان دەنگ بدەنە لیستی گۆڕان، رای ئێوە لەوبارەوە چییە؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** مامۆستا کرێکار بۆچوونی خۆیەتی و مەبەستی ئەو گۆڕانی کوردستان و دەسەڵات بوو، نەک لیستی گۆڕانی کاک نەوشیروان، دواتریش لەوبارەیەوە لێدوانی دا. ئەوەش وتەیەکی کۆنی مامۆستا کرێکارەو ئێستا وتەی تازەی مامۆستا بانگەشە بۆ لیستی دیکە دەکات، مامۆستا کرێکار داوا لە جەماوەری خۆی دەکات کە دەنگەکانیان بە لیستی ژمارە 58ی بزووتنەوەی ئیسلامی بدەن.

**رووداو: ئێوە خۆتان داواتان لێکرد ئەو بانگەشەیەتان بۆبکات؟**

**ئەنوەرعەنەبی:** نەخێرداوامان لێنەکردووە، مامۆستا کرێکار خۆی بیر دەکاتەوەو لەنێو هەموو بەرامبەرەکاندا بزووتنەوە لەخەڵکی دیکە بە پێویستتر دەزانێ، بۆچوونەکانی مامۆستا کرێکار لە بزووتنەوەوە نزیکترن، لەبەر ئەوە مامۆستا کرێکار وا بیردەکاتەوە دەڵێ هەرکانییەک کە ئاوت لێخواردەوە نابێت پڕی بکەیتەوەو خۆشی لەو کانیەی بزووتنەوە ئاوی خواردووەتەوە.

**رووداو: لە هەڵەبجە پێشبینی بردنەوەی چەند کورسی دەکەن؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** هەڵبژاردنی پێشوو ئێمە بە لیستی خۆمان دابەزین، ئەگەر هاوپەیمانی نەبووایەو یەکگرتوو و کۆمەڵ وەک ئێمە لیستی سەربەخۆ بوونایە ئێمە یەکەمین دەنگ دەبووین، پشت بەخوا ئەوە دووبارە دەکەینەوە.

**رووداو: تۆ بەرپرسی میحوەری گەرمیانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و لە ساڵانی بەهێزی بزووتنەوەش بەشێک لەسەرکردەکانی گەرمیانی بوون، ئایا بزووتنەوە لەو دەڤەرە لاواز بووە خۆت سەرپەرشتی دەکەیت ؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** ئێستاش بزووتنەوە لە گەرمیان جەماوەری فراوانی هەیە، لە کەلار و کفری و دەربەندیخان و سنووری هەموو گەرمیان من لەوێ بەرپرسم لێی،بێگومان چەند هێندەی هەڵبژاردنی پێشوو لەگەرمیان دەنگ بەدەست دەهێنین . خەڵکی گەرمیان خەڵکێکی قارەمان و خواویستن، ژمارەیەکی زۆری شەهیدەکانی ئێمە شەهیدی گەرمیانن و کەسوکاری ئەو شەهیدانە هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ سەرخستنی ئەو لیستەی بزووتنەوەو گەشبینین لە گەرمیان.

**رووداو: لەو بڕوایەدای کۆمەڵ و یەکگرتوو بەهۆی ئەوەی لەگەڵ دوو پارتی عەلمانی دابەزیون دەنگی هەموو ئەندام و لایەنگرانیان بێنن؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** من بڕوام وایە لیستی چوار حیزبەکە، ئەوەی کە ئێستا هەیانە لە پەرلەمان ئەوە ناهێننەوە، لەبەرئەوەی ئێستا چەند لیستێکی دیکە دروست بووە، ئەوەی پارتی و یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکەن لیستی دەسەڵاتەو ئەوەی کاک نەوشیروان بانگەشەی بۆ دەکات و دنیای ورووژاندووە ئەوەش بۆخۆی دیارەو لیستی چەپەکانیش لەولاوە بابوەستێ، کەواتە کاتی خۆی کۆمەڵی ئیسلامی کە دەنگێکی زۆری هەبووە، هەندێکی دەنگی خەڵکی دیکە بووەو ئێستە خەڵکەکەی دیکە خۆی لیستی هەیە .لەلایەکی دیکەشەوە زۆرینەی زۆری ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرکردایەتی خۆیان نەبوون کە لیستیان لەگەڵ چوارحیزبەکە دروستکرد، بۆیە پێشبینی دەکەم چوار حیزبەکە نەتوانن ئەو 17 ئەندام و پەرلەمانە بنێرنەوە پەرلەمان.

**رووداو: پێتوایە هەڵبژاردن گۆڕانکاری دروست بکات، وەک چۆن لە بانگەشەی لیستەکاندا باسی لێ دەکرێت؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** دیارە گۆڕان روودەدات و گۆڕانی جوزئیش دەبێ، ئەوەی ئێستا هەیە هیچی نامێنێت و لە قۆناخێکی دیکەوە دەست پێدەکاتەوە. ئەوە بۆخۆی گۆڕانێکە، پاشان پارتی و یەکێتی کە بۆخۆیان لە دەسەڵاتدان خۆشیان داوای گۆڕان دەکەن، هەموو لیستەکانیش دروشمی چاکسازی و گۆڕانیان بەرزکردووەتەوە. کەواتە ئەو گۆڕانە دەبێت ببێت.

## لیستی گۆڕان لەئەنجامدا هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتیدا دروستدەکاتەوە

**رووداو: ئێستا لیستێکیش بەناوی گۆڕان هەیە و نەوشیروان مستەفا رێبەرێتی دەکات، تۆ چۆن لەو لیستە دەڕوانی، لەو بڕوایەدای دوای هەڵبژاردن لیستی گۆڕان چی دەکات، ئایا هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەک پێکدێنێت؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** سەبارەت بەو لیستە بۆچوونی خۆم هەیە، چونکە هەمیشە بانگەشە شتێکەو ئامانج شتێکی دیکەیە، ئێستا زۆر شتی ئاڵاوواڵا باس دەکرێ، باسی گۆڕانکاری دەکەن و جەماوەرێکی زۆریان لە یەکێتی دابڕیوە، تەنانەت لەناو سەرکردایەتی یەکێتیش ژمارەیەک سەرکردەیان دابڕیوە، بەبۆچوونی من لیستی گۆڕان ئەوەندە ناهێنێت کە حکومەت پێکبێنێت و زۆرترین کورسیش بێنێت 20کورسییە، کە ئیللا دەبێت هاوپەیمانی دروست بکات و بەبڕوای من لیستی گۆڕان لەئەنجامدا لەگەڵ یەکێتی هاوپەیمانی دروستدەکات، چونکە هیچ لایەنێک لەیەکێتی نزیکتر نییە لەلیستی گۆڕانەوە.

**رووداو: زۆرشت لەلایەن چاودێرانی سیاسی لێک دەدرێتەوە بۆ ئەو رەوشەی یەکێتی و لیستەکەی نەوشیروان مستەفا، تۆ وەک خۆت چۆن پێشبینی سەرەنجامەکەی دەکەیت؟**

**ئەنوەر عەنەبی:** کورد واتەنی سیاسەت دایک و باوکی نییە، واتە شتەکان هەموویان قابیلی روودانن و ئازادیشن لەوەی کەدواجار چی دەکەن، بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم و بەبۆچوونی خۆم، ئەو مەسەلەیە بەشانۆگەری تێگەیشتووم.

# هونەر و هەمەجۆر



## میرە ناهێڵێ

**ڕووداو - هەولێر**

**گۆرانیبێژی گەنج میرە، دوای ئەوەی گۆرانی (قەدەر)ی کلیپ کرد، چەند ڕۆژێکە کۆتایی بە کلیپکردنی گۆرانی (چۆن دەهێڵم) هێناوە کە ئاوازەکەی لەلایەن هەڵکەوت زاهیر دانراوەو تێکستەکەی هۆنراوەی هەرێم یاسینە دانراوەو کاری دابەشکردنی مۆزیکیشی هێمن حوسێن ئەنجامیداوە. ئەو گۆرانییەی میرە لەلایەن دەرهێنەر محەممەد جەمیل کلیپ کراوەو، هەشتەمین گۆرانی یەکەم ئەلبوومی میرەیە بەنێوی (ببوورە) کە لە ساڵی 2007 بڵاوکرایەوە، کلیپەکە بەمزووانە لە کەناڵی کۆڕەکەوە نمایش دەکرێ.**

# دەنگ بە بەند ناکڕدرێت



## من وەک خۆشەویستی خۆم بۆ لیستی گۆڕان ئەو بەندانەم گووتوون، بەڵام لایەنگری هیچ لیستێک نیم

گۆران ئینزیبات

**ڕووداو — هەولێر،سلێمانی**

"لیستی گۆڕانە گۆڕان . منیش گۆڕانم دەوێت"، ئەمە یەکێکە لەبەندەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە لەلایەن بەندبێژ گۆران ئینزیباتەوە بەسەر لیستی گۆڕانیدا گوتووە. گۆران ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بەندانەی لە باوەڕی خۆیەوە هەڵقوڵاون "نە بۆ پاداشت نە بۆ هیچ شتێک، بەڵکو دەربڕینی هەستی خۆشەویستی خۆمە بۆ لیستی گۆڕان". ئەو بەندبێژە کە دەڵێ خوازیارە گۆڕان لە سیاسەتی کوردی دا ڕووبدات، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت "من خۆم نەداوەتە پاڵ لیستێک، ئەو بەندانە ناخ و هیواو ئاواتی خۆمە، نە هیچ لیستێکم و نە هیچ حیزبێکم".

گۆران وەک خۆی باسیدەکات 12 ساڵ ئینزیبات بووە لای یەکێتی، باوکی شەهیدی یەکێتییە. بەڵام 5 مانگە وازی لە ئینزیباتی هێناوە و ئێستا بێ کارە، تەنها جار جارە لەگەڵ تیپێکی مۆزیک بەشداری ئاهەنگەکان دەکات، دەڵێت "تا ئێستا پەلە پووشێکم وەرنەگرتووە، ئەو ئاهەنگانەی بۆ یەکێتیشم کردوون پارەکانیم وەرنەگرتووە، ئەوان هەر خەریکی پارەخواردن و گەندەڵین".

بەهۆی زۆری لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان دا، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ گەرموگوڕییەکی زۆری پێوە دیارە، هەڵمەتەکان هەر بە لافیتە و نووسراوی گەورەی فلێکس و ڕیکلامی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان نەوەستاون، بەڵکو ئەمساڵ یەکێک لە دیاردە باوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەڵگوتنی بەندە بەسەر لیستەکان دا بەتایبەتی بەسەر لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی دا.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد پێیانوانییە ئەم جۆرە بەندانە هیچ جۆرە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لە بیروڕای دەنگدەران بکەن، بەڵکو بەندبێژەکان تەنیا بۆ ناودەرخستن و پارە پەیداکردن ئەوە دەکەن، چونکە ئەوە کاری هونەرمەند نییە، بەڵام بەشێک لە بەند بێژەکان ئەوە بە ئازادی بیروڕا دادەنێن بۆ گۆرانیبێژان. ئینزیبات دەڵێت "من ئەو بەندانەم بۆ ئازادی و ناخی خۆم گوتووە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ گۆڕان، چونکە نابێت گۆرانیبێژ خۆی بە هیچ حیزبێک ببەستێتەوە".

کاروان شارەوانی، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 پشکداری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کرد بە بەند، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەم هەڵبژاردنەشدا داوایان لێکردووە بەند بەسەر لیستەکانیان بڵێت، بەڵام ڕەتیکردووەتەوەو دەڵێت "لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانیش داوایان لێکردم ڕازی نەبووم، چونکە بۆ هەر لیستێک بیڵێی لیستەکەی دیکە ڕقی لێت دەبێتەوە، هونەرمەندیش بۆ ئەوە نەهاتووە ئیشی سیاسی بکات، من ئەگەر بۆ لیستێک بەند بڵێم دەبمە ماڵی ئەو لیستە و دەبێت ئیش بۆ ئەو لیستە بکەم".

کاروان شارەوانی، کە نازناوەکەی لە ناوی گەڕەکەیان لەشاری سلێمانی سەرچاوە دەگرێ، لەساڵی 2005 بە بەندبێژی پشکداری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کرد بۆ لیستی 730، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ هیچ بەندێکی نەگوتووە بەسەر لیستێکی دیاریکراودا. کاروان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوسا وەک ئێستا لیستەکان زۆر نەبوون " ئەوکات بۆ کوردستان بوو، ئەوکاتیش جەماوەر داوای کرد و منیش ڕام وابوو خەڵکی کورد هانبدەم بۆ ئەوەی مافمان لە عێراق دا نەخورێ"، کاروان شارەوانی کە لەساڵی 2004ەوە

## ئەو بەندانە بازاڕیان نییە

خاوەنی تۆمارگە و سەنتەرەکانی بڵاوکردنەوە

بەندبێژە، گوتیشی "من تائێستا 3 گۆرانیم بەسەر مام جەلال دا گوتووە، کەچی یەک مووچەم لەو وڵاتە نییە".

ئەوەی هیچ گرنگییەگی نییە لەلایەن فەرمان محەممەد، قوتابی زانکۆ، وەک بەشێک لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەندەکانە. فەرمان پێیوایە ئەو کەسانەی کە پێشتر خۆیان یەکلایی کردووەتەوە ئەو بەندانە کاریان لێناکات "بەڵام بۆ هەرزەکار و هەندێک هەواداری بەندبێژەکان ڕەنگە کاریگەری هەبێت، ئەویش بەڕادەیەکی زۆر کەم". هەروەها فەرمان زیاتر دەڵێت"هونەرمەندان و کەسایەتییە هونەرییە بەهێزەکان ئەو کارە ناکەن چونکە ئەوان هونەر دەکەن نەک پروپاگەندە و گۆرانییەک بۆ لیستێک بڵێن، بۆ نێوبانگی خۆیان و بەرژەوەندی، خۆیان لە لیستە بە تواناکان نزیک دەکەنەوە، یاخود پشتوانی خۆیان بۆ لیستێکی دیاریکراو دەردەبڕن".

بەڵام کاروان شارەوانی پێیوایە مەسەلەکە تەنیا قازانج و پارە نییە لە گوتنی بەند بەسەر لیستێکدا " هونەرمەندی باشمان هەیە لەئێران بەندبێژ و گۆرانیبێژمان بۆ دەهێنن بەدڵنیاییەوە دەڵێت ئەگەر بەند بڵێم ئەوپەڕی دەنگدانەوەی دەبێ و لەرادیۆ خەڵک گوێی بۆ دەگرێت". کاروان لەو بڕوایەدایە کە "ئەگەر بتەوێت لیستێک سەربخەی دەبێت پشت بە هونەرمەندی میللی ببەستیت".

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆرانی و کاسێتی بەندەکان بازاڕی نووسینگەکانی فرۆشتنی بەرهەمی بەندبێژەکان لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هیچ گەرموگوڕییەکی پێوە دیار نییە. خاوەن نووسینگەکان دەڵێن ئەو بەندانە کاریگەرییەکی ئەو تۆ ناکەنە سەر دەنگدەران، بەڵکو هەر بازاڕیشیان نییە.

دیدار شێرزاد، خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ لە هەولێر، کە 11 ساڵە خەریکی بڵاوکردنەوەو فرۆشتنی ئەلبوومی هونەرمەندانە دەڵێت"کاریگەرییەکەیان بەو ڕادەیە نییە، تەنیا ئەوانەی هەرزەکارن و هەواداری ئەو جۆرە هونەرەن کاریگەرییان لێ دەکات".

شوان خۆشناو، دانیشتووی شاری هەولێرە و بەتووندی ئەو دیاردەیە ڕەتدەکاتەوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە هەندێک لە لیستەکان پەنایان بۆ بردووە، سەرسوڕمانی خۆیشی ڕاگەیاند لە زۆربوونی دیاردەی بەندبێژی وەک بەشێک لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، دەڵێت"بەندبێژ ئەگەر پارەی نەخەیە ناو گیرفانییەوە یەک بەندت بۆ ناڵێت"، خۆشناو هەروەها گوتیشی "دەنگ ویژدانە، بە بەندو وتاری هەینی و ئەو جۆرە شتانە ناکڕدرێت".



## لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی داوایان لێکردم، بەڵام ڕازی نەبووم بەندیان بۆ بڵێم

کاروان شارەوانی

---



# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

وا باشە دەست بگرنەوە لەو خەرجییە زۆرەی هەتانبووە، چونکە چەندین پێویستی زیاتر لە ڕۆژانی داهاتوو دێنە پێشەوە، پێویستت بە پشوودانێکی تەواو هەیە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

کاتێکی باشە بۆئەوەی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ هاوکارەکانی کارکردن بەهێز بکەن، چونکە هەوڵ بۆ نزیک بوونەوەتان دەدەن، دەتوانن کارێکی زیاتر لە کارەکەی خۆتان بکەن، یان شوێنی کار بگۆڕن.

### گا
Apr 20–May 20

دەتوانن گەشتێک بکەن بە هاوڵی ئازیزانتان، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ خەڵکانی بەتوانا و پلە بەرز بەهێز دەبێت و باشە بیر لە پرۆژەی نوێ بکەنەوە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

لەگەڵ ئەو هەموو کارەی بەسەرتانەوە ماوەتەوە گۆڕانکاری لە ماڵدا دەکەن، لەلایەن هەندێک کەسانەوە سەردانتان دەکرێت بە کتوپڕی، پێویستە کەمێک وەرزش بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونیتان.

### جمک
May 21–Jun 21

ئازیزانتان لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە ئێوەیە، هەوڵبدەن هاوسەنگی لە نێوان دەسکەوت و خەرجی ڕابگرن، ئەو پارەیەی بە قورسی دەستت دەکەوێت بە ئاسانی دەڕوات.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

گرنگی بە ماڵ و خێزان دەدەن و دەخوازن گۆڕانکاری لە ماڵەکانتان بکەن. لە کارەکان چەند هەنگاوێکی نوێ دەنێن، سۆزدارەکانتان وا هەستدەکەن ئێستا کەمتر گرنگیان پێدەدەن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

پەیوەندییەکانتان لەگەڵ شوێنە دوورەکان و دەرەوەی وڵات بەهێز دەبێت. کەمتەرخەمی مەکە لە گرنگیدان بەو ئازیزەی پێویستی بە تۆیە، دەتوانن هەندێک گۆڕانکاری لە ماڵ دا بکەن، چەند پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی کارەکان هەر بە هێمنی بەڕێوە دەچن.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

بڕیارەکان دەکەونەوە دەست خۆتان، چەندین دەرگا بە ڕووتاندا دەکرێنەوە، بەڵام ناتوانن لە هەموو ڕێگەکاندا کار بکەن، پێویستە ئەو هەنگاوە جێبەجێ بکەن کە دڵنیان توانای جێبەجێکردنیتان هەیە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

وا باشە زۆرترین سەبر و خۆڕاگریتان هەبێت لەکاتێکدا ڕەخنەتان لێدەگیریت. تەنها ئەو بەڵێنانە بدەن کە توانای جێبەجێکردنیتان هەیە، وا باشە بەهۆی کەمێک بێزاری، دەست لە کارەکانتان نەکێشنەوە.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

پێویستە زیاتر هێمن بن لەگەڵ چوار دەورەکەتان ڕەنگە لەلایەن هەندێکەوە تێڕوانینی ناڕاست هەبێت بەرامبەرتان، دیدارێکی نوێ ڕۆڵی گۆڕانی گەورە لە داهاتووی ژیانتان دروست دەکات.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

دوو دڵ مەبن لە بیر و بۆچوونەکانتان، پێویستت بە ئاسودەیی زیاترە و بۆ ئەم مەبەستە دەبێ شوێنی گونجا و هاوڕێی گونجاو هەڵبژێریت کە دڵنیا بیت ئەوانە توانای ئاسودەکردنی تۆیان هەیە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

سەرەتای هەفتە چەندین دڵخۆشیتان دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانە نوێیانەوە و دەتوانن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە، هاوڕێ و ئازیزی نوێ دەناسن لە ژیانتان و دەتوانن پشتیان پێ ببەستن.

---

# قوبادی هیوای بە ژنانە



**ڕووداو– ویلیچ ویس**

بەهمەن قوبادی دەرهێنەری بەنێوبانگی کورد، دوای دەستگیرکردنی و 7 ڕۆژ مانەوەی لە زیندان، گەڕایەوە ئەڵمانیاو ئێستا لەو شارە دەژی، دەڵێ " خەڵکی ئێران ئیتر ناترسێن، دەوڵەت دەبێ گوێ لە ویستی خەڵک بگرێ، ئەگینا دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانێکی خوێناوی بکەین".

قوبادی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵیZDF ی ئەڵمانی ڕایگەیاند "لە کاتێکدا من بۆ بینینی دایکم دەچوومە ماڵەوە، لە ئێران دەستگیرکرام و 7 ڕۆژ لە گرتووخانەدا مامەوە". ناوبراو گوتیشی "بە بینینی ڕووداوەکانی ئێستای ئێران، زۆر هەست بە نارەحەتی و شەکەتی دەکەم و تائێستا دۆخی لەم چەشنەم لە ئێران نەبینیوە". قوبادی هەروەها دڵنیایە کە ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران دا کراوەو ڕەخنەی لە هەڵوێستی وڵاتانی جیهان گرت و گوتی"پێم سەیرە کە بۆچی هیچ وڵاتیک سەبارەت بە دۆخی ئێستای ئێران هەڵوێستیکی جیدی وەرناگرێ، ئەوەی ئەمڕۆ لە کەناڵەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەبینرێ، هەموو ئاماژە بە ترس و لاوازی ئەو حکومەتە دەدەن، ئەگەر حکومەتی ئێران ناترسێ با سەر لە نوێ دەنگەکان بژمێرێتەوە".

بەهمەنی قوبادی لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند کە "خەڵکی ئێران ئیتر ناترسێن و دەزانن بە چ شێوەیەک لەگەڵ ئەم حکومەتە بەربەرەکانی بکەن، دەوڵەت دەبێ گوێ لە ویستی خەڵک بگرێ، ئەگینا دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانێکی خوێناوی بکەین".

بەهمەنی قوبادی ڕەخنەی لە دۆخی ژنان گرت لە ئێران و لە هەمان کاتدا باوەڕی پتەوی خۆیشی بە خەباتی ئەوان نیشاندا و گوتی" ئەگەر دەتانەوێ وڵاتێک بناسن و تێگەیشتنێکی شیاوتان بۆ کولتووری ئەو وڵاتە هەبێت، باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ژنانی ئەو وڵاتە بناسن، ژنان هێزێکن کە تەنیا بە بەشداری ئەوان دەکرێ ئێران لە چنگ دیکتاتۆری ڕزگار ببێت".

---

# خەڵک بەسەر سەری دیاز دەکەون



**ڕووداو– AP**

کامیرۆن دیازی کچە ئەکتەری ئەمریکی، لەئاهەنگێکی تایبەتدا، ئەستێرەیەکی بەنێوبانگی پێبەخشراکە لەسەرشۆستەی نێودارەکانی شاری هۆلیوودی هونەری، ناوی لەسەری دەنەخشێنن.

کامیرۆن پەردەی لەسەر ئەستێرەی ژمارە 2386 لادا کە تایبەت بوو بە خۆی، کە دوای ئەوە وەک یەکێک لەنێودارانی سینەمای هۆلیوود دیاریکرا، ئەوەی پێ بەخشرا. کامیرۆن دیاز سەبارەت بەو ڕێزلێنانە، دەڵێ "دانانی ناوم لەسەر شۆستەی نێودارەکان خۆشحاڵم دەکات، چونکە شادمان دەبم کە لەخوار پێی هەوادارانمەوە دەبم".

شۆستەی نێوداران بەشێوەیەک دروستکراوە کە هەر سینەماکارێکی بەنێوبانگ هەر کاتێک ئەستێرەیەکی پێببەخشرێت ناوی لەسەر ئەستێرەکە دەنووسرێت و لەسەر شۆستەی نێوداران دادەنرێ و خەڵکیش بەسەریدا دەڕۆن. پێشتریش لە دوو ئاهەنگی جیاوازدا بەهۆی سەرکەوتنی زۆریەوە دوو ئەستێرەی سینەمایی لەلایەن دووکەناڵی ئاسمانییەوە پێبەخشرا.

---

# شەوکەت ئەمین بووە ئەندامی ئەکادیمیایەکی جیهانی

**مەنسوور جیهانی**

**ڕووداو– تاران**

دەرهێنەری کورد شەوکەت ئەمین، وەکو ئەندامی ئەکادیمیای خەڵاتی سینەمایی سکرینی ئاسیا پەسیفیک APSA وەرگیرا.

لەفیستیڤاڵی ئەکادیمیای خەڵاتی سینەمایی سکرینی ئاسیا پەسیفیک APSA، دەرهێنەری کورد شەوکەت ئەمین وەکو ئەندامی ئەکادیمیاکە وەرگیرا. ئەم فیستیڤاڵە ساڵانە لە شاری گۆلدکۆئێستی ئوستراڵیا سازدەکرێت. نێوی دەرهێنەری کورد شەوکەت ئەمین وەکو ئەندامی ئەکادیمیای خەڵاتی سینەمایی سکرینی ئاسیا پەسیفیک، لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە لەلایەن بەرپرسانی ئەو ئەکادیمیایەوە لە ڕێورەسمی کۆتایی فیستیڤاڵی ئاسیا پەسیفیک لە هوتێلی شیراتۆن لە شاری گۆلدکۆئێستی ئوستراڵیا ڕاگەیێنرا.

ئەکادیمیای خەڵاتی APSA لە ساڵی 2006 لە ئوستراڵیا بەمەبەستی دیاریکردنی باشترین بەرهەمەکانی سینەمایی ئاسیا دامەزراوە و هەموو ساڵیک بۆ هەموو بوارێک وەکو خەڵاتی ئوسکار، باشترین 5 کاندید هەڵدەبژێرێت.

شەوکەت ئەمین کۆرکی، ساڵی 1973 لە گوندی کۆرکی سەر بە شاری زاخۆی باشووری کوردستان لەدایکبووە و، ساڵی1975 لە بەر هێرشی ڕژێمی بەعس ئاوارەی ئێران بووەو هەتا ساڵی 1999 لەوێ دەمێنێتەوە. لە بواری شانۆ و تەلەفزیۆن و سینەمادا لە شارەکانی ئێران و کوردستان کاری کردووە. تائێستا بەهۆی فیلمەکانییەوە 8 خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە.



---

# چێشتی کوردی تەمەنت درێژ دەکات

**ڕووداو– ئینروز**

توێژینەوەیەکی نوێی تەندروستی دەریخستووە، ئەو پێکهاتە خۆراکیانەی لەخواردن و چێشتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەکار دەهێنرێن، سوودێکی زۆریان بۆ دروستبوونی جەستەیەکی تەندروست هەیەو تەمەنیش درێژتر دەکەن.

ئەو تیمە تەندروستییەی سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، زیاتر لە 23 هەزار کەسی لە هەردوو ڕەگەز بەشدارکردووە لە توێژینەوەکەیداو، داوای لێکردوون وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە دەربارەی سیستەمی خۆراکیان ئاراستەیان دەکرا لەماوەی 8 ساڵدا، بەتایبەتیش خۆراکی ڕۆژهەڵاتی.

دیمتریۆس ترکۆبۆلۆس لەبەشی تەندروستی گشتی زانکۆی هارڤەرد کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، گوتی لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکدا سەبارەت بەپەیوەندی خۆراک و نەخۆشی شێرپەنجە، توێژینەوەیەکمان ئەنجامدا بۆ زانینی سوودەکانی ئەو جۆرە خۆراکانەی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکار دەهێنرێن. ترکۆبۆلۆس ئەنجامەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، ئەو خۆراکە ڕۆژهەڵاتیانەی زۆرترین ڕێژەی سەوزەیان تێدا بەکار دەهێنرێ، تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکەن".



# تاراوگە



## کوردێک دانیمارکی ناچارکرد نەینێرێتەوەسلێمانی



روداو-دانیمارک
یەکێک لەو پەناخوازە کوردانەی کە پۆلیسی دانیمارکی دەیویست بە زۆرەملێ سواری فرۆکەی بکەن لەفرۆکەخانەی کوپنهاگنەوە بۆ سلێمانی، بەهۆی نارەزایی زۆری کوردەکە، پۆلیسی دانیمارکی ناچار بوو، مەسەلەکە بدەنە دادگا و لەم چەند رۆژەی داهاتوودا، چارەنووسی ئەو پەناخوازانە ئاشکرا دەبێت.لەم بارەیەوە هانز ڤیگۆ یۆنسۆن، وتەبێژی هێزی پۆلیسی دانیمارک گوتی" کەسێک ئامۆژگاری هەڵەی داوە بەو پەناخوازانە کە نەگەرێنەوە عێراق". ئەو یەکێکە لەو 25 پەناخوازەی کە دانیمارک دەیەوێ لەو ماوەیەدا بیاننێرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی عێراق دەڵێن 10 لەوانە ناسنامە عێراقییەکانیان ساختەیە.

## هێشتا لەسەر مەلا کرێکار رێکنەکەوتوون

# نەرویج و عێراق لەسەر ناردنەوەی پەناخوازان رێککەوتوون



روودا-نەرویج
هەردوو وەزارەتی دەرەوەی عێراق و نەرویج دەستیان بەگفتوگۆکردووە، لە بارەی ئەو رێککەوتننامەیەی پێشتر سەبارەت بە ناردنەوەی ئەو پەناخوازە عێراقییانە مۆریان کردبوو کە داوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتییان رەتکراوەتەوە.

رۆژی 2009/6/29، وەزیری دەرەوەی نەرویج یۆناس جارشتۆبار، لەگەڵ هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامەیەی تاوتوێکرد کە هەردوو وڵات لەبارەی ناردنەوەی زۆرەملێیانەی پەناخوازان واژۆیان کردووە.

پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوێد بەهۆی سیاسەتی رەتکردنەوەی وەرگرتنەوەی ئەو پەناخوازانەی داواکانیان بۆ پەنابەری رەتکراونەتەوەو، سوێد دەیەوێ بیاننێرێتەوە تووشی ساردی هاتن لە ساڵی رابردوودا. بەڵام حکومەتی عێراق کە ئێستا رێککەوتنی لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئەوروپاییدا بەستووە لەوانەش نەرویج بۆ وەرگرتنەوەی پەناخوازانی، حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە بەر ئەمری واقیع.

مانگی ئایاری رابردووش هەردوو حکومەتی دانیمارک و عێراق، رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد، بەپێی ئەو رێککەوتنامەیە 280 پەناخوازی عێراقی بە زۆرەملێ رەوانەی عێراق دەکرێنەوە، کە ژمارەیەکیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن، لەبەرامبەریشدا دانیمارک لەهەندێک لەقەرزەکانی لەسەر عێراق خۆشدەبێت.

سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازانی عێراقی کە سەرەتا لە بەریتانیاوە دەستیپێکرد، لەساڵی رابردووەوە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتووەتەوە، لە دوایین هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپاشدا، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا ئەو حیزبە راستڕەوانە سەرکەوتن کە دروشم و گوتارەکانیان لەسەر دانانی سنوورێک بۆ بەخشینی مافی پەنابەری چڕکردووەتەوە.

هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان وا رادەگەیێنێت کە دژی وەرگرتنەوەی پەناخوازانی دیپۆرتکراوە، بەڵام حکومەتی عێراق کە لەهەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیدایە لەگەڵ وڵاتانی جیهان، پەیتا پەیتا رێککەوتننامە لەگەڵ ئەو وڵاتانە مۆر دەکات کە بڕیاریانداوە پەناخوازان بەزۆرەملێ رەوانە بکەنەوە. لە 15ی مایسی رابردووش، سەرباری هۆشداریدانی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ حکومەتی نەرویج ئیمزاکرد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پەناخوازانەی داواکانیان رەتکراوەتەوە. حکومەتی نەرویجیش رۆژی دووشەممەی رابردوو رایگەیاند کە نێردەی دیپلۆماسی خۆی رەوانەی بەغدا دەکاتەوە. بۆرن یانسن گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج لەوبارەوە رایگەیاند کە جارێ باڵیۆزی وڵاتەکەیان لەعەممانی پایتەختی ئوردن کاری باڵیۆزخانەکەیان لەبەغدا بەڕێوەدەبات، بەڵام لەئایندەیەکی نزیکدا نێردەی دیپلۆماسی خۆیان رەوانەی عێراق دەکەنەوە.



تائێستا یەکێک لەوکێشانەی لەنێوان عێراق و نەرویجدا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، مەسەلەی رادەستکردنەوەی مەلا کرێکاری ئەمیری پێشووی رێکخراوی ئەنسار ولئیسلامە کە لەلایەن دادگای عێراقییەوە داواکراوەو حکومەتی نەرویج بەبیانووی ئەوەی لەعێراقدا سزای لەسێدارەدان جێبەجێ دەکرێ، ئامادەنەبووە رادەستی بکاتەوە، بەڵام هێشتا دیارنییە پێشڤەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات چارەنووسی کرێکار بەرەو چ ئاقارێک دەبات.

# حکومەتی کوردستان بکوژەکەی بەناز دەداتەوە دادگای بەریتانیا

رووداو-بەریتانیا
محەممەد ساڵح عەلی، کە لە کوردستانەوە رەوانەی بەریتانیا کرایەوە، بڕیارە لەم چەند رۆژەی داهاتوودا، بچێتە بەردەم دادگای بەریتانی بە تۆمەتی ئەوەی لە بەریتانیا دەستی هەبووە لە کوشتنی بەناز مەحمود لە ساڵی 2006 دا.

محەممەد، ساڵح عەلی، بە تۆمەتەکانی پێوەندی هەبوون بە کوشتنی بەناز و، هەڕەشەی کوشتن لە رەحمەت سلێمانی، دەچێتە بەردەم دادگایەکی بەریتانی.

بەناز پێش ئەوەی بکوژرێت، بەهۆی ئەوەی پەیامێکی ڤیدیۆی بەجێ هێشتبوو، یارمەتییەکی زۆر گرنگی ئاشکراکردنی تاوانبارەکانی دا، بەناز لەو ڤیدیۆیەدا دەڵێ ترسی لێنیشتووە کەسوکاری بیکوژن.

بەناز لە دوای سەری ساڵی 2005، ڤیدیۆکەی تۆمار کردووە،ئەویش دوای ئەوەی باوکی ویستوویەتی بیکوژێت و لەنێو ڤیدیۆکەدا بەناز دەڵێ "زۆر لە ژیانم دەترسم".

ساڵی رابردوو، ئەوە لەسەر دوو ئەفسەری پۆلیس ئاشکرابوو کە هیچ گرنگییان بە داواکانی بەناز مەحمود نەداوە بەوەی داوای لێکردوون رزگاری بکەن و رێگە نەدەن کەسوکاری بیکوژن.

وتەبێژی ئەو دادگایەی کە محەممەد ساڵح تێیدا دادگایی دەکرێت، لەو بارەوە گوتی" محەممەد ساڵح لە رۆژی 2009/6/29 نێردراوەتەوە بەریتانیا، کە دادگای باڵای بەریتانیا داوای رەوانەکردنەوەی کرد بوو و بەپێی ئەو رێککەوتننامەیەی ساڵی 1933 لە نێوان حکوومەتی بەریتانی و عێراقدا هەیە، رەوانەکردنەوەکەش لە لایەن بەرپرسانی عێراقییەوە جێبەجێکرا".

بەناز، تەمەن 20 ساڵ، کە لە شاری لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا دەژیا، لە سەرەتای ساڵی 2006 دیارنەما و پاش سێ مانگ لاشەکەی لە شاری بێرمینگهام دۆزرایەوە کە خنکێنرا بوو، پاشان پارچە پارچە کرابوو و دواتریش خرابووە نێو جانتایەکەوە، ئەوەش دوای ئەوەی دەستدرێژی کرابووە سەر.

مەحموود محەممەد، 53 ساڵ، کە باوکی بەنازە و ئاری محەممەد، 51 ساڵ کە مامی بەنازە فەرمانی کوشتنی بەنازیان دەرکردبوو، دوای ئەوەی بەناز رازی نەببوو بە زۆر شوو بکات و ماڵەوەی بەجێهێشتبوو، لەگەڵ ئەوەش پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پەنابەرێکی کوردی ئێرانی هەبووە بەناوی رەحمەت سلێمانی.

ئەو دوو پیاوە لەگەڵ پیاوێکی دیکە بەناوی محەممەد حەمە، 30 ساڵ، لە ساڵی 2007 لەسەر تاوانی کوشتنی بەناز حوکمی زیندانی هەتا هەتاییان بەسەردا سەپێنرا.

لە رۆژنامەی Telegraph-ی بەریتانییەوە وەرگیراوە





# کاروباری ژنان

## بنار خۆی سووتاند



ڕووداو-هەولێر

ڕۆژی 2009/6/26 کچێک بەناوی بنار، تەمەن 18ساڵ، لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر خۆی سووتاند. بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستدا. بنار کە بە ڕێژەی 100% سووتابوو، دوای 15کاژێر مانەوە لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی گیانی لەدەستدا. بنار سکاڵای لە کەس نەکردووەو لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "کێشەم لەگەڵ کەس نییە، ئەوکاتەی بە تەنیا لە ماڵ بووم، نەوتم بە خۆم داکردو ئاگرم لەخۆم بەردا".



### دوای گوێگرتن لە بەرنامەیەکی دەروونی

# دوو خوشک پێکەوە بڕیاری خۆ کوشتن دەدەن



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

ڕەشپۆشـــی و بێدەنگی سەراپای ماڵی گوڵاڵە و عایشەی داپۆشیوە، دایکیان لەبەر گریان زۆر بەکەمی قســەی بۆ دەکرا، ریش هێشتنەوەی باوکیان خەمی کارەساتەکەی ڕوونتر نیشاندەدا کە لە بڕیاری خۆکوشتنی هاوبەشی دوو کچی ئەو ماڵەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەگەڕەکـــی نـــەورۆزی هەولێـــر دوو کچ بەناوەکانی گوڵاڵە موحسین عەزیز، تەمەن 19ســاڵ، عایشــە محەممـــەد عەزیز، 24 ســاڵ، لە ئێوارەی2009/6/21 بە دەمانچە لە خۆیانداو، گوڵاڵە گیانی لەدەســتدا، ئەو فیشەکەی عایشەش لەخۆی داوە، دەم و ددان و زمانی بڕیوەو تائێستا توانای قسەکردنی نییە، نەقیب ژیلەمۆ عەبدلقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیــژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، باوکیان ڕۆژێک گیرا، پاشان بە کەفالەت ئازادکرا "لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەرکەوتووە، خۆیان گوللەیان لەخۆ داوە".

ئەوکاتەی عایشــە تەمەنی 5 مانگ بوو، باوکی بە کارەســاتێک مردو دایکی عائیشە شـــووی بە موحسین عەزیزی مامی عائیشە کردەوە. دڵخواز کەریمی دایکی عایشـــە، 3 کوڕو5 کچی هەیە. گوڵاڵە کە کچی موحسینە، وەک عائیشە هەردووکیان نەخوێندەوارن. ئەو ئێوارەیەی عایشــەو گوڵاڵە بڕیاری مەرگیان دابوو، باوکیان لە ماڵی دراوسێیەکەیان بوو، دایکیشیان لە بازاڕبوو.

موحسین ئەفســەری سەربازییەو دەڵێت پێشـــتر هەستی بە شـــتێک کردبوو، بەڵام نەیدەزانی دەگاتە حاڵەتی خۆکوشتن"دوو ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە گوڵاڵە کز و بێدەنگ بوو، نانی کەم دەخوارد، لێمپرســی کچم چیتە، بتبەمە نەخۆشخانە؟ گوتی نا بابە باشم".

دڵخـــوازی دایکیـــان بەر لـــەوەی بچێتە بـــازاڕ دەبینێت گوڵاڵە گوێ لـــە بەرنامەی (دەروونزانی و کۆمەڵ) دەگرێت کە یوسف عوسمان پسپۆڕی دەروونی لە ڕادیۆی ئاشتی پێشکەشـــی دەکات، عایشـــەش لەبەردەم تەلەڤزیۆن دانیشتووە، دڵخواز خواحافیزیان لێـــدەکات، بـــەڵام ئـــەوان وەڵام نادەنەوە.

دڵخواز لە کاتی گەڕانەوەدا دەبینێت خەڵکی گەڕەکەکەیان بەرەو ماڵی ئەوان غار دەدەن، بێ ئاگا لەوەی کە کچەکانی چ کارەساتێکیان قەوماندووە.

دڵخواز تەرمی هەردوو کچەکەی دەبینێت کە شـــەڵاڵی خوێـــن بوون، موحســـینیش بەپەلە دەگەڕێتەوە ماڵ و خۆی کچەکانی بۆ نەخۆشخانە دەگوازێتەوە، موحسین کە ئەو داخـــەی هەرگیز لە دڵ دەرناچێت و دەڵێت "لە نەخۆشـــخانەی فریاکەوتن ئۆکســـجین نەماوە بیکەنە ســـەر دەمی گوڵاڵە، ئەگینا ڕەنگە نەمردایە".

وەک باوکیـــان گێڕایـــەوە کچـــەکان کارەکەیان لە ژووری نووستن ئەنجامدابوو، 4 فیشەکیان لە ژێر دەمیان دابوو، گوڵاڵە گوللەکەی لە نێوچەوانی هاتبووە دەرەوەو گیانی لەدەســـتداوە، بەڵام گوللەکان تەنیا دەم و ددان و زمانی عائیشەیان گرتووە،بەڵام ئەویش تائێستا توانای قسەکردنی نییە تا ڕووداوەکە بگێڕێتەوە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتـــوون، ئـــەو کچانە لە ڕقـــی دایکیان خۆیان کوشـــتووە، بەڵام دڵخـــواز لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو قســـانە هیچ پاســـاوێک نابینێت بۆ خۆکوشتنی کچەکانی. موحسین و دڵخواز دەڵێن بە هیچ شێوەیەک کێشەمان نەبووە"نازانیـــن بۆ خۆیان کوشـــت، ئەوە قسەو قســـەڵۆکی خەڵکە ســـەد قسەیان لەدوایان کردووە".

هەرچەندە یوسف عوسمان پێشکەشکاری بەرنامەی (دەروونزانی وکۆمەڵ)، نەیزانیووە عایشەو گوڵاڵە دوای بەرنامەکەی ئەو خۆیان کوشـــتووە، بەڵام دەزانێت لەو ڕۆژە باسی هەڵسوکەوتی دایک و زڕدایکی کردووە "ئەو ڕۆژە زۆر تەلەفۆنمان بۆ هاتن، کە باســـی هەڵسوکەوتی خراپی دایک و باوکیان دەکرد، زۆر ماندووبوون بەوەی کە دەیانویست دایک و باوکیان بگۆڕن، بەڵام نەیاتوانیبوو، داوامان لێیان دەکرد، خۆیان بگۆڕێن، نەوەی تازەن دەبێ سینگیان فراوانتر بێت".

ئـــەو دەروونزانـــە دەڵێت "لـــە ماوەی 8ســـاڵی بەرنامەکەم بەپێـــی ئەو نامانەی پێمانگەیشـــتووە، زیاتـــر لـــە 380 کچ لە خۆسووتاندن و خۆکوژی بەهۆی بەرنامەکەوە پەشـــیمان بوونەتەوە". یوسف پێشیوایە عایشەو گوڵاڵە ڕەنگە نەیاتوانیبێ ئامۆژگاری بەرنامەکە جێبەجێ بکەن کە خۆگۆڕینیانەو فشاری دایک و باوکیشـــیان لەسەر بووە، بۆیە "ئەوانیش بڕیارێکـــی هەڵەیان داوە، دەبوایە خۆڕاگر بن".

لەکاتی ڕووداوەکە جگە لە عایشەو گوڵاڵە خوشکێکی بچوکیان لەماڵ بووە، چاوی بە خوێنی خوشـــکەکانی کەوتووە، بۆیە لەو ڕۆژەوە خـــەوی لێ ناکەوێـــت و بەردەوام دەبوورێتـــەوە. دڵخواز دوای کەمێک ڕامان، بە دەنگێکی پـــڕ گریانەوە دەڵێت "جەرگم سوتا، خەوم نەماوە، داوا لە خوا دەکەم ئەو کچەمان بۆ بهێڵێتەوە".



شوێنی گوللە لە ماڵی عائیشە و گوڵاڵەدا

(فۆتۆ: ڕووداو)

**دوو ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە گوڵاڵە کز و بێدەنگ بوو نانیشی کەم دەخوارد**

موحسین عەزیز، مامی عائیشە



# کەمال ڕۆژێک بەر لە زەماوەندەکەی خۆی کوشت

## دوا نامەی بۆ دەستگیرانەکەی: جوانە گیان تامردن لەبیرت ناکەم

زانیار مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

کاژێـــر 8:30 ســـەر لەبەیانـــی، دەنگی فیشـــەکێک خێزانی عەبدوڵـــڵا مەحمودی ڕاچڵەکاند و کاتێک گەیشتنە چێشتخانەی ماڵەکەیـــان، بینییان لاشـــەی کوڕەکەیان لەســـەر زەوی کەوتـــووە. ئـــەو خێزانە کە هەموو کاروبارەکانی زەماوەندی کوڕەکەیان تـــەواو کردبوو، فیشـــەکێک زەماوەندەکەی لێکردنە شـــین و بۆ هەتاهەتایە چرای ئەو زەماوەندەیان کوژایەوە.

عەبدوڵڵا مەحمود، کە ســـەتان چیرۆکی کوێـــرەوەری و بەدبەختی لەنێـــو چاوانیدا دەخوێنرێنەوەو داخی گەورەی خۆکوشتنی کوڕەکەی هەموو چیرۆکەکان دادەپۆشێت، بە گریانێکی قوڵەوە دەڵێ "کوڕەکەم لەگەڵ مێرولەیەکیش کێشەی نەبوو، نازانم بۆ خۆی کوشت".

ڕۆژی 2009/6/26 لـــە گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی، هاووڵاتییەک بەناوی کەمال عەبدوڵـــڵا مەحمود، تەمەن 37ســـاڵ لەنێو چێشـــتخانەی ماڵەکەیاندا خۆی کوشـــت. کەســـوکارەکەی تائێســـتاش نازانن کەمال بۆچی خۆی کوشـــت، دەستگیرانەکەشـــی هەرگیز چاوەڕێی بیســـتنی ئـــەو هەواڵەی نەدەکرد، ئەو دەڵێت "کەمال لە دوا مەسجدا بۆی نووسیبووم تا مردن لە بیرت ناکەم".

هەموو خێزانەکەی کەمال لە پرسەیەکی قوڵدا دەژین و پێناچێت بەئاسانی سەبووری و دڵنەوایی بگەڕێتـــەوە نێویانەوە، چونکە جگە لـــەوەی کە کوڕێکیان لەدەســـتداوە، هەموویـــان ئامـــاژە بەوە دەکـــەن کە تاکە ئیشـــکەری ماڵەکە بووە وەک باوکی کەمال گوتی "بەخوا 15 ســـاڵە، 13 ســـەر خێزان بەخێو دەکات".

ئەحمەدی برای کەمال، لـــەو باوەڕەدایە کە کەمال تەنیا کێشەیەکی تایبەت بە خۆی هەبووە "زۆر شەرمن و کەم ڕوو بوو، هەرگیز ڕووینەدەهات باســـی کێشەی خۆی بکات"، گوتیشی "ژنی بەدڵی خۆی هەڵبژاردووە 10 ڕۆژ پێش ئێســـتاش گرێبەستی هاوسەری دەرهێنـــاوەو بەردەوامیش وەک کەســـێکی دڵخـــۆش دەردەکەوت". ئەحمـــەد زیاتر لە بارەی برا جوانە مەرگەکەیەوە قســـەدەکات و دەڵـــێ "هەموو بەیانییـــەک پەیوەندی بە بەرنامـــەی ڕادیۆکانەوە دەکـــرد، بەتایبەت ڕایـــۆی نەوا، زۆر هـــاوکاری خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتیشی دەکرد".

شـــەش مانگ لەمەویـــەر کەمال کچێکی ناســـیاوی خۆیانی خواســـت، ماوەی سێ مانگیشە وەک خۆ ئامادەکردن بۆ زەماوەندی هاوسەری، شوققەیەکی گرتبو و، بەردەوام پێداویســـتییەکانی ماڵ دروســـتکردنی بۆ دەکێشایەوە و چەند ڕۆژێک پێش ئێستاش دەســـگیرانەکەی بردووەتە بازاڕو دیاری بۆ کڕیوە. بڕیاربوو ڕۆژی شەممە زەماوەند بکەن، بەڵام کەمال ڕۆژی هەینی خۆی کوشت.

بەهرە عەبدوڵڵای خوشکی کەمال، بەدەم هەنســـکی گریانەوە، نازانـــێ لەبارەی کام ڕەوشتی براکەی قسە بکات و دەڵێت کێشەی لەگەڵ کەسیان نەبوو، ئەو خۆی بۆ زەماوەند ئامادە دەکرد. گوتیشـــی "ماوەی دووساڵە دایکمان مردووە، بەڵام کەمالی برام جێگەی دایکمی بۆ گرتبوومەوە، چونکە زۆر باش بوو لەگەڵم و ئێستا هەستدەکەم دایکم مردووە".

بەهـــرە درێـــژە بەگریـــان و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکـــە تراژیدیـــە دەدات کە براکەی دروستیکردو دەڵێ "بەیانی ئێمە بەدەنگی فیشـــەکەکەی ئەو خەبەرمان بـــووەوە، کە چووینە چێشتخانەکە لەسەر زەوی کەوتبوو، بردمانە نەخۆشخانەو لەوێ پێنج دەقیقەیەک ژیاو ئیتر مرد". شەهلا حەسەنیش کە براژنی کەمالە دەڵێ "13 ســـاڵە بووکی ئەو ماڵەم، هەرچی پێداویســـتی و خەرجـــی ماڵەکەی منیشـــە کەمـــال دابینی دەکـــرد و ئەرکی منداڵەکانی منیشی لەســـەر بوو، بەڕاستی ڕەوشتێکی بەرزی هەبوو".

جوانـــە عەبدولـــی دەســـگیرانی کەمال لەبـــەر گریان دەنگی نووســـاوەو چاوەکانی سووربوون، ئەو کە ئەستێرەی بەختی هەر بەئاســـمانەوە کوژایەوەو ئەو جلانەی لەبەر نەکـــرد کە کەمال بەدیـــاری بۆی کڕیبوون، ڕەتیکـــردەوە کە کەمال هیچ کێشـــەیەکی هەبووبێت و دەڵێ ئەگەر کێشەیەکی هەبووایە جوانترین پێداویســـتی ماڵی بۆ نەدەکڕیم و خانووی بۆ بە کرێ نەدەگرتم و زەماوەندی خەنەبەندانی بۆ نەدەکردم. گوتیشی "ئەو تەنهـــا بەگیان وەڵامی دەدامـــەوەو زۆربەی ژەمەکانی ئێوارانیـــش دەیبردمە دەرەوە بۆ نان خواردن و یەکجاریش دڵی نەشکاندووم و وشەی نەخێرم لێ نەبیستووە".

دوا یـــادەوەری جوانە لەگەڵ کەمال، ئەو نامەیە کە بۆی نووســـیوەو ئێســـتا لەنێو مۆبایلەکەیدا هەڵیگرتووە، لەو نامەیەدا کەمال بۆ جوانەی نووسیوە "جوانەگیان بڕوام پێ بکە تامردن لەبیرت ناکەم و لەناخی دڵەوە پیرۆزبایت لێدەکەم". گوتیشی "خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکرد بچم بۆ ئارایشتگە، کاتێک گوێم لێبوو گوتیان کەمال فیشەکی بەرکەوتووە، کە گەیشتمە ئەوێ بردبوویانە نەخۆشخانە، زۆرم حەز دەکرد گوێم لە دوایین هەناسەی بێت، بەڵام بەداخەوە نەمبینییەوە".

# باوکێک دەرگا لە کوڕەکەی ناکاتەوە



فەرمان چۆمانی
ڕووداو-ڕانیە

تا ئـــەو کاتەی محەممەد کاســـبی دەکرد، کوڕە عاقڵ و باشەکەی باوکی بوو، بـــەڵام کە ئۆتۆمبێل لێیدا و باری دەروونی تێکچوو، ئیدی محەممەد چیتر ئەو کوڕە باشەی باوکی نەما و لە ماڵ دەرکرا و، ئێستا مزگەوت بووەتە ماڵی محەممەد.

محەممەد ڕەسوڵ، گەنجێکی تەمەن 25 ســـاڵە و دانیشـــتووی ڕانیەیـــە، پێنج ســـاڵ لەمەوبەر بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ چاوەکانی لەدەستدان و باری دەروونیشی بەرەو خراپی ڕۆیشت. دواتر لەلایەن کەسوکارییەوە دەرکراو ئێستا خەڵک هاوکاری محەممەد دەکات.

ئەو گەنجە لەسەر زاری خۆی باسی نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی کردو گوتی "پێنج ســـاڵ لەمەویـــەر ئۆتۆمبێلێکی لاندگـــرۆزەر لێیدام، پێـــش ئە و کاتە ڕۆژانە کاسبیم دەکرد و ئێواران پارەکەم دەدایـــە باوکـــم ئەویش دەســـتی بۆ بەسینگەوە دەنام، بەڵام لەو کاتەوە کە ئۆتۆمبێل لێیدام، لەماڵەوە دەریان کردم بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانم".

محەممـــەد وەک خـــۆی باســـیکرد تائێستا چەند جارێک لە دەرگای ماڵی باوکـــی داوە، بـــەڵام ئـــەوان دەرگەی لێناکەنەوە"باوکـــم ســـەرەڕای ئەوەی دەریکـــردم، پارەیەکی زۆریشـــی لەو شوفێرە وەرگرت کە لێیدام، بەڵام یەک فلســـی نەدامێ". ئە و گەنجە بەهۆی ئـــە و ڕوداوەی هاتووچۆ باری دەروونی تێکچووە و دەڵێت "مێشکم تێکچووە و لایەکی ڕۆیشتووەو چەند جارێک جەڵتە لێیداوم و دنیا لەلام ســـەراو بن بووەو گۆڕاوە".

محەممەد بەر لەوەی باری دەروونی تێکبچێ خێزاندار بـــووە، ئەو لەبارەی چارەنووسی خێزانەکەی گوتی "لەکاتی ڕووداوەکە خوشـــکم بـــە خێزانەکەمی گوتبوو مردووە، ئەویش لە داخان خۆی سووتاندو مرد".

جـــاران محەممەد باکـــی بە کەس نەبـــوو، خەڵک چـــاوی لە دەســـتی محەممەد بوو، باوکی ئێواران چاوەڕێی ئەو چەند دینارەی دەکرد، کە محەممەد بە ئارەقەی نێوچەوانی پەیدای دەکرد، بەڵام ئێستا محەممەد چاوی لە دەستی خەڵکەو، لە گەنجێکی کاسبەوە گۆڕا بۆ گەنجێکی سواڵکەر.

محەممەد دەڵێت "ئێستا ڕۆژانە خەڵک خێرم پـــێ دەکات و ڕۆژانی هەینی لە مزگەوتەکان دادەنیشم"، محەممەد دەڵێ " زۆر بێـــزارم لـــە و ژیانە، چونکە ئەو تەمەنەی من هی ئەوە نییە سواڵ بکەم، ئەوە کەی باوکە من هەمە، تائێستا پێم ناڵێ لە کوێی چەند جارێک چوومەتەوە دەریان کـــردووم، بۆیە داواکارم لە خوا یـــان چاک ببمەوە یا بمرم و لە و ژیانە ڕزگارم ببێت".

گرفتی ئـــە و گەنجـــە لەوەدایە کە بەتەنها باوکی نییە کە خۆشی ناوێت، بەڵکو بەپێی وتەکانی ســـەرەتا دایکی باش بووە لەگەڵی، بەڵام دواتر ئەویش خراپ بووە و خوشـــک و براکانیشـــی لێیدەدەن و جنێوی پێدەدەن و دەڵێت "جاران گەنج بووم و کاســـبیم دەکرد، ئـــە وکاتە کاکە بووم ئێســـتا بوومەتە شەمشەمە کوێرە".

ئـــە و گەنجە ئێســـتا شـــەوانە لە مزگەوتەکان دەمێنێتەوەو خەڵک بەتانی و جلی دەداتێ و ترسی لەوەش هەیە کە شەوێک بکوژرێت، بۆیە دەڵێت "داواکارم کە هاوکاری بکرێم و شوێنێک بمگرێتە خۆ بۆ ئەوەی لە و ژیانە ڕزگارم بێت".

محەممەد بە خۆزگەیەکی زۆریشەوە گوتی "هەموو خۆزگەم ئەوەیە چاوەکانم چاک ببنەوە و خانوویەکی دوو نهۆم و ئۆتۆمبێلێکی ڕاقیم هەبێ و ژن بێنم".



### بێکەس حەمەد قادر، سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان:

# سەمیرە سەعید بەعسی بوو بۆیە کۆمیسۆن لە لیستەکەی ئێمەی لادا

**بێکەس حەمەد قادر، سـکرتێری پارتی نیشـتمانی کوردسـتان و پاڵێوراوی ژمارە یانزەی لیستی یەکسانی و چاکسازی کۆمەڵایەتیی، کە لیستی 7 حیزبی چەپە (حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشان، بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان، پارتی نیشتمانی، حیزبی ڕزگاری، پارتی کاری سەربەخۆیی و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان). بێکەس لە بارەگاکەی خۆی بە کۆمەڵێک ئارەزووەوە خەون بە کورسییەکی پەرلەمانەوە دەبینێ، بەڵام دەڵێ ئەگەر ببێتە پەرلەمانتار مووچەی پەرلەمان وەرناگرێت. دیواری دەرەوەی بارەگەکەیان بە کۆمەڵێک دروشم و تابلۆی ڕازاوە سیمای سەرگەرمی ئەو حیزبەی بە کاروباری هەڵبژاردن دەگەیاند، بەڵام تەلەفزیۆنی بارەگاکەیان لەسەر کەناڵی Zee aflam بوو کە فیلمێکی هیندی لەسەر بوو. لەناو ئەو ئامادە لێک جیاوازانەدا ئەو وتوێژەمان لەگەڵ ئەنجام دا.**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: چۆن وەگەڵ شیوعیان کەوتی؟**

**بێکـــەس:** وەگـــەڵ شـــیوعیان نەکەوتووم، لیســـتەکەمان لە حەوت حیـــزب پێکهاتووە و هاوپەیمانییەتێکی چەپەکانمان پێکهێنا.

**ڕووداو: پێشبینی چەند کورسی بۆ لیستەکەتان دەکەی؟**

**بێکەس:** 1تا 6 کورسی.

**ڕووداو: بـــەڵام ڕیزبەندی تۆ وەک ســـەرۆکی حیزب 11هەمینە؟**

**بێکـــەس:** کێشـــەیەک نییە، گرنـــگ ناوی حیزبەکەمان بوو.

**ڕووداو: خدر ڕووســـی لەکاتی قسەکردن بۆ ڕاگەیاندن تووڕە دیارە بۆچی؟**

**بێکـــەس:** لەوانەیە زۆر حەزی لێ بێت بچێتە پەرلەمان.

**ڕووداو: خـــدر ڕووســـی دەڵـــێ کار بـــۆ وەدەستهێنانی 100کورسی دەکەین؟**

**بێکەس:** منیش وام بیست، بەڵام لیستی ئێمە خۆی 80 پاڵێوراوە.

**ڕووداو: چۆن بوو بەهادین نوریش وەگەڵ ئێوە کەت، خۆ هەر دەیگوت لە سەرەمەرگدام؟**

**بێکـــەس:** بەهائەدیـــن نوری و کەســـایەتی دیکەشمان لەگەڵدان، کۆنە شیوعییەکان ئەوانەی لە ماڵەوەش دانیشتوون پشتیوانیمان دەکەن. من لەو بڕوایەدام بەهائەدین نوری چلەی ماتەمینیش بۆ ئێمە دەکات، ئەو هەر نامرێت.

**ڕووداو: جەماوەری زەحمەتکێشان لەگەڵ قادر عەزیز دان یان بەڵێن عەبدوڵڵا؟**

**بێکەس:** زەحمەتکێشـــان بە سروشتی خۆی حزبێکی خۆشەویســـتە، لەوانەیـــە ئەو حیزبە جەماوەرییە نەبووبێت، لەســـاڵی 1992ەوە ئەو حیزبە هەر ئینشیقاقی لێکراوە، بەڵام شەرعیەتی زەحمەتکێشـــان لای ئێمەیە. چونکە زۆرینەی مەکتەبی سیاســـی و ســـەرکردایەتی و لقەکان لای بەڵێنن. بەڵام ئێمە حیزبەکانمان زۆربەمان حیزبی نوخبەین.

**ڕووداو: بە حیزبی شیوعیشەوە؟**

**بێکەس:** بەڵێ بەحیزبی شیوعیشەوە حیزبی نوخبەین، نەک حیزبی جەماوەری.

**ڕووداو: سەمیرە ســـەعید، کە وەک خەڵکی دهۆک لە لیستەکەی ئێوەدابوو، بۆچی لادرا؟**

**بێکەس:** ئەو وەک پاڵێوراوی حیزبی ڕزگاری بە ســـەرۆکایەتی ڕێکار ئەحمەد دانرابوو، بەڵام کۆمسیۆن لایدا، گوتی ئەوە بەشداری هەڵبژاردنی بەعســـی کـــردووە، بە دوو فلتـــەردا تێپەڕی و ناوەکەیان لادا.

**ڕووداو: چەند پارەتان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخان کردووە؟**

**بێکەس:** پارەیەکمان داناوە، بەڵام ژمارەکەی نازانم، ئەوپارەیەی دانراویشە زیاترزەحمەتکێشان و حیزبی شیوعی دایاننـاوە و خەرجی دەکەن.

**ڕووداو: بۆ ڕیـــکلام کردن زیاتر بایەخ بەچی دەدەن؟**

**بێکەس:** ئێمە هەموو شێوازێکمان گرتووەتە بەر وەک کۆڕی جەماوەری و ئاهەنگ و ڕیکلامی نـــاو ڕۆژنامە. ئاهەنگێکمان لـــە هۆڵی میدیای هەولێر کرد، وەک دەستپێکردنی هەڵمەتەکەمان هەردوو قاتی هۆڵەکەو دەرەوەش پڕیبوو.

**ڕووداو: بـــەڵام دەیانگـــوت خەڵکەکـــە بـــۆ ئاهەنگەکە هاتبوون؟**

**بێکەس:** ئاهەنگیش ئامرازێکە بۆ ڕێکلام. من پێموایە ئەگەر حیزبێک نەیتوانی بگاتە پەرلەمان هەقە بیر لە چارەنووسی بکاتەوە.

**ڕووداو: ئێـــوە ئەگەر ئەو جـــارە نەتانتوانی بگەنە پەرلەمان خۆتان هەڵدەوەشێننەوە؟**

**بێکەس:** ئێمە بە تەنیا دانەبەزیوین، تاوەکو بزانین چەنـــد دەنگ دێنیـــن. بۆنمونە حیزبی شـــیوعی 70ســـاڵە لە مەیداندایە ئەگەر نەگاتە پەرلەمـــان دەبێ بەخۆیـــدا بچێتـــەوە. دەبێ بەشێوەیەکی دیکە بێینەوە مەیدان. ئەگەر ئێمە وەک پارتی نیشـــتمانی لیســـتی سەربەخۆمان هەبوایـــە و یەک کورســـیمان نەهێنابوایە، ئەوا حیزبەکەی خۆمان هەڵدەوەشاندەوە. حیزبەکانی دیکەش کە دەنگیان نەهێنا پێویســـتە پایدۆزی لێ بکەن و پارتی و یەکێتیش عاقڵ بن و چیتر ئەوان دانەبەستن.

## ئەگەر بچمە پەرلەمان پێشنیازی کردنەوەی دیسکۆ دەکەم

**ڕووداو: زۆربەی لیســـتەکان چەند مەلایەکی تێدایە، لیستی ئێوە هیچ کەسێکی لەم بابەتەی تێدایە؟**

**بێکەس :** جەمەدانی بەسەرمان لەگەڵ دایە، بـــەڵام مەلامان لەگەڵدا نییە، بۆ لیســـتی ئێمە قورسە مەلامان لەگەڵ دابێ، ئێمە دژی ئیسلام نیـــن، بەڵام دژی ئەفکاری مەلایانین، هەر جوان نییە بۆ لیســـتەکەی ئێمە کە بانگێشەی چەپ بکات و مەلا پێشەوایەتی بکات. ئێمە خۆمان بە چەپ و مارکسی عەیار 24 دەزانین، مەرج نییە تەور و داس دروشـــممان بێت، لەوانەیە گوڵێک مۆمێک بکەینە دروشم، وەک ئێستا کە گوڵێکە.

**ڕووداو: قورسایی ئێوە زیاتر لە کوێیە؟**

**بێکەس:** قورســـایی ئێمە پتر لـــە هەولێر و حەوزی سۆرانە، دواتر سلێمانی و گەرمیان.

**ڕووداو: لیستی ئێوە زیاترلەلایەن کام توێژەوە پشتیوانی دەکرێت؟**

**بێکەس:** زۆرینەی لیستەکەی ئێمە گەنجە، بە ژنەکانیشـــەوە، تاک و تەرا خەڵکی بەتەمەنمان لەگەڵ دایە، بـــەڵام ئەوانیش خۆیان بە دڵ تەڕ دەزانن.

**ڕووداو: ئەگـــەر تـــۆ چوویـــە پەرلەمان چی دەکەی؟**

**بێکـــەس:** ئەوەی ئـــەو ئەنـــدام پەرلەمانانە نەیانکـــردووە ئـــەوە دەکەم، بـــۆ نموونە هیچ مووچەیەکم ناوێت. هەروەها یەکێک لە خاڵەکانی بەرنامەی لیستەکەشمان ئەوەیە 30%ی مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوبەرە گشتییەکان کەم دەکەینەوە.

**ڕووداو: بە بڕوای تۆ لەو 24 لیســـتەی هەن چەندیان دەگەنە پەرلەمان؟**

**بێکەس:** بە بڕوای من چوار لیســـت دەگەنە پەرلەمان: کوردستانی، گۆڕان، ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی ئێمە و لیستی ئیسلامییەکان.

**ڕووداو: جیـــاوازی نێـــوان لیســـتەکان چۆن دەبینن؟**

**بێکەس:** بە دڵنیاییەوە جیاوازی زۆر دەبێت، پێموانییە هیچ لیستێک بتوانێت ڕکابەری لیستی کوردســـتانی بکات، گۆڕان دەڵێ 35تا 40دێنم بەڵام ئەمە خەیاڵە، چونکە تائێستاش هەناسەمان بەدەست پارتی و یەکێتییە، لە بەردەستێکەوە بگرە تا دەگاتە وەزیر هەموو پارتی و یەکێتیین، ئەمە بە کودەتـــا دەکرێت، بۆ قۆناخی ئەمڕۆی کوردســـتانیش تەنیا پارتی و یەکێتی دەتوانن کودەتا لەسەر یەک بکەن.

**ڕووداو: ئەی چوار حیزبەکە؟**

**بێکەس:** بەهاتنی لیستی گۆڕان چوار حیزبەکە لە پاشەکشەدان.

**ڕووداو: بۆ ســـەرۆکایەتی هەرێم لیستی ئێوە بڕیاری چی داوە؟**

**بێکەس:** ئێمە دەنگ بە شایســـتەترین کەس دەدەین، کە بەڕای ئێمە تا دوو قۆناخی دیکەش کاک مەسعود بەدیلی نییە. لیستەکەشمان هەر هەمان هەڵوێستی هەیە.

**ڕووداو: ئەو پرەنسـیپەی کە ئێوە جەختی لەسەر دەکەنەوە چییە؟**

**بێکـــەس:** ڕووبەڕووبوونـــەوەی ناعەدالەتی و گەندەڵی و تەزکییـــەی حیزبی و پاوانکردنی سەروەت و سامانی وڵات، کە بەدەست یەکێتی و پارتییە، دەبێ دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت و دادوەری لە حکومەت جیابکەینەوە.

**ڕووداو: چیتان بۆ گەنجان پێیە؟**

**بێکەس:** بـــێ بەشـــترین توێژ لە کۆمەڵی کوردەواری گەنجە، گەنجێک هـــەژدە ســـاڵە ڕادەکات، دەبـــێ پڕۆژەیەکی تێروتەسەل هەبێ بۆ ئەو گەنجانە و کۆچی پێچەوانە لە دەرەوە بۆ ناوخۆ بکەین، کـــە ئەویش بە جادەی قیر و فرۆکەخانە ناکرێت، دەبێ ئازادییەکی تەواو فەراهام بکەین. بۆچی گەنج خانووی خۆی نەبێت.

**ڕووداو: ئەی لەبارەی کردنەوەی شوێنی خۆشی و دیسکۆوە؟**

**بێکـــەس:** مـــن بچمە پەرلەمـــان یەکەم کەس دەبم پێشنیازی ئەوە دەکەم کە دەبێ دەیان دیســـکۆ لە کوردستان بکرێنەوە، واتە بە پڕۆژەی یاســـایی داوای کردنەوەی دیسکۆ دەکـــەم، چونکە ناکرێت وڵاتێک بانگەشـــەی مەدەنییەت و دیموکراســـی بکات، ســـینەما و دیسکۆی نەبێت، 311 مزگەوت لەهەولێر هەیە، بەڵام یەک دیســـکۆ و یەک سینەمای نییە، ئەوە کارەســـاتە. ســـاڵانە ملیۆنان دۆلاری کوردســـتان دەچێتە سوریا، بۆچی ئەو پارەیە لێرە نەمینێتەوە.

## ئەو حیزبانەی دەنگ ناهێنن پێویستە پایدۆزی لێ بکەن و پارتی و یەکێتیش چیتر حیزبان دانەبەستن

# لیستەکان باس لە لۆگۆکانیان دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

لـــە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا 24 ئـــارم و لۆگۆی جیاواز لە فۆرمـــی دەنگدەرانداا دادەنرێن، کە هەر یەکەیان دەربڕی بۆچوونی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنـــە، هەندێک لە لۆگـــۆکان هێمان بۆ هاوپەیمانێتی نێوان لیســـتەکان و بەشێکیشیان هەر لۆگۆی حیزبەکەیان داناوەتەوە.

چەند دەســـتێک لە گوڵێکی سوور ئاڵاون، ئەوە لۆگۆی 7 حیزبی چەپی کوردســـتانییە کە ناوی لیســـتەکەیان ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. د.هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاســـی حیزبی شـــیوعی کە هاوکات وتەبێژی لیســـتەکەیە لەبارەی لۆگۆکەیان دەڵێت "ئەو چەند دەســـتە هێمایە بۆ هاوپەیمانێتی نێوان7 حیزبی چەپی کوردستان، کە بە هەر هەموویان دەیانەوێ ئەو گوڵە سوورە بگەیێننە پەرلەمان"، سەبارەت بە هەڵبژاردنی گوڵی ســـوریش، هادی گوتی "گوڵی ســـوور هێمای نوێبوونـــەوەی ژیانە، هێمایەکـــە هێزێکـــی دیموکراتیخواز بەکاریدەهێنێ بۆ تەعبیرکردن لە ڕاو بۆچوونی خۆی".

ژمـــارە 4 بـــەدوای خۆیـــدا چوار ڕەنگـــی لە شـــێوەی شـــەکانەوەی ئاڵایەکدا ڕیز کـــردووە کە بریتین لە ڕەنگی قاوەیی، شین و،سپی، سوور، کە ئەمـــەش هێمایەکە بۆ هاوپەیمانی نێوان دوو حیزبی ئیســـلامی و دووی عەلمانی، کە دوای مشـــتومڕێکی زۆر ئینجا گەیشتنە ڕێککەوتن. لیستی چوار حیزبەکە دروشمەکەیان خزمەتگوزاری و چاکسازییە.

حامد محەممەد عەلی،ئەندامی لیژنەی باڵای لیســـتەکە و بەرپرســـی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لۆگۆی لیستەکەیان شیدەکاتەوەو دەڵێ "لۆگۆکەمان بریتییە لە هاوپەیمانی نێوان چوار حیزبەکە، کە هەر یەک لەو ڕەنگانەی نێوی هێمایە بۆ ڕەنگی ئاڵای حیزبەکان"، سەبارەت بە بیرۆکەی لۆگۆکەش، حامد گوتی"بیرۆکەکەی چەند برادەرێک خســـتیانەڕوو، دواتر لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی چوار حیزبەکە پەسەند کرا"، ئەو لەو باوەڕەدایـــە کە لۆگۆکەیان کاریگەری دەبێت و زۆر بەئاسانیش دەناسرێتەوە.

بەشـــێک لە لۆگۆکان زۆر ئاڵـــۆزن، هەمان لۆگۆی حیزبەکانە، لیستە بەشدار بووەکانیش دەڵێن ڕەنگە لۆگۆی ئاڵۆز کاریگەری بەســـەر دەنگدەرەوە هەبێ.

مۆمێکی سپی داگیرساو، لەنێو باکگراوەندێکی شینی تۆخدا، لۆگۆ و ئارمی لیستی گۆڕانە.

"قورئان، چیای کوردستان، گوڵەگەنم، خۆر، شمشێر"، ئەوە پێکهاتەی لۆگۆی لیســـتی بزووتنەوەی ئیســـلامی کوردستانە، هەروەها لۆگۆکە ناوی حیزبەکەی بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە. ڕەنگە ئەو لۆگۆیە قەرەباڵغترین لۆگۆی بەشدار بووی هەڵبژاردن بێ. لیستی بزووتنەوە، بە هەمان ناو و لۆگۆی حیزب بەشداری هەڵبژاردن دەکات.

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبارەی دانانەوەی لۆگۆی حیزب بۆ لیســـتەکەیان گوتی "لەبەر ئەوەی تازە کۆنگرەمان کردووەو لۆگۆکەش تازەیە و تەعبیر لە بزووتنەوەی ئیسلامی و خۆشگوزەرانی خەڵک دەکات، بۆیە بەپێویستمان زانی هەمان لۆگۆ دابنێینەوە". ناوبـــراو دانی بەوە دانا کـــە لۆگۆکەیان ئاڵۆزە، بەڵام لەو باوەڕەدا نییە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی بزووتنەوە هەبێ.

هـــەردوو ڕەنگی ســـەوزو زەرد بوونەتـــە باکگراوەندی ئەسپێکی سـپی کە غار دەدات . ئەوەش لۆگۆی لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی)یە. فازڵ عومەر، کە یەکێکە لە دوو وتەبێژەکەی لیستی کوردستانی، لۆگۆی لیستەکەی بـــۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "ڕەنگی زەرد و ســـەوز لەنـــاو یەکتر کە ڕەنگی ئاڵای ئەو دوو حیزبەیە هێمایەکە بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان، ئەسپەکەش مانای هێزو پێشکەوتن دەبەخشێ، واتە هەردوو پارتەکە باکگراوەندی ئەو هێزو پێشکەوتنەن، کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە". لۆگۆکە ڕەنگی سووریشـــیی تێدایە، فازڵ گوتی "لۆگۆکە سەرجەم ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانی تێدایە و ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوولاش ڕەنگدانەوەی لەسەر لۆگۆکە هەیە".

گوڵی پرتەقاڵی، لۆگۆی لیستی پارتی پێشکەوتنی هەڵۆ ئیبرایم ئەحمەدە. لۆگۆکە، هەمان لۆگۆی حیزبەکەیە. زانا عەبدولکەریم، وتەبێژی لیســـتی پێشکەوتن لەبارەی ئەو گوڵـــە پرتەقاڵییـــە گوتی "گوڵی پرتەقاڵـــی لە جیهاندا مانای خەباتێکی مەدەنی بۆ گۆڕانێکی هێمن و لەسەرخۆ دەبەخشێ، جگـــە لـــەوەش ڕەنگی پرتەقاڵـــی هێمای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە".

ئـــەو لۆگۆیەی کە بە گەورەیی لەســـەری نووســـراوە "پەرلەمان دەهەژێنین"، لۆگۆی لیستی گەنجانی سەربەخۆیە، کە لە ڕەنگی مۆرو ســـپی و گوڵێکی سوور پێکدێ. هیوا فریادڕەس، سەرۆکی لیستی گەنجانی سەربەخۆ، لەبارەی لۆگۆکەیان دەڵێت "هەڵبژاردنی گوڵ هێمای پاکییە بەرامبەر گەندەڵـــی، ڕەنگی مۆر لـــە بەریتانیا بـــە مانای ڕەنگی پاشایەتی و دەسەڵات دێت، ڕەنگی سپییەکەش نیشانەی خەباتی مەدەنییە، واتە ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی بگەینە دەسەڵات".

خەتێکی مایل هەردوو ڕەنگی سپی و سەوزی لەیەکتر جودا کردووەتـــەوە. کە هێمایە بۆ لۆگـــۆی بزووتنەوەی چاکسازی کوردستان. کە وەک خۆیان دەڵێن ڕەنگی سپی نیشانەی ئاشتییە و سەوزیش مانای ئومێدە.

# کچان بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**

**ڕووداو- هەولێر**

ئەڤیـــن عەبدولواحید، 26 ســـاڵ، هیچ بەلایـــەوە گرنگ نییە بەشـــداری هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ناکات و ئامادەش نییـــە وەکو کچە ئێرانییەکان بڕژێتە ســـەر جادە پۆستەر و وێنەی لیست و سەرکردەکان هەڵبگرێ "بەشداری بکەم یان نەکەم، هیچ لەکێشەکانمان کەم نابێتەوە".



ئەو کچە کە زانکۆی تەواو کردووە، هۆکاری بەشدارینەکردنەکەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن زیاتر ڕوونکردەوەو گوتی "بەرنامەی بەشێک لە لیســـتەکانم خوێندووەتەوە زۆر بەکەمی گرنگیـــان بە کێشـــەی کچـــان داوە، بۆیە بڕیارمداوە بە هیچ شـــێوەیەک بەشـــداری لەبانگەشەکانی هەڵبژاردن نەکەم، حەزدەکەم کچانی دیکەش هەمان هەڵوێســـتی منیان هەبێت".

بەشـــدارینەکردنی ئەڤین، لە کاتێکدایە کـــە ئەمجارە بەپێی هەمواکردنی یاســـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان ڕێژەی کورســـییەکانی ژنان لە 25%وە زیادکرا بۆ 30%. ســـۆزان شـــەهاب، وتەبێژی لیستی کوردستانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە داوایان لە هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان کردووە شـــان بەشـــانی کوڕان بەشـــداری لەبانگەشەکانی هەڵبژاردن بکەن.

ئەگـــەر بەشـــدارینەکردنی بەشـــێک لە کچان بەهۆی ئەوە بێت کە خواســـتەکانیان لە بەرنامەی لیســـتەکان دا نابیننەوە، ئەوا بەشـــێکی دیکەیـــان بەشـــدارینەکردنیان لـــە هەڵمەتـــی پڕوپاگەنـــدەی هەڵبژاردن دەگەڕێننەوە بـــۆ ڕێگرییەکانـــی خێزان و کۆمەڵگە.

نێرگـــز دەروێـــش، قوتابـــی زانکـــۆی سەلاحەددین دەڵێت پێویستە کچان بەشداری کارای بانگەشـــەکانی هەڵبژاردن بکەن و بۆ هەموو لایەک بسەلمێنن کە هیچ جیاوازیان لەگەڵ کوڕاندا نییە، نێرگز گوتیشی "ئەگەر بزانم تووشی توانج و تانەی دەوروبەر نابمەوە، حەزم لێیە هاوشـــانی کوڕان لە شەقامەکان بەشداری بانگەشەکانی هەڵبژاردن بکەم".

وتەبێژی لیستی کوردستانی دەڵێ دەبێ کچان ڕەچەشکێن بن و خۆیان ویستیان هەبێت و داوونەریتی کۆمەڵگە وەلا بنێن و بەشداری هە ڵمە تە کا نـــی هەڵبژاردن بکەن



"ئەگەر کۆمەڵگە ڕازی بێت لەسەر ئەوەی ژن و پیاو ببێتە نوێنەریان لەپەرلەمان، دەبێت بەوەش ڕازی بن کە کچەکانیان بچنە ســـەر شـــەقام و پشتیگری لەو نوێنەرانە بکەن". گوتیشـــی"لە لیستی کوردستانی داوامان لە هەمـــوو تیمەکانی بانگەشـــەی هەڵبژاردن کردووە لەپاڵ بەشداری کـــوڕان کچانیش بەشداری پێ بکەن".

لـــە هەڵبژاردنەکانی ئێران کچانی ئێرانی هاوشـــانی کوڕان لە جـــادەکان دەبینران و پۆســـتەری کاندیدەکانیان بەرز دەکردەوە، لە ناڕەزاییەتییەکانی ئەو دواییەی ئێرانیش کچان ڕۆڵێکـــی دیاریان لە خۆنیشـــاندانە ناڕەزاییەکان دا گێـــڕا، تەنانەت (نەدا) کە لە خۆنیشـــاندانەکانی تاران دا کوژرا، بووە سیمبولی "ڕاپەڕینی سەوز"ی ئێران.

زۆربـــەی لیســـتە بەشـــداربووەکانی هەڵبـــژاردن بە پێویســـتی دەزانن کچانیش بەشداری لە بانگەشەی هەڵبژاردن دا بکەن. حامیـــد محەممەد عەلـــی، ئەندامی لێژنەی بـــاڵای ڕاگەیاندنـــی هەڵمەتی بانگەشـــەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، دەڵێت ئەوان وەکو یەکگرتوو و لیســـتی چاکسازی و خزمەتگـــوزاری هیچ ڕێگرییەکیان نییە لە بەشداری کچان لەبانگەشەکانی هەڵبژاردن و هەوڵیشـــیان بۆ ئەوە داوە "بەڵام بەداخەوە زۆرجـــار کچـــان خۆیـــان وەک پێویســـت ئامادەییان تێدانییە بەشداری لەو پرۆساندا بکەن". بە بڕوای حامید، کەمی بەشـــداری کچـــان و ئافرەتـــان لـــە بانگەشـــەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار هەیە ئەویش خودی ئافرەتەکە، کۆمەڵگە و لیستە بەشـــداربووەکانی هەڵبـــژاردن کە تا چەند دەرفەتیان بۆ کچان ڕەخساندووە.

بە بڕوای ڕێکخراوەکانی ژنان، کچان لەبەر کاندیـــدە ژنەکانی پەرلەمـــان کەمتر بەلای هەڵمەتەکانـــی هەڵبژاردنـــدا دەچن. چلورە هەردی، بەرپرســـی سەنتەری خاتووزین بۆ پرســـەکانی ئافرەتی کـــورد، دەڵێت کچان کاتێک دەچنە ســـەر شـــەقام بەشـــداری لەبانگەشەکانی هەڵبژاردن دەکەن کە ئەو کاندیدانەی دیاری دەکرێن لەلایەن ئەوانەوە بێـــت نەک لیســـتەکان "چونکە بەشـــێک لەکچـــان و ژنـــان چاک دەزانن بەشـــداری بکەن یان نەکەن هەر ئەو کاندیدانە دەچنە پەرلەمان، بەدەرچوونی ئەم کاندیدانەش بۆ پەرلەمان هیچ گۆڕانگارییەک لەژیانی ئەوان ڕوو نادات".

## ئابووری



### کوردستان پێویستی بە 600 ملیۆن هێلکە هەیە

**ڕووداو – هەولێر**
عەقید خالید سەرۆکی لیژنەی دابینکردنی پێداویستی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ماوەی 3 مانگە ڕێگە لەهاتنە ناوەوەی هێلکە بۆ هەرێمی کوردستان گیراوە بۆ ئەوەی بەرهەمی خۆماڵی لەبازاڕەکان بفرۆشرێ "بەڵام لەڕێگەی سنووری بەغداوە هێلکە بە قاچاخ دێتە کوردستان کە تائێستا نەتوانراوە 100 % کۆنترۆڵی بکەین". هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە کوردستان ساڵانە پێویستی بە 600 ملیۆن هێلکەیە، ئەگەر 6 پرۆژەکەی کوردستان بکەونە کار ساڵانە 400 ملیۆن هێلکە بەرهەم دەهێنن".

| | دینار | 1 تەن |
|---|---|---|
| $ 100 | 118600 | $ 500 |
| € 100 | 165750 | $ 110 |





# تەنیا 5%ی غازی کوردستان دەدرێتە تورکیا

**ڕووداو–هەولێر**
سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیکردەوە 15% ی داهاتی غازی کوردستان بدرێتە تورکیا و گوتی ئەوەی دەدرێتە تورکیا لە نێوان 3% بۆ 5%دەبێت، ئەویش لە پاش 5 ساڵی دیکەیە.

ناردنە دەرەوەی غازی کوردستان لەلایەن دوو کۆمپانیای بیانی و دوو کۆمپانیای عەرەبییەوە بەسەرمایەی 8 ملیار دۆلار و لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا گرنگترین پرۆژەی بنیادنانی ژێرخانی ئابووری کوردستانە. کە بەهۆیەوە هەرێمی کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەکی دابینکردنی وزە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا، کە ئێستا زۆر لە سیاسەتی کەڵەگایانەی ڕووسیا پەستن. ئەو پرۆژە کە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکرێ لە ساڵی 2014 بەتەواوی دەکەوێتە ناردنی غاز، بەڵام هەر لە ئێستاوە بووەتە جێی بایەخی ڕۆژئاواییەکان.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەی کە تورکیا داوا دەکات 15%ی داهاتی غازی هەناردەکراوی هەرێمی کورستان، بەرامبەر ناردنی بە خاکەکەیدا بۆ ئەوبێت، د.عەلی حسێن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دیاریکردنی هەر ڕێژەیەک، بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دەبێت، نەک بە ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، چونکە هەناردەکردنی غازی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیا، پرۆژەیەکی نێودەوڵەتییە، کە کۆمپانیای نابۆکۆ جێبەجێی دەکات".

عەلی حەسەن بەلۆ ئاماژە بەوە دەکات کە چەند فاکتەرێک هەن بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە و دەکرێت سوود لە ئەزموونی تێپەڕینی غازی ڕووسیا بە ئۆکرانیادا وەربگیرێت. لەبارەی ئەو ڕێژەیەش کە دەدرێتە تورکیا، گوتی "بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی تێپەڕینی ئەو غازەوە تەنیا 3% بۆ 5%ی غازەکە بدرێتە تورکیا".

عەلی حەسەن بەلۆ، ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەمزووانە ئەو قازانجەش نادرێتە تورکیا "غازی هەرێمی کوردستان ئێستا تەنیا بەشی ناوخۆیی کوردستان دەکات، تا ساڵی 2014 هەناردەی دەرەوەی کوردستان ناکرێت".



پرۆژەی دانا غاز لە کوردستان

# حکومەت قیستی خانوو دەداتە گەنجان

**ڕووداو–هەولێر**
تاوەکو ئێستا بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون 13 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەژێر جێبەجێکردندان و، 12 هەزار یەکەی دیکەش چاوەڕێی وەرگرتنی مۆڵەتن، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش



## بەدروستکردنی 135 هەزار یەکەی نیشتەجیبوون کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکرێت

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

دەڵێت ئەگەر تاوەکو 5 ساڵی دیکە 135 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکرێ، کێشەی نیشتەجێبوون لە کوردستان چارەسەر دەبێت.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی کوردستان 13789 یەکەی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا مۆڵەتیان وەرگرتووەو لە دروستکردندان، لەو ژمارەیە5119 یەکە لە هەولێرە، 7730 یەکە لە پارێزگای سلێمانی و 900یش لەدهۆکە. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی دیکەش لەقۆناخی وەرگرتنی مۆڵەت دان".

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، گوتی دروستکردنی ئەم یەکەی نیشتەجێبوونانە هەنگاوێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، بەڵام پێشیوانییە بتوانرێت گرفتەکە لە ماوەیەکی زوودا چارەسەربکرێت"بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون تاوەکو پێنج ساڵی دیکە پێویستمان بە دروستکردنی 135 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان 100 ملیۆن دۆلاری بۆ سندوقی نیشتەجێبوون تەرخانکردووە، هەر کەسێک خانوویەک لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بکڕێت، ئەگەر گەنج بێت یاخود لەقەزا و ناحیەکان بێت حکومەت 50%ی پارەی خانووەکەی بە قستی 10 ساڵ بۆ دەدات و کۆمپانیاکانیش بەشێکی پارەی خانووەکە پێشەکی وەردەگرن و، بەشێکیشی بەقیست.

ئارام عوسمان، دەرچووی زانکۆیەو ئێستا مامۆستایە، ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوەو ویستوویەتی یەکێک لەو خانوانە بکڕێت و پاشان پاشگەزبووەتەوە. ئارام، هۆکاری پاشگەز بوونەوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "ئەو کۆمپانیانە زەوییان بێ بەرامبەر لە حکومەت وەرگرتووە، ئەگەر سەیری خانووەکان بکەی هەر 25 هەزار دۆلاری تێدەچێ، 25 هەزار دۆلارم بەدەستەوە بێت و زەویم هەبێت لەو خانووانە باشتر دروستیدەکەم، بەڵام کۆمپانیاکە دەیداتە 50 هەزار دۆلار، باشە دەکرێت کۆمپانیایەک ئەوەندە قازانج لەگەنج و خەڵکی هەژار بکات".

ئارام، پێشنیاز دەکات حکومەت لیژنەیەک پێکبێنێت و لەقازانجی کۆمپانیاکان بکۆڵێتەوە"کۆمپانیاکان نیوەی پارەکە لەحکومەت وەردەگرن و پاشان پێشەکی 10 هەزار دۆلار وەردەگرن ئەوە قازانجەو تاوەکو 10 ساڵیش قیست وەردەگرن، ئەوەش هەر قازانجە حەقە حکومەت سنوورێک بۆ ئەمە دابنێت".

هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ڕەتیکردەوە کە کۆمپانیاکان ئەو قازانجە زۆرە بکەن "ئەو خانووەی 50 هەزار دۆلارە، پێمانوانییە بە 25 هەزار دۆلار تەواو ببێت و ئەو 50 هەزار دۆلارەش ژمارەیەک نییە لەخۆمانەوە دامان نابێت و لەئەنجامی توێژینەوە دانراوەو ئەگەر هەموو کۆمپانیایەک 25 هەزار دۆلار لەخانوویەک قازانج بکات زۆرە".

هێرش موحەرم، ئاماژە بەوە دەکات کە پێیانوایە هەر ئاواکردنی مەترێکی چوار گۆشە 350 دۆلاری تێدەچێت بەو پێیەی بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکانی ناو ئەو شارەی کە دروستی دەکات لەئەستۆی وەبەرهێنەردایە"ئەگەروەبەرهێنەریش قازانج نەکات کارەکەی ناکات".

حاجی فەرزاد، خاوەنی پرۆژەی شاری ئایندە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر حکومەت خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان دابین بکات، نرخی پرۆژەکە کەمتریش دەبێت "ئێستا ئاوەڕۆ و شۆستەو شەقامە ناوخۆییەکان لەسەر ئەرکی خۆمان دروستدەکرێن، ئەگەر حکومەت ئەم خزمەتگوزارییانە بخاتە سەرخۆی ئەوا نرخی خانووەکان هەرزانتر دەکەین".

تاوەکو ئێستا حکومەت بەردەوامە لەمۆڵەتدان بەو پرۆژانەو بڕیاری ئەوەش هەیە نرخی هەر خانوویەک لە 50 هەزار دۆلار کەمتر بێت سندوقی نیشتەجێبوون بیگرێتەوە.

هێرش موحەرەم، ئاماژەی بەچەند هۆکارێک دا، کە هاوکاری بەردەوامبوونی پرۆژەکەن "ئەوپارەیەی بەقیست دراون، ئێستا مانگانە ئەو کەسانەی پارەکەیان وەرگرتووە قیستەکە دەگەڕێننەوە بۆ بانک و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی دیکە سوود لەو پارانە ببینێت، پرۆژەکەش ڕۆڵی بینیوە لەچارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون".

هێرش موحەرەم، نەیشاردەوە کە ئاستەنگیشیان هەیە "ئەگەر داو ودەزگا و وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت ڕێگاوبان و پرۆژەی دیکە نەگەیێننە ئەو خانووانە ئەوەش ڕێگرییەکە کە نەتوانین بەردەوام بین، چونکە ناکرێت شارێک دروستبکرێت و شەقامی پێ نەگات".

بەپێی ڕێنماییەکانی پرۆژەکە، سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی دەکەوێتە ناو ئەو شارانەی کە دروستدەکرێن ئەرکی کۆمپانیای وەبەرهێنانە، بەڵام گەیاندنی شەقامی سەرەکی بەشارەکەو پرۆژەی کارەبا لەئەستۆی حکومەتدایە.

حاجی فەرزاد، بەڕێوەبەری شاری ئایندە، گوتی "تاوەکو ئێستا شەقامی دەرەوەو کارەبا نەگەیشتووەتە سەر پرۆژەکەمان، شەقامەکانی ناوەوەو دابەشکردنی کارەبا خۆمان دەیکەین و ئەگەر حکومەت لەماوەی ئایندەدا ئەو پرۆژانەمان پێبگەیێنێت ئاسانکارییەکی باشە بۆ ئێمە".



دیزاینی خانووێک لە شاری زیلان، کە بە پشتیوانی سندوقی قەرزی نیشتەجێکردن خانوو بە قیست دەداتە هاووڵاتیان

### لەجیهان گرانبوو لە کوردستان خراپ بوو

# بەنزین لە چوار وڵاتەوە دێتە کوردستان



بەهۆی گرانبوونی نرخی بەنزین شوفێرەکان گومانی زیاتر لە جۆری بەنزین دەکەن (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو– هەولێر**
هەفتەی ڕابردوو، ئۆتۆمبێلەکەی ئەحمەد سلێمان بەهۆی بەنزینی خراپ دوو پستۆنی شکا، بەو هۆیەش 450 دۆلار زیانی پێکەوت. ئەو کە سێ ساڵە تەکسی لێدەخوڕێ دەڵێ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، بەنزینخانە ئەهلییەکان فێڵ دەکەن و "ئاو تێکەڵاوی بەنزینەکە دەکەن و بە نرخی بەنزینی سوپەریش دەیفرۆشن".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نرخی بەنزین زیاتر بەرزبووەوە، ئەمەش نیگەرانی لەلای شوفێران دروستکردووە، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە بەهۆی ئەو بەرزبوونەوەیە، بەنزینخانەکان بەتایبەتیش بەنزیخانە ئەهلییەکان فرت و فێڵ لە بەنزیندا بکەن، باش و خراپ تێکەڵاوی یەکتر بکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر، جگە لە 4 بەنزینخانەی حکومی، 40 بەنزینخانەی ئەهلی و 63 بەنزینخانەی مۆبایل لەسەر شەقامەکانی شاری هەولێر هەن، هەروەها 15 بەنزیخانەی ئەهلی بەنزین لە حکومەت وەردەگرن و بەسەر شوفێراندا دابەشیدەکەن.

بەشێک لە بەنزینی بەنزینخانە ئەهلییەکان بەڕێگەی قاچاخ لە ئێرانەوە دەهێنرێت، بەشەکەی دیکەشی بەشێوەی فەرمی لە وڵاتی کازاخستان، تورکمانستان و ئازەربایجان، لە ڕێگەی کۆمپانیای (نهارالمستقبل) دەهێنرێ.

سەرچاوەیەک لەکۆمپانیای خاک، کە بەنزین لە کۆمپانیای (نهار المستقبل) وەردەگرێ، هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی گەڕاندەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بۆرسەی جیهانی و خواستی زۆری خەڵک لەسەر بەنزین بۆ بەکارهێنانی مولیدەکانی ماڵەوەیان بەهۆی گەرماوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "زۆربەی بەنزینخانە ئەهلییە بچووکەکان بەنزین لەلای ئێمە دەبەن، بەڵام ئەوەی تێبینیمان کردووە، بەنزینی خراپی تێکەڵ دەکەن و بەنرخی بەنزینی باش دەیفرۆشنەوە".

ئیبراهیم عەلی، خاوەنی بەنزینخانەی مۆبیل لەشاری هەولێر، ڕەتیکردەوە کە فێڵ لەجۆری بەنزین بکەن، گوتیشی"ئێمە بەقازانجێکی کەم و فرۆشێکی بەردەوام ڕازین، بۆیە نرخمان لەنرخی بەنزینخانەکانە دیکە کەمترە". هەروەها گوتیشی "پێویستە حکومەت چاودێرییەکی توندتر لە سەر بەنزینخانە ئەهلییەکان دابنێ، چونکە بەهۆی فێلکردنی هەندێکیان ناوی ئەوانی دیکەش خراپ بووە".

ئێستا بەشێوەیەکی کراوە بەنزین لەبەنزینخانە حکومییەکان بەنرخی 450 دینار بۆ هەر لیترێک بەسەر شوفێراندا دابەشدەکرێ، بەڵام زۆر بەکەمی شوفێران ڕوو لە بەنزینخانە حکومییەکان دەکەن. بەشدار قادر، کە شوفێری تەکسییە لەو بارەوە دەڵێ "بەنزینەکە زۆر خراپەو بەکەڵکی تێکردنی ئۆتۆمبیڵ نایێت".

نورەددین حامید، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی لەهەولێر، دەربارەی هۆکاری خراپی جۆری ئەو بەنزینەی لەبەنزینخانە حکومیەکان دابەش دەکرێت دەڵێ "سەرچاوەی دابینکردنی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان پاڵاوگەی بێجییە، بەنزینی پاڵاوگەی بێجیش لەڕووی تایبەتمەندییەوە جیاوازە، جۆرە باشەکەی بەتێکرا لە86 ئۆکتان تێناپەڕێت هەندێکجار باشەو هەندێک جار زۆر خراپ دەبێت، بۆیە داوامان لێکردوون تا دەکرێت جۆری باشترمان بۆ بنێرن".

سەبارەت بەچاودێری حکومەت بۆ دانانی نرخ و ڕێکخستنی فرۆشتن لەبەنزینخانە ئەهلییەکان، نورەدین گوتی "ئێمە لە دوو لایەنەوە کۆنترۆڵی بەنزینخانە ئەهلییەکان دەکەین، کۆنترۆلی یەکەم چاودێری ئەوە دەکەین ئەو بەنزینەی دەیفرۆشن بەنزینێکی شیاوبێت، دووەمیش پێوەرەکانی فرۆشتنیان تەواو بێت و کەموکوڕی نەبێت".

بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هۆکاری بەرزبونەوەی نرخی بەنزینی لەبەنزینخانە ئەهلییەکان گەڕاندەوە بۆ خواستی خەڵک لەسەر بەنزین و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبۆرسەکانی جیهان. گوتیشی"حکومەت هەموو کار ئاسانییەکی بۆ بازرگانەکانی هێنانی سووتەمەنی کردووە، بەڵام ناتوانین نرخیان بەسەردا بسەپێنین، چونکە بازار ئازادە".

لەبارەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی فێڵ لەجۆری بەنزینیش دەکەن هێرش حوسێن، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، بەوەکالەت، گوتی "لێژنەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی لە هەولێر بۆ چاودێریکردنی جۆری ئەو بەنزینەی لە بەنزینخانە ئەهلییەکان دەفرۆشرێ هەیە، ئەگەر دەربکەوێت هەر بەنزینخانەیک فێڵ دەکات ڕاپۆت بۆ ئێمە بەرز دەکەنەوەو ئێمەش لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکەین"، هەروەها گوتیشی "تەنیا لەسێ مانگی ڕابردوو نزیکەی 15 بەنزینخانەمان داخستوە بەهۆی فێڵکردن لەجۆری بەنزین".

وەستا شوان عومەر، کە زیاتر لە25 ساڵە کاری چاککردنەوەی بزوێنەر و مەکینەی ئۆتۆمبێل دەکات دەڵێت ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەهۆی بەنزینی خراپ بزوێنەرەکانیان تێکدەچێت لەزیادبووندایە "چونکە بەنزینی خراپ کاریگەری لەسەر بزوێنەر دروست دەکات و دەبێتە هۆی شکاندنی پستۆنەکان یان لەکار کەوتنی پاڵنەری بەنزین (فیت پەمپ)، کابرێتەر و بەخ لەئۆتۆمبیلە تازەکان".

# ئەمریکییەکان دەڕۆن و مۆدێلەکانیان بەسەر شارەکانەوە جێدەهێڵن

## کچە قوتابییەک: هەموو شتێکم گۆڕاوە، لە قژرێکخستنمەوە تا بەڕێگا ڕۆیشتنم



**ڕووداو- الشرق الاوسط**

سەرەڕای کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا بەرەو دەرەوەی شارەکانی عێراق، بەڵام ئەو ئاسەوارەی بەسەر ژیانی خەڵکی شارنشین و بەتایبەتیش دانیشتوانی بەغداوە بەجێیان هێشتووە، بەڕوونی دیارە.

نەمیر، تەمەن 30 ساڵ، وا ڕاهاتووە هەموو ڕۆژێک بچێتە بەردەم ئەو پێشانگایەی ئۆتۆمبێلەکان، کە دەکەوێتە کۆتایی شەقامی کەڕادەی شاری بەغداو لەوێ بەرامبەر پێشانگاکە ڕابوەستێ، کاتێکیش خاوەنی پێشانگاکە گومانێکی لا پەیدا دەبێ و پرسیاری ئەو ڕاوەستانەی لێدەکات، دەڵێ "حەزدەکەم تەماشای ئەو ئۆتۆمبێلە هەمەرانە بکەم کە ڕاتگرتوون". هەمەر یەکێکە لەو شتانەی لەگەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمریکا گەیشتە عێراق. سەرەتا وەک ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بەشەقامەکاندا دەسووڕایەوەو زۆرجاریش دەبووە ئامانجی هێرشەکان، بەڵام دواتر خێزانە دەوڵەمەندەکانی بەغدا ڕوویان لە کڕینی کردو ئێستا وەک ئۆتۆمبێلێکی مەدەنی بە شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە.

نەمیر کە ئومێدی ئەوە دەخوازێ ڕۆژێک ببێتە خاوەنی یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانە، جلوبەرگێکی بەڵەک بەڵەکی وەک سەربازانی ئەمریکایی لەبەردایە، کاتێک لەوبارەوە پرسیارمان لێکرد، گوتی "ئەم جلانەو زۆر شتی دیکەش کە بەهی سەربازانی ئەمریکی دەچن، ئێستا لە (باب الشرقی) دەفرۆشرێن و زۆر لەگەنجان دەیکڕن".

کچە قوتابییەک کە لەبەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی بەغدا دەخوێنێ، دەڵێ ئینگلیزی زمانی سەردەمە، باس لەچەندین هاوڕێی خۆیشی دەکات کە پێشتر ئەو بەشەیان تەواو کردووەو لەگەڵ ئەو داوودەزگاو ڕێکخراوانە کاریان کردووە کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەمریکییەکان بووە، بۆیە ناچاربوون پەرە بە زمانەکەیان بدەن.

تەنانەت هەندێ لەو وشەو دەستەواژانەی سەربازە ئەمریکییەکان بەکاریان هێناون، ئێستا لەنێو گەنجاندا بەکاردەهێنرێنەوە. بۆنموونە یەکێکیان بەوی دیکە دەڵێ GO کە لاساییکردنەوەی سەربازە ئەمریکییەکانە لەکاتی تووڕەییدا لەسەر شەقامەکان یاخود ئەو کاتانەی ماڵێک یان شوێنێک دەپشکنن. هەندێ لەو کڵاوانەی سەربازە ئەمریکییەکان لەسەریان دەکردن، ئێستا لەلایەن بەغداییەکانەوە بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر بەکاردەهێنرێن، هەروەها ئەو پارچە قوماشە ڕەنگییەی سەربازەکان پاش تەڕکردنی بە ئاو، لەسەریان یاخود لەلووتیان دەبەست.

تێڕوانینی هاووڵاتیانی عێراقی بۆ ئەمریکییەکان تێڕوانینێکی دووفاقییە، ئەوان لەو کاتەی ڕق و کینەیان بەرامبەر دەردەبڕن، زۆربەیان خەون بەوەوە دەبینن بگەنە ئەمریکا چونکە بە شێوازی ژیانیان سەرسامن. شەیما عەلی تەمەن 20 ساڵ، قوتابی بەشی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا، دەڵێت "شێوازی ژیانی ئێمەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئێستا ماکیاژ وەکو جاران تۆخ نییە، قژ ڕێکخستنمان وەکو جاران نییەو جلوبەرگمان وروژێنەرترە، تەنانەت شێوەی ڕۆیشتنیشمان گۆڕاوە". شەیما کە لەگەڵ مەروەی هاوڕێی یەکەو تەنوورەیەکی جینزی کورتیان لەبەردایە، باس لەوە دەکەن کە ئێستا زۆرترین کاتیان بۆ تەماشاکردنی فیلمە ئەمریکییەکان تەرخان دەکەن، جگە لە تەماشاکردنی بەرنامەکانی ئۆپراو دکتۆر فیل و بەرنامە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و تەندروستییە ئەمریکییەکان کە بوونەتە مایەی سەرنجی زۆر لەعێراقییەکان.

شەمس هەیسەم، تەمەن 20 ساڵ، کە کچە قوتابییەکی بەشی بایۆلۆجییە، دەڵێت "فیلمە عەرەبییەکان بێزارکەرن، بەڵام فیلمی ئەمریکی وروژێنەرەو جیهانی ئازادیت پێشاندەدات کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینم".

بەشار عەدنانی تەمەن 29 ساڵیش کە دووکانی فرۆشتنی CD هەیە لە کەڕادە، دەڵێت "زۆربەی عێراقییەکان حەز لە کڕینی فیلمی ئەمریکی دەکەن، مانگانە 650 فیلمی ئەمریکی دەفرۆشین، بەڵام فیلمە عەرەبییەکان ناگەنە 200 دانە". تەنانەت لەشاری سەدر کە قەڵای سوپای مەهدی و موقتەدا سەدرەو بەدژایەتیکردنی ئەمریکییەکان ناسراوە، ئێستا جلوبەرگی ڕۆژئاوایی بووەتە جلوبەرگی باوی نێو گەنجان. عەلی کە وێنەگرەو تەمەنی 30 ساڵە، دەڵێت "کاتێک ئەم جلوبەرگە نوێیەم لەبەرکرد، هاوڕێیەکم کە لەسوپای مەهدی بوو زۆر سەرکۆنەی کردم، کەچی پاش 6 مانگ خۆیشی هەمان جلوبەرگی پۆشی". حوسێن کە لەکەڕادە خاوەنی سەرتاشخانەیە، دەڵێت ئێستا زۆر لەو گەنجانەی دێنە لای داوای مۆدێلی سپایکی دەکەن. حوسێن کە هاوڕێکانی بە ئۆباما حوسێن ناوی دەبەن لەبەر ئەوەی شێوەی زۆر بە سەرۆک ئۆباما دەچێ، دەڵێت "ئێستا ئەو مۆدێلە لەنێو گەنجاندا زۆر بڵاوە".

جێ پەنجەی ئەمریکییەکان تەنانەت بەسەر هونەرمەندانیشەوە دیارە. قاسم سەبتی کە هونەرمەندێکی شێوەکارە، دەڵێت "وڵاتیان وێرانکرد، بەڵام هەمان ئەو وێرانبوونە ڕەگەزێکی گرنگ بوو بۆ هونەرمەندان، ئێستا کارەکانمان کاریگەرترو واقیعیانەترن، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا هەبوو".



چەند سەربازێکی ئەمەریکی بۆ دەرچوون لە شارێکی عێراق کەلوپەلەکانیان دەپێچنەوە (فۆتۆ:AFP)

# بە هەژاری لەدایکبوو و بە قەرزداری مرد



## مایکل جاکسن لە ساڵی 1986 گوتی ئامێرێکم بە 150 هەزار دۆلار کڕیوە بەهۆیەوە 150 ساڵ دەژیم

**ڕووداو-ئەمریکا**

مایکل جاکسنی گۆرانیبێژی بەناوبانگی جیهانی هەفتەی ڕابردوو لە ماڵەکەی خۆی لە ئەمریکا بە ڕاوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد. جاکسن دوای زیاتر لە 35 ساڵ لە کاری هونەری نێوبانگێکی زۆری دەرکرد، بەڵام دووچاری زۆر کێشەش بووەوە.

### ژیانی منداڵی

مایکل جۆزێف جاکسن لە 1958/8/29 لە شارۆچکەی گرای ولایەتی ئیندیانا لە ئەمریکا لەدایکبووە. جاکسن شەش برا و سێ خوشکی هەبوو، کە یەکێکیان کچە گۆرانیبێژی بەنێوبانگ جانت جاکسنە.

بنەماڵەی جاکسن لە سەرەتادا هەژاربوون و هەر یانزدە سەرخێزانەکەیان لە ماڵێکی بچووکی دوو ژووریدا دەژیان.

لە ساڵی 1964، مایکڵ جاکسن بۆ یەکەمجار توانی لە سوپەرمارکێتێکی نزیک ماڵی خۆیان گۆرانی بڵێت و لەو کاتەوە خولیای گۆرانی و میوزیک بوو.

لە ساڵی 1967، جاکسن و چوار برای دیکەی گرووپێکی میوزیکیان دروستکرد و توانیان لە پێشبڕکێکی گۆرانیبێژیدا پلەی یەکەم بەدەست بێنن.

پاشان لە ساڵی 1968، لە تەمەنی 10 ساڵیدا یەکەم گرێبەستی میوزیکی لەگەڵ کۆمپانیای هونەری (مۆتاون) مۆر کرد و لە مانگی تشرینی یەکەمی 1969دا، جاکسۆن یەکەمن گۆرانی بەناوی (تۆم دەوێتەوە) بڵاوکردەوە.

لە سەرەتای ساڵی 1970دا، ئەلبومی یەکەمی مایکڵ جاکسن بووە پڕ فرۆشترین ئەلبومی ئەو ساڵەو زیاتر لە شەش ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا.

لە ساڵی 1972 گۆرانییەکی دیکەی بڵاوبووەوە بە ناوی (بێن)و تەنیا لە ئەمریکادا 1.7 ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا.

### خاوەن پڕ فرۆشترین ئەلبووم

لە ساڵی 1978، مایکڵ جاکسن بەشداری لە فیلمێکی سینەماییدا کرد بەناوی (جادوگەر)، بەڵام فیلمەکە ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوو، لە هەمانکاتدا ئەو فیلمە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی مایکڵ جاکسندا لەبەرئەوەی بەهۆی ئەو فیلمەوە، توانی دەرهێنەری بەنێوبانگی ئەمریکی (کوینسی جۆنز) بناسێت کە بووە هۆی بەنێوبانگبوونی مایکڵ جاکسن.

شان بەشانی دەرهێنەری ناوبراو، مایکڵ جاکسن ئەلبوومێکی بەنێوی (لەدیوار کردنەوە) بڵاوکردەوە، ئەو ئەلبومە زیاتر لە 10 ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا و بەهۆیەوە مایکڵ جاکسن بووە ئەستێرەی میوزیکی پۆپی ئەمریکی و جیهان.

لە ساڵی 1982، هەر بە یارمەتی کوینسی جۆنز، مایکڵ بەنێوبانگترین ئەلبوومی بەنێوی (هەست بزوێن) بڵاوکردەوە و توانی زیاتر لە 40 ملیۆن کۆپی لێ بفرۆشێت کە هەتا ئێستاش ژمارەی پێوانەییە بۆ پڕفرۆشترین ئەلبوومی گۆرانی. چەندین خەڵاتی گەورەی وەرگرت و بەهۆی ئەو ئەلبوومەوە، مایکڵ توانی 100 ملیۆن دۆلار بەدەست بێنێت و هەر ئەو ئەلبوومەش بووە هۆی ئەوەی نازناوی "شای پۆپ"ی لێبنرێت.

لە ساڵی 1986، مایکڵ جاکسن، ئەوەندە پارەی هەبوو کە جارێکیان ڕایگەیاند ئامێرێکی 150 هەزار دۆلاری کڕیوە کە ئۆکسجینێکی تایبەتی تێدایە و هەموو شەوێک پێش خەوتن هەڵیدەمژێ، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە ئەو ئۆکسجینە ڕێگە نەدات پیر ببێت و گوتی " من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر ئاگام لە لەشولارم بێت هەتا تەمەنی 150 ساڵی دەژیم".

### کێشەکانی جاکسۆن لەبەرچاوی میدیاکان

لە ساڵی 1993 لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ پێشکێشکاری بەنێوبانگی ئەمریکی ئۆپرا وینفری، جاکسن ڕایگەیاند کە بەمنداڵی باوکی ئەشکەنجەی داوە و دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر.

هەر لەو ساڵەدا، مایکڵ جاکسن دووچاری چەندین کێشەی گەورەبوو، یەکێک لەو کێشانە ئەوەبوو کە منداڵێکی تەمەن 13 ساڵ بەناوی جۆردن چاندلەر، جاکسنی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر.

لە نیوەڕاستی ساڵی 1994، پارێزەری جاکسن ڕایگەیاند کە مایکڵ جاکسن و بنەماڵەی جۆردن چاندلەر ڕێککەوتوون کە جاکسن بڕی 26 ملیۆن دۆلار بداتە ئەو بنەماڵەیە و ئەوانیش لە بەرامبەردا داوا یاساییەکەیان بکێشنەوە.

هەر لەو ساڵەدا، جاکسن ژیانی هاوسەری پێکهێنا لەگەڵ لیزا ماری پرێسلی کە کچی گۆرانیبێژی بەنێوبانگی ئەمریکی ئێلڤیز پرێسلییە، بەڵام دوای دووساڵ جیابوونەوە.

هەر ئەو ساڵە، مایکڵ جاکسن، بۆ جاری دووەم ژنی هێنا، بەڵام ئەمجارە برینپێچێک بوو بەناوی دێبی ڕۆ کە لە شاری سیدنی ئوستراڵیا هێنای.

لە ساڵی 1997، مایکل یەکەم منداڵ کە کوڕبوو لە ژنی دووەمی بوو و ناوی نا (پرینس). ساڵێکیش لە دوای ئەو کوڕە کچێکی بوو بەناوی (پاریس).

هەر دوای لە دایکبوونی کچەکەی، مایکڵ و دێبی جیابوونەوەو پارێزەری مایکڵ جاکسن ڕایگەیاند کە ناوبراو بڕی 8 ملیۆن دۆلار دەداتە دێبی لەبەرامبەر ئەوەی مایکڵ مافی ئەوەی هەبێت دوو منداڵەکەی هەڵبگرێتەوە.

لە ساڵی 2002، ئاشکرابوو کە مایکڵ بۆ جاری سێیەم بووەتە باوک، بەڵام هەتا ئێستاش نەزانراوە کە کێ دایکی منداڵی سێیەمی جاکسن بووە.

لە ساڵی 2003، لە فیلمێکی دۆکۆمێنتاریدا کە لەسەر ژیانی مایکڵ جاکسن ئامادەکرا، ئاشکرای کرد کە دوو نەشتەرگەری جوانکاری لە لوتیدا ئەنجامداوە.

لە ساڵی 2003، باری دارایی جاکسن بەرەو خراپی چوو، بڕیاریدا کە کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی (نێڤەرلاند) کە شارێکی بچووکە، بە بڕی 23 ملیۆن دۆلار بفرۆشێت.

هەر لەو ساڵەدا، بانکێکی ئەمریکی داوایەکی یاسایی دژی جاکسن تۆمارکرد، بەهۆی ئەوەی جاکسن نەیتوانیوە قەرزەکانی لە کاتی خۆیدا بداتەوە و بانکەکە داوای 12 ملیۆن دۆلار قەرەبووی لێکرد.

لە ساڵی 2004، مایکل دەرگای شارە بچووکەکەی خۆی بۆ خەڵکی ئاسایی دەکاتەوەو ڕێگەیان پێدەدات بەچاوی خۆیان ئەو شارە ببینن، بەڵام پلیتی چوونە ژوورەوەی بڕی 5 هەزار دۆلار بوو، ئەمەش بەمەبەستی بەرزکردنەوەی باری ئابووری خۆی.

هەر ئەو ساڵە، پۆلیسی ئەمریکی ئاشکرای کرد کە کوڕێکی تەمەن 12 ساڵ داوایەکی دژی مایکڵ جاکسن بەرز کردووەتە کە مایکڵ دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر.جاکسن خۆی بە دەستەوەدا و بڕی 1.9 ملیۆن دۆلاری دا، وەک کەفالەت بۆ ئازادکردنی تاوەکو ڕۆژی دادگاییکردنی.

لە ساڵی 2005دا، لە دادگایەکی ولایەتی کالیفۆرنیا، جاکسن بێ تاوان کرا، بەڵام دوای ئەوە چەندین هەواڵ بڵاوکرانەوە کە جاکسن دەستدرێژی کردووەتە سەر چەندین منداڵ، بەڵام دایک و باوکی ئەو منداڵانەی بە ملیۆنان دۆلار ڕازیکردوون تاوەکو بێدەنگی لێبکەن.

### مادە بێهۆشکەرەکان ئەویان کوشت

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دەیلی مایەڵی ئینگلیزی، پزیشکێکی تایبەتی مایکڵ جاکسن ڕایگەیاند کە مایکڵ بۆ ئەوەی لە گوشاری دەروونی و کێشەکانی ڕزگار بێت لەم چەند ساڵەی دواییدا، خوی بەوە گرتبوو کە نەشتەرگەری جوانکاری لە دەموچاو و جەستەی بکات و لە هەمان کاتیشدا خزمەتکارەکەی کە کچە ئەفریقیەک بوو، ڕایگەیاندووە کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا مایکڵ جاکسن هەشت جۆر حەب و مادەی بێهۆشکەری بەکارهێناوە و کاتێکیش ئەوان ویستوویانە کەسوکاری مایکڵ ئاگاداربکەنەوە لە بارودۆخەی کوڕەکەیان، مایکڵ توڕە بووەو هەموویانی لە ماڵەکەی دەرکردووە، هەروەها پزیشکەکە ئەوەشی درکاندووە کە لە دوا مانگەکانی ژیانیدا، جاکسن دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتبوو، بەردەوام توڕە بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان، کاتێک مایکڵ جاکسن لە لوتکەدا بووە خاوەنی زیاتر لە 900 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو کە لە تەمەنی 51 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بڕی 500 ملیۆن دۆلار قەرزدار بوو.



چەند هەوادارێکی مایکل جاکسن بە سەمای پۆپ ڕێزی لێدەگرن (فۆتۆ:AFP)



هەوادارێکی مایکل جاکسن، لە وێنەیەکی منداڵیی ئەو رادەمێنێ (فۆتۆ:AFP)

لە ئەڵمانیا

# ژنی موسڵمان دەبنە سەرباز

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

نەریمە H تەمەنی 29 ساڵە. بە ڕەچەڵەک خەڵکی مەغریبە. خولێکی مەشقی باشی بینیوە، جیاوازی ئەو لەگەڵ ژنە کۆچبەرەکانی دیکە ئەوەیە، نەریمە سەربازی سوپای ئەڵمانیایە. لەنێو ئەو سوپایەدا تەنیا چەند ژنێکی موسڵمان هەن. چیرۆکی نەریمە لە چاپەمەنی ئەڵمانیادا دەرکەوت.

نەریمە لەناو سوپادا ڕەئیس عورەفایە. یەکێک لەو هۆکارانەی وایان لەنەرمیە کردووە بچێتە ڕیزی سوپای ئەڵمانیا، بەشداری سوپای ئەڵمانیایە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا. سوپای ئەڵمانیا لەم ساڵانەی دواییدا بەشداری لەچەندین ئۆپاراسیۆن لە وڵاتانی موسڵمان کرد. ئەوەش پێویستی بە موسڵمانەکانی ئەڵمانیا بوو. نەریمە ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی بچێتە ئەفغانستان. ئەو جگە لە ئەڵمانی پێنج زمانی دیکەش دەزانێ. بەڵام بەمەوەشەوە ناوەستێ" من فەرەنسی، عەرەبی، تورکی، ئیسپانی و ئینگلیزی دەزانم. ئێستا خۆم فێری زمانی داری دەکەم. لەبەرئەوەی یەکە سەربازیەکەم لەهەرێمی قوندوزە. لەو هەرێمەو لە باکووری ئەفغانستان بەو زمانە قسە دەکەن".

نەریمە تائێستا بەشداری لەسێ ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی ئەڵمانیا کردووە. ئەو ئێستا بۆ کارێکی دیکە ئامادەکاری دەکات. هەر هەڵبژاردنی کاری سەربازی بەلای خۆیەوە مایەی سەرسامییە، هەروەک چۆن موسڵمانبوونەکەیشی جێی سەرنجە، چونکە لەنێو سوپای ئەڵمانیادا ژمارەی ژنانی موسڵمان زۆر کەمن.

فەماندەی نەریمە، ئەدمیرال ئولریش کیرش، دەڵێ، کەسێکی وەکو کە هاووڵاتییەکی ئەڵمانیایە و بە ڕەچەڵەک خەڵکی مەغریبە، واتە فرە کولتوورە، بۆ ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی وڵات هەر دەست ناکەوێت و دەڵێ"کە کەسێکی ئەفغانی یان کۆسۆڤی لە نێو سوپای ئێمەدا هەبێت ئێمە زۆر سوودی لێدەبینین، لەبەرئەوەی ئێمە زۆر شت لەوان فێردەبین و لە دەوڵەمەندی کولتووری ئەوان سوودمەند دەبین. بۆ ئەمەش هەبوونی سەربازانی کۆچبەر لەنێو سوپاکەمان زۆر هاوکاریمان دەکات".

بێریڤان حوسێن حاجی موراد، کە کچێکی تەمەن 18ساڵی کوردی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە تەمەنی 13 ساڵییەوە لە ئەڵمانیا دەژیت، ساڵی ڕابردوو پەیوەندی بە سووپای ئەڵمانیاوە کرد و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "حەز دەکەم بچم لە ئەفغانستان شەڕ بکەم".

### ئەفغانستان بۆ من زەحمەت نەبوو

خێزانی نەریمە لەساڵانی 1960دا لە مەغریب هاتووەتە ئەڵمانیا. باوکی کرێکار بووە، ئەو لە ئەڵمانیا لەهەرێمی ساکسۆنیای خواروو لەدایکبووە. ئەو ئێستا خۆی ئامادە دەکات جارێکیتر بچێتەوە ئەفغانستان، چونکە بەر لەماوەیەک لە ئەفغانستان کاریکردووە:" لەبەر ئەوەی موسڵمانم و کولتووری ئەوێ دەناسم، لەماوەی کارکردنی پێشووم لە ئەفغانستان سەرکەتووبووم ڕووبەڕووی سەختی نەبوومەوە، بە ئاسانی پەیوەندیم لەگەڵ ژنانی ئەفغانی و هاووڵاتیانی ئەوێدا دروستکرد، جاری پێشووش کە لە قوندوز بووم، موسڵمانێتییەکەم چەندین دەرگای بۆ کردمەوە".



بێریڤان حوسێن حاجی موراد

### پێویستە ژمارەی سەربازانی کۆچبەر زیاتر بێت

ئێستا 6500سەربازی ئەڵمانی لە دەرەوەی وڵات ئەرکی خۆیان دەبینن. فەرماندەی ویلایەتی باکووری ڕاین ویستڤالیا، یورگن ئامان، لەو باوەڕەدایە کە لە دوارۆژدا ژمارەی سەربازانی کۆچبەر لەناو سوپای ئەڵمانیادا زیاتر دەبێت " باوەشی سوپاکەمان بۆ ئەوە واڵایە، کاتێک لاوێک یان کچێکی موسڵمان دێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرباز، لە تاقیکردنەوەکان دیار دەبێت بۆ ئەو کارە دەستدەدات یان نا. ئەگەر لەناو سوپا ژمارەی سەربازانی موسڵمان زیاتر ببێ، پێویستە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکانیان مزگەوت دروست بکەین. ئێمە دەرگامان بۆ ئەو کارە کراوەیەو ئامادەین ئەوە بکەین".

ئێستا 100 سەربازی ژنی سوپای ئەڵمانیا لە دەرەوەی ئەڵمانیا سەربازی دەکەن و لە ئۆپەراسیۆن دان. نەریمە دەڵێ لەسەربازیدا پیاوان باڵادەستن، ئەو بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێ، زۆر هەوڵیداوە. نەریمە بەم شێوەیە باس لە زەحمەتی و هەوڵدانەی دەکات و دەڵێ " لەبەرئەوەی ژنین پێویستە زیاتر کاربکەین و خۆمان بسەلمێنین، ئەگەر هاوڕێ پیاوەکانم 100% هەوڵبدەن، ئەوا پێویستە من 200% هەوڵبدەم، بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە ئەوان".





رامیار مەحموود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# کاریزما و هاتنەدەرەوە لە فاشیزم

لە سەرەتادا دەبێت هەندێک روونکردنەوە بدەم لەسەر کاریزما و فاشیزم نەک لەسەر پەیوەندی ئەم دووانە بە یەکترییەوە، بەڵکو لەسەر ماناو بایەخی تێگەیشتن لە هەریەکێکیان. بێگومان هەست ناکەم پەیوەندییەکی پێشوەخت هەبێت ئەم دووانە بەیەکترییەوە ببەستێتەوە، من لێرەدا لەسەر پەیوەندیداری ئەو دوو چەمکە نادوێم، چونکە ئەم دووانە بەشێوەیەکی حەتمی بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە. هەستیش دەکەم هەندێک تێگەیشتنی ناتەواو هەیە لەئێستادا بۆ ماناکانی فاشیزم و کاریزما ئەم شێواندنە نائەنقەستە بەشێکی زۆری لە گرووپی گۆڕانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوان بەحەتمی دژی چەمکی رابەرو کاریزمان، چونکە لەو بڕوایەدان پەیوەندییەکی حەتمی ئەم دووانە تێکەڵاوی یەکتری دەکاتەوە، ئەوان بەشوێن فۆرمێکی دیکەی ئەڵتەرناتیڤی سیاسەتکارو حکومەتدارییەوەن بۆئەوەی خۆیان لە پارتی و یەکێتی جیا بکەنەوە. لێرەدا گرووپی گۆڕان قسە لەسەر سیستەم دەکات و هەوڵدەدات خۆی بە دوور بگرێت لە وێنەی رابەری کاریزماتیک. کە من هەوڵدەدەم لێرەدا هەندێک کۆمەک بکەم بە مانا پۆزەتیفەکەی رابەرو سیاسەتکاری کاریزماتیک.

من دەزانم زۆرکەس کە ئەم دێرانەی سەرەتا دەخوێنێتەوە یەکسەر دەپرینگێتەوە تاڕادەیەک هەستدەکەم پەرچەکردار لای خوێنەر و لای خەڵکی سادەش لە ژیانی رۆژانەدا بووەتە ترادیسیۆن، کەمجار رێک دەکەوێت کاتێک دەمانەوێت بۆچوونی خۆمان دەرببڕین بە ئاخاوتن بێت یان نووسین یەکێک پێت بڵێت چۆن ؟ بۆ؟ تێناگەم؟ روونکردنەوەی زیاترم دەوێت؟ بەڵگەی زۆرم پێویستە. یاخود با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە هەر هەموومان لە ژیانی رۆژانەدا زانیاری لە رێگەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤار و تەلەڤزیۆن و رادیۆ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تەلەفون و قوتابخانە ...هتد وەردەگرین، چۆن دەتوانین بزانین زانیارییەک جێگای باوەڕە یان زانیارییەک دەشێت جێی باوەڕبێت یان جێی باوەڕ نییە. ئەگەر بە گوێرەی پێوەرێکی زانستی هەوڵبدەین ئەو مەسەلەیە تاقیبکەینەوە بێگومان هەندێک پێوەرو پێوانە هەیە، بەڵام لێرەدا من دەرفەتی خستنەڕووی پێوەرو پێوانەکانم نییە چۆن زانیارییەک (دەشێت جێگەی باوەڕ بێت) یاخود (تەواو جێگەی باوەڕ بێت)، یان هەر (جێگای باوەڕیش نەبێت). دڵنیام ئەم مەسەلەیە بایەخێکی زۆری هەیە و ناشوێرم بەڵێن بدەم کە بگەڕێمەوە سەر شیکردنەوەی ئەو تەکنیکانەی کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی حوکمدان لە سەر زانیاری. چونکە زۆرجار بەڵێنی وا دەدەم و ناگەڕێمەوە سەری.

با دوور نەکەوینەوە مەسەلەکە لەوەوە هات هەندێک گیروگرفتی پەیوەندیدار بە مەسەلەی کاریزما و فاشیزمەوە لێک بدەمەوە. کاریزما بە دوو مانا دێت و لە هەردوو ماناکەشیدا بەستراوەتەوە بە سیاسەت و دەسەڵاتەوە بە مانا سیاسییەکەی دەسەڵات، هاوکات پەیوەندی بە پابەندبوون و رەوایەتیشەوە هەیە. پرسیاری رەوایەتی یەکێکە لەپرسیارە گرنگەکانی ناو جیهانی سیاسەت و جوڵەی سیاسەت و بزاوتی سیاسی بەشێکی زۆری بەندە بەو گۆڕانانەی بەسەر مانا و وێنەی رەوایەتییدا دێت. پرسیاری رەوایەتی یەکێکە لە پرسیارە ستراتیجییەکانی ناو جیهانی سیاسەت. بۆ ئەوەی لە سەرئێشەی تەمومژاویکردن و بەدحاڵی بوون لەسەر مەسەلەی کاریزما و سەرکردەی کاریزماتیک بەدوور بین دەبێت خۆمان دوور بگرین لە بەکارهێنانی کاریزماو رابەری کاریزماتیک دوور لە دسپلین و پێناسەکردنەکەی. کاتێک باسی کاریزما دەکەین زۆرجار ناوی سۆسیۆلۆجستی ناوداری ئەڵمانی ماکس ڤیبەرمان بیر دەکەوێتەوە، هەر لێرەشەوە مەسەلەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت. ماکس ڤیبەر دەڵێت چی. ماکس ڤیبەر سێ بناخەمان پیشان دەدات بۆ رەوایەتی یاخود شەرعییەت کە بریتین لە رەوایەتی ترادیشناڵی و رەوایەتی کاریزماتیک و رەوایەتی یاسایی و عەقڵانی. پارادایم و خشتەی ماکس ڤیبەر بایەخی سەرەکی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سیاسییەکانە بەگوێرەی تایپ و کۆمەڵگەی جیاواز، بە مانای هاوپەیوەندی جۆری دەسەڵاتی سیاسی بە جۆری کۆمەڵگاوە. هەڵبەت ڤیبەر باوکی رۆحی تایپی سێیەمی دەسەڵاتی سیاسی و رەوایەتییە. بەڵام ئەمە تەنها ماناو شێوە بەکارهێنانی کاریزما نییە، ئەوەی ماکس ڤیبەر باسی دەکات گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت تێکەڵی نەکەین لەگەڵ شێوەی دیکەی بەکارهێنانی ئەو چەمکە، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی سیاسیدا کە زۆر جار وەسفی کەسێک دەکرێت بە سیاسەتمەداری کاریزماتیک یان سەرکردەی سیاسی کاریزماتیک، بەڵام لە نێوەندی رۆژنامەگەری و سیاسی کوردیدا پاشا گەردانییەک هەیە لە تێنەگەیشتن لەسەر بابەتەکە، بۆ نموونە برادەرانی ئیتیحادی لە میدیای خۆیانەوە گرووپی گۆڕان بەوە تاوانبار دەکەن کە ئەوانیش هەمان سیاسەتی دروستکردنی کاریزما دەگرنەبەر کە خۆیان وەک شوێنێک رەخنەیان کردووە لە پێکهاتەی یەکێتیدا، بەڵام هەردوولا بە هەڵەدا چوون. لە بواری سیاسیدا گوزارەی (سیاسەتمەداری کاریزماتیک) هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی ئێمە بیری سەردەمی کۆن و ترادیسیۆن و ناعەقڵانییەتمان بکەوێتەوە. سیاسەتمەداری کاریزماتیک بەو کەسە دەوترێت کە توانای کڵپەپێکردنی خەیاڵی گشتی هەبێت، یاخود کڵپەسەندنی خەیاڵی نەتەوەیەک یاخود گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. نموونەیەکی زۆر هەیە لەسەر سیاسەتمەداری کاریزماتیک لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و پاش پیشەسازیدا، یاخود نموونەی هەندێک سەرکردەی خەباتی دژی کۆلۆنیالیزم. نەوشیروان مستەفا دەشێت خۆی ببێتە نموونەیەکی باشی سیاسەتمەداری کاریزماتیک لە بواری کڵپەپێکردنی خەیاڵی گشتیدا.

بەش بە حاڵی خۆم لەوە دڵنیام پارتی و یەکێتی خاوەنی سیاسەتمەداری کاریزماتیک نین. چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە کڵپەپێکردنی خەیاڵەوە هەیە لە ئاستی نەتەوەدا بێت یان گرووپێکی دیاریکراو لەئاستی گشتی کە چاو ببڕێتە ئازادی و داهاتوویەکی سیاسی جیاواز. هەفتەی داهاتوو فراوانتر دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکە.



د.حوسێن محەممەد عەزیز
azizus@yahoo.com

# چاکسازیی و گۆڕانکاری بە گەل و هەموو لایەنەکان دەکرێ

چاکسازیی لە دەزگەکانی پارت و دەوڵەتدا، لە قۆناخێکی تایبەتیی ژیانی کۆمەڵدا دەکرێ، کە هێشتا بە تەواوی، پەتای گەندەڵیی، هەموو جوومگەکانی ئەو دوو دەزگە گەورە و گرنگەی نەتەنیوەتەوە، بەڵام کاتێک گەندەڵیی وەک دەرکەوتەیەکی لێهات و هەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەیی، رامیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، کەلتووریی .. کۆمەڵێکی دیاریکراوی گرتەوە، ئیدی چاکسازیی وەک چارەسەرێکی نیوەناچڵ، دادی نادا و پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی هەیە. لەبەرئەوە دەبێ، سیستەمی رامیاریی و دەسەڵات، لە بنچینەوە بگۆڕدرێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە، کۆمەڵێکی خۆبەخش و لەخۆبووردە، باسکی مەردانەی لێ هەڵکەن و پێشەنگی کاروانی گۆڕانکاریی بن. پێشموا نییە، پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی، هەڵمەتی شۆڕشگێڕانە، کاری توندوتیژیی و پاکتاوکردنی نەیارانی پرۆسەکەی بوێ، بەڵکو پێویستی بە کەشێکی دیمۆکراسیی راستەقینەیە. گرنگترین شتیش ئەوەیە، لە رێی دەزگەکانی راگەیاندنەوە:{بینین، بیستن و نووسین} گەل وشیاربکرێتەوە، لە مەترسیی هەموو جۆرە گەندەڵی و گەندەڵکاران ئاگادار بکرێنەوە، بە هەموو شێوەیەک هاندرێن، پشتگیریی ئەو پرۆسە پیرۆزە بکەن، بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بۆ دابڕێژرێ، بە هەموو توانایەکیشەوە هەوڵبدرێ، جێبەجێبکرێ.

بە واتایەکی دیکە: کۆمەڵانی خەڵک، بە شێوەیەک لە دەوری ئەوە بەرنامەیە کۆکرێنەوە، پەروەردە و ئاراستە بکرێن، کە گۆڕانکاریی بەرە و ژیانێکی پڕ ئاسوودە و باشتر، بە بەرنامەی سەرەکیی و پڕ بایەخی ژیانی خۆیان بزانن. ئەگینا ئەگەر وا نەبێ، ئەوا تاقیکردنەوەی یەکێتی سۆڤێت، لەو بوارەدا سەلماندوویەتی، هیچ چاکسازیی و گۆڕانکارییەک، لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر رۆڵەکانی گەل، بە دڵ و بە گیان، بەشداریی تێدا نەکەن و نەیپارێزن.

ئاشکرایە، هیچ شتێکیش گیانی پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی ناکوژێ، لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی کوێرانەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە نەبێ. چونکە هەموو کۆمەڵێک، باری نەتەوەیی، رەوشی رامیاریی، سیستەمی ئابووریی، نەریتی کۆمەڵایەتیی و ئاستی کەلتووریی تایبەتیی خۆی هەیە. واتە: ئەو چاکسازیی و گۆڕانکارییەی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا کرا و سەری نەگرت، لەگەڵ ئەو چاکسازیی و گۆڕانکارییانەی لە وڵاتانی دیکەی وەک: چین، ئەمریکا، خۆرهەڵاتی نێوەند. دەکرێن، جیاوازییان هەیە و پێویستە، بیریار و رامیارەکان، ئەوە باش بزانن. بەڵام لە هەموو کاتێکیشدا دەتوانن، کەڵک لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە وەرگرن، لە نوچدان و سەرنەکەوتنەکانیانەوە، پەندی گرنگ وەرگرن و لێوەی فێربن، چۆن دەتوانن، لایەنی سەرکەوتنە گەش و جوانەکانیان، لەگەڵ باری ریالیزمی کۆمەڵەکانیاندا بگونجێنن.

لێرەدا دەبێ، ئەوەش بڵێم: پرینسیپەکانی دیمۆکراسیی راستەقینە، بە یەکێک لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی و زاڵبوون بە سەر گەندەڵیدا دەژمێردرێ. چونکە لە هەر وڵاتێکدا، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری تۆتالیتاری خوێنرێژ هەبێ، دەستی بە سەر هەموو دەزگەکانی پارت و دەوڵەتدا گرتبێ، وەک مۆتەکەش، سواری سنگی رۆڵەکانی گەل بووبێ، هەناسەی سەربەستیی لێ بڕیبن، ترس و تۆقاندن بڵاوبووبێتەوە، گرتن و راونان هەبێ، نانبڕین و دوورخستنەوە لە ئارادابێ، کوشتن و بڕین پێڕەوبکرێ، بیرکردنەوە و رادەربڕینی ئازاد قەدەخەکرابێ، دەزگەکانی راگەیاندن قۆرخکرابن، پڕوپاگەندەی خراپ، دژی پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی و هەڵسوڕێنەرانی بکرێ، رێی چەوت و ناشایستە، بۆ شکاندن و لەکەدارکردنی سەران و بیریارانی بزووتنەوەکە وەبەرگیرێ، بە هەموو شێوەیەک بیانەوێ، رۆڵەکانی گەل چەواشە بکەن، یا بە پارە و پلەوپایە، دەمیان چەورکەن و ویژدانیان بکڕن، ئەوا پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی، رووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەخت دەبنەوە، ئەگەر گوڕ بۆ پرۆسەکەش هەڵنەکەنن، لە پەلوپۆی دەخەن و زۆریش دوایدەخەن!

هەر هێندەش بەس نییە، پرنسیپەکانی دیمۆکراسی، لە وڵاتێکی دیاریکراوداهەبێ، ئیدی پرۆسەی چاکسازی یان گۆڕانکاریی بنەڕەتی سەربگرێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە، روونی هەبێ . واتە دەبێ، هەنگاو بە هەنگاو، رۆڵەکانی گەل، لە هەموو جۆرە گەندەڵی و خراپەکارییەک ئاگادارکرێنەوە، لە رووی رامیاری و کۆمەڵایەتییەوە هوشیاربکرێنەوە، تا وەک هێزێکی گەورەی کاریگەر، لە بزووتنەوەی چاکسازیی و گۆڕانکاریدا، رۆڵێکی بەرچاویان هەبێ، بەر بە هەموو جۆرە پیلان و نەخشەیەکی گڵاوی کۆنەپارێزان بگرن، وەک لافاوێکی تورە، هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر رێی بزووتنەوەی چاکسازی و گۆڕانکاری رامالن. ئەگینا ئەگەر وا نەبێ، ئەو پرۆسە گەورەیە، بە چەند رامیار و رووناکبیرێکی دەم گەرم، بەڕێوە ناچێ و سەرناکەوێ.

بۆیە پێویستە، بەهەموو توانایەکەوە هەوڵبدرێ، پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی، بکرێ بە پرۆسەیەکی جەماوەری گەورە، وەک چۆن ئاوی روون و سازگاری کانیی، لە دامێنی چیا سەرکەشەکانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر بەو جۆرەش، بزووتنەوەکە لە نێو جەرگەی گەلەوە هەڵقوڵێ، دەسکەوت و قازانجەکانیشی، هەر بۆ رۆڵەکانی گەل بێ. ئای چەند کارێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو، کاتێک میخایل سێرگێیڤ گەربەچیۆڤ، هەر دوو چەمکی (پێریسترۆیکا) و (گلاسنۆست)ی، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ، پێکەوە گرێدابوو، چونکە گۆڕانکاریی بێ روونیی و لەقاودان، نە دەکرێ و نە سەرکەوتووشدەبێ. بەڵام چونکە قەبارەی گەندەڵی و کاولکارییەکە، لە قەبارەی هەوڵ و تواناکان زۆر گەورەتربوو، خراپەکاریی تەمەنێکی درێژی هەبوو و هەمووشی بە سەر یەکدیدا ترشابوو، کاتەکەش درەنگ بوو، بەرنامە داڕێژراوەکەی گەربەچیۆڤ نەیتوانی، سەرکەوتن بەدەسبێنێ، بەر بە هەرەس و دارمانی ئیمپراتۆریا گەورە تەمەن هەشتا ساڵەکەی دەوڵەتی "جووتیار" و "کرێکاران" بگرێ!

نابێ، ئەوەشمان لە بیرچێ، هەموو پرۆسەیەکی نوێ لە جیهاندا، بە دوو شێوە کاردەکا: کەندوکۆسپەکانی گەندەڵیی دەڕووخێنێ، لە جێی ئەوانەش، کۆشک و تەلاری نوێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ. لەبەرئەوە هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵێک دوژمنی سەرسەختی لە بەردەمدا قووتدەبێتەوە و زۆر بە توندیی، دژایەتی ئەو بزووتنەوە نوێیە دەکەن. چونکە دوژمنانی پرۆسەکە باش دەزانن، لە چەکی دەسەڵات رووتدەکرێنەوە، باری ژیانیان لێ تێکدەچێ، خایە و مایەی چەند ساڵەیان لە کیسدەچێ. بۆیە تا دەتوانن، بە هەموو جۆرە چەکێک، دژایەتی پرۆسەکە دەکەن و هەوڵدەدەن، هەر زوو یەکلاییکەنەوە و جارێکی دیکە، رەوڕەوەی مێژوو، بەرەو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بگێڕنەوە.

لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییشدا، هەموو ئەو رێکخراو و پارتانەی، چاکسازیی و گۆڕانکاریی لە بەرژەوەندییاندا نییە، ناپاکەکانی کورد وەک: کۆنە بەعسیی، سیخوڕ، جاش و راوێژکارەکانی رژێمی پێشووی گۆڕبەگۆڕ، قاچاخچیی و بازرگانە دەوڵەمەندەکان، سەرمایەدارە تازە پێگەیشتووەکانیش، زۆر بە توندیی، دژی بزووتنەوەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی دەوەستنەوە. چونکە مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان هەیە و دینگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان دەلەقێنێ. ئەوە جگە لە فەرمانڕەوایانی هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستانیش، هەرگیز نایانەوێ، کۆمەڵێکی یەکسان و پێشکەوتوو، لە باشووری کوردستان دامەزرێ، بەڵکو هەمیشە هەوڵدەدەن، بارەکە بەرەو خراپتر بروا و ئەزموونەکەش هەرەسبێنێ.

من پێمولیە، ئەگەر لە دوای راپەڕینەوە، سەرکردایەتی هەر دوو زلهێزی باڵادەستی کوردستان: پارتیی و یەکێتی، بە پەرۆشبوونایە و بە کولوڵەوە هەوڵیانبدایە، چاکسازییان لە ریزی رێکخراو و پارتەکانی خۆیاندا بکردایە، باسکی مەردانەیان لێ هەڵماڵیایە، پارتەکەیان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە و رێکوپێک نوێکردایەتەوە، رێیان نەدایە، کەسانی گێرەشێوێن و ئاژاوەچی، هەلپەرست و گومانلێکراو، ناپاک و فایلدار، جێی خۆیان لە ریزەکانیاندا بکەنەوە، نەیانهێشتایە، رۆژبەڕۆژ، پەتای گەندەڵیی وەک تاعون، لە نێو جەستەی پارتەکانیاندا بڵاوبێتەوە، ئەوا ئێستا، تووشی ئەم پاشاگەردانیی نەتەوەیی، گەندەڵیی رامیاریی و کارگێڕییە نەدەبووین، ئەو پەتا کوشندەیەش بۆ نێو دەزگەکانی فەرمانڕەوایی میریی هەرێم نەدەگوازرایەوە، هێندێ چاکسازییمان دەکرد و پێویستیشمان بە گۆڕانکاریی نەدەبوو. چونکە هەموو ئەو پەتا و گەندەڵییەی، لە ریزەکانی گەل و لە نێو دەزگەکانی میری هەرێمدا هەن، هەر لە رێی پارتەکان خۆیانەوە هاتوون و بڵاوبوونەتەوە، هەر ئەوانیش، بە تاوانبار و بەرپرسی یەکەم دادەنرێن. بەڵام چونکە ئێستا، کار لە کار ترازاوە، بۆ ئەوەی میرییەکی تەندروست و پێشکەوتوو، کۆمەڵێکی دڵسۆز و هوشیار، چەند رێکخراو و پارتێکی هاوچەرخ و خاوێن دامەزرێنرێن، کۆمەڵی کوردەواری و دەزگەکانی دەسەڵاتی میریی هەرێمی کوردستان، پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە و دەبێ، سیستەمێکی رامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی نوێ و کاریگەر، جێی ئەم سیستەمە کۆنە دواکەوتووە بگرێتەوە، هەموو جۆرە گەندەڵییەک گۆڕکرێ. ئاخر پرۆسەی چاکسازیی یا گۆڕانکاریی، لە نێو رێکخراو و پارتەکانی کوردستاندا چۆن دەکرێ، ئەگەر ئەو دەزگە دیمۆکراسیی و رامیارییانە، بە دەست سەرکردایەتییەکی هەلپەرست و مشەخۆرەوە بن؟! کەواتە دەبێ، گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتی رامیاریی و دەزگەکانی دەوڵەتدا بکرێ، چونکە لە نێو هەموو کۆمەڵێکی دواکەوتوودا، ئەگەر دەست بە سەر دەسەڵاتدا نەگیرێ، ئەوا پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی، وەک ئەندێشەی هۆنەرانی لێدێ و بە چاوی خۆی رووناکایی نابینێ! ئەوە جگە لەوەی، ئامانجی سەرەکیی هەموو شۆڕشێکی نەتەوەیی، رامیاریی و کۆمەڵایەتیش، هەر دەسەڵاتە و بێ دەسەڵاتیش، هیچ شتێک ناکرێ!

لە سەردەمی ئەوڕۆشماندا، پتر ئەوە سەلماوە، باوی کۆدەتای سەربازیی و بەکارهێنانی هێز نەماوە. هەروەها نابێ، باخی پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی، بە خوێنی جەماوەر ئاودرێ و هێندەی دیکە، ریزەکانی گەلی کورد، لە یەکدی بترازێنرێ. جا ئەگەر پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاریی، بە توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەوە ببەسرێتەوە، وڵاتەکەمانی لێ بکەن بە گۆمی خوێن، ئەوا ئەو چاکسازیی و گۆڕانکارییە، لەم قۆناخە ناسکەدا، هەر نەکرێ و نەبێ، زۆر باشترە. چونکە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و پاراستنی ئەم ئەزموونە، لە سەروو هەموو شتێکی دیکەوە دێ. بۆیە زۆر بە راشکاویی دەڵێم: ئەز لە نێوان پرۆسەی چاکسازیی و گەندەڵییدا، پرۆسەی چاکسازیی هەڵدەبژێرم، لە نێوان پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکارییشدا، گۆڕانکاریی هەڵدەبژێرم. بەڵام لە نێوان پاراستنی ئەم ئەزموونە، ئاساییشی نەتەوەیی، دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و گۆڕانکاریدا، پرۆسەی گۆڕانکاریی رەتدەکەمەوە و زۆر بە توندیی، باوەش بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە، ئاسایشی نەتەوەیی و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەکەمەوە. چونکە ئەگەر ئەزموونەکە تێداچوو، گۆڕانکاریی لە بەردەم هەرەسی ئەزموونەکەدا، دۆشدادەمێنێ و هیچی پێ ناکرێ. بەڵام ئەگەر ئەزموونەکە بمێنێ، رۆژێک لە رۆژان، هەر چاکدەبێ و گۆڕانکاریی گەورە و بنەڕەتییش، لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵدا روودەدا. بۆیە هەرگیز گوتە جوانەکەی پرۆفیسۆر ئیسمایل بێشکچیم بیر ناچێ، کاتێ گوتوویەتی: "خراپترین شێوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیی کوردیی، لە چاکترین بەڕێوەبەرایەتی ئیمپریالیزم و رەگەزپەرستان و فاشستەکان چاکترە". لەبەرئەوە دەبێ، ئاشتیی گشتیی بپارێزرێ، گۆمی پڕ لە ئاسایشی نەتەوەیی نەشڵەقێنرێ، تەبایی و برایەتی ریزەکانی کورد و کورد بەهێزترکرێ، هەرگیز بیر لە تووڕەبوون، تۆڵەسەندنەوە، توندوتیژیی و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانە نەکرێتەوە، بەڵکو زمانی دیالۆگ و پرینسیپەکانی دیمۆکراسیی، دروشمی سەرەکی و بەرنامەی کار بێ.

لەبەرئەوە دەبێ، بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین، کەشێکی دیمۆکراسیی بئافرێنین، بە زمانی سەردەم و بە دیالۆگی رامیاریی، لەگەڵ یەکدی بدوێین، چارەسەری گونجاو، بۆ گرفتە گرنگ و کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵەکەمان بدۆزینەوە.

ئەوڕۆ لە باشووری کوردستان، خەریکە پرینسیپەکانی دیمۆکراسیی راستەقینە، وردە وردە گەشەدەکەن، ئەگەر کۆنەپەرستان لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، رێ لەو گەشەکردنە نەگرن، چونکە ئێستا کوردستان بەکردەوە، کۆمەڵێکی فرەپارتی رامیاریی و بۆچوونی جیاوازە. تا ئەندازەیەکی باشیش، کێبڕکێیەکی دیمۆکراسیی، لە نێوان ئەو لایەنانەدا هەیە، ئازادیی رادەربڕین و بزووتنەوەی رۆژنامەنووسیی، رۆژ بە رۆژ، بەرەو ئاسۆیەکی رووناکتر و باشتر هەنگاو دەنێ، هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی، ئەنجوومەنی پارێزگەکان، پەرلەمان و پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەگەر درەنگ درەنگ و بە نیوەناچڵیش بکرێ، ئەگەر فرۆفێڵیشی تێدا بێ، ئەوا هەر بە چەند ساڵ جارێک دەکرێ. کەواتە رامیار، بیریار و گۆڕانکاران دەتوانن، بە شێوەیەکی هێمنانە و بە زمانی دیالۆگ، پرۆژە و بەرنامەکانی خۆیان، بگەیێننە رۆڵەکانی گەل و لایەنەکان، هەوڵی چەسپاندن و جێبەجێکردنیان بدەن، کەڵک لەو کەشە دیمۆکراسیی و ئازادیی رادەربڕینە وەرگرن، کە ئەوڕۆ لە باشووری کوردستاندا هەیە.

من پێموایە، هیچ جۆرە سیستەمێکی رامیاریی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، تا سەر سەرکەوتوونابێ، ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام، کەموکووڕی و هەڵەکانی دەستنیشان نەکرێن، چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە و راژە نەکرێن، چونکە ژیان بە شێوەیەکی بەردەوام، لە گۆڕان دایە، سستی و مەیین قەبووڵ ناکا. بۆیە ئەگەر لەگەڵ ئەو پرۆسە گرنگەی ژیاندا هەنگاو نەنرێ، دەسەڵاتدار و سەرکردەی رێکخراو و پارتەکان، زۆر بە باشی لە نێوەرۆکی فەلسەفەی ژیان، پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی تێنەگەن، هەرگیز پێش ناکەون و سەرناکەون، ئەگەر هەنگاوێکیش بۆ پێشەوە بنێن، ئەوا دوو هەنگاو بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە!

بۆ نموونە: ئەوەتەی بلۆکی سۆسیالیست نەماوە و دەوڵەتەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە، زلهێزێکی وەک ئەمریکا، کە لە هەموو رووێکەوە، بە پێشکەوتووترین دەوڵەتی جیهان دادەنرێ، بە تاک و تەنیا، لە گۆڕەپانەکەدا تەراتێندەکا و ئەسپی بەرژەوەندییەکانی خۆی تاودەدا. بۆیە پێیان وابوو، ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە گەشەکردووەی پێڕەویدەکەن، هەرگیز تووشی نوشوستی نابێ، کەچی دەبینین، دروشمی هەڵبژاردنەکانی ئۆباما، بە گۆڕان دەسپێکرد، ئەمە بۆچی وایە؟! چونکە لە نێوان ساڵانی 2008 — 2009دا، سیستەمی ئابووریی ئەمریکا، تووشی چەڵەمەیەکی گەورەی دارایی بوو، هەر لەوێشەوە، بۆ هەموو دەوڵەتەکانی ئەورووپا و هێندێ لە دەوڵەتەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیاش پەڕییەوە و تائێستەش، بە تەواوی بۆیان چارەسەر نەکراوە. جا گەر ئەوە رەوشی بەهێزترین دەوڵەتی ئەم سەر گۆی زەوییە بێ، ئەی دەبێ، باری نەتەوەیی، رامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکی لەتوپەتکراوی خاک دابەشکراوی بێ مافی وەک کورد چۆن بێ؟! تا چەند پێویستی بە هەر دوو پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی هەبێ؟!

کورت و کرمانجیی دەڵێم: نەک هەر باشووری کوردستان پێویستی بە پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاری هەیە، بەڵکو سەرانسەری دەوڵەتەکانی نێوچەکە بە تایبەتی و جیهانیش بە گشتی، پێویستیان بەو دوو پرۆسە گرنگە هەیە، چونکە بێ ئەو دوو پرۆسە گرنگە، نە کۆمەڵ پێشدەکەوێ، نە بناخە سەرەکییەکانی دادپەروەری، دادی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی راستەقینەش دەچەسپێن.

لە راستییدا، ئەم پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکارییەش، پرۆسەیەکی زۆر گرنگ و درێژخایەنە، لەبەر ئەوە، بە پەلەپروزێ و بە چەند رۆژێک، جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو پێویستی بە کاتە، هەناسەی قووڵ و ئارامگرتنی دەوێ، چونکە گەندەڵی، هەموو دەزگە و جومگەکانی پارت و دەوڵەتەکەی گرتووەتەوە. بۆیە پێموایە و دەبێ، هەردوو پرۆسەکە، پێکەوە بکرێن، لەو جێیانەی هێشتا گەندەڵی بنکۆڵی نەکردووە و وزەیەکی تێدا ماوە، دەتوانرێ، بەرەو پێشەوە ببرێ و کەموکوڕییەکان پڕبکرێنەوە، چاکسازی تێدا بکرێ، بەڵام لە ئەو جێیانەی پرۆسەی چاکسازیی دادی نادا، پێویستە پەنا بۆ پرۆسەی گۆڕانکاریی ببرێ. ئەمەش بە ئەرکێکی مێژوویی سەر شانی هەموو لایەن و پارتە رامیاریی و دەزگەکانی کۆمەڵی سیڤیلی کوردستان دادەنرێ.

گۆڕانکاریی راستەقینەش، بە تەنیا لایەنێک ناکرێ، بەڵکو بە جەماوەری گەل و هەموو لایەنەکان دەکرێ، تا کۆمەڵێکی هاوسەنگ و هۆمۆجین، گەشەکردوو و پێشکەوتوو دامەزرێنرێ، لە دەست پەتای گەندەڵیی رزگارمانبێ! لەبەرئەوە، گۆڕانکاریی پێویستی بە هەوڵ، توانا و وزەی هەموو تاکێکی دڵسۆز و لایەنێکی نیشتمانپەروەر هەیە. وەک چۆن کوردستان بە تەنیا، بە هیچ لایەنێک رزگار ناکرێ، هەروەها پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی بنەڕەتییش، بە تەنیا باڵ، نە بە هیچ لایەنێک دەکرێ و نە سەریشدەگرێ. بۆیە دەبێ، جگە لە رۆڵەکانی گەل و رێکخراوەکان، هەموو پارتە رامیاریی، رێکخراوە دیمۆکراسیی، دەزگەکانی دەوڵەت و پەرلەمانیش، لە ئەم پرۆسە گرنگ و درێژخایەنەدا بەشداربن، تا بە هەموو لایەک بتوانن: لە لایەکەوە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی لەنێوبەرن. لە لایەکی دیکەشەوە، هەم دەوڵەتێکی فیدراڵیی رێکوپێک و هاوچەرخ، لە باشووری کوردستان دامەزرێنن. هەم یاسا سەروەربێ، دادی کۆمەڵایەتی جێبەجێکرێ، رۆڵەکانی گەلیش، بە ئازادی و یەکسانی بژین.

هەرچەندە ئەم وڵاتە، زۆر پیاوی زیرەک و دڵسۆزی تێدایە، بەڵام پیاوی گێل و بوودەڵەشی کەم نییە! ئەوڕۆ رۆڵەکانی گەل مافی خۆیانە، ئەگەر زۆر بە پەرۆشبن، بۆ دوارۆژی ئەم خەڵک و خاکە نیگەرانبن. بۆیە دەبێ نەک هەر ئەزموونەکەمان بە توندی، لە ئامێزبگرن و لە هەموو جۆرە مەترسییەک بیپارێزن، بەڵکو دەبێ، بیبووژێننەوە، پێشیخەن، لە گەندەڵی و کاری چەپەڵ خاوێنی بکەنەوە. ئێستاش هێشتا درەنگ نەبووە، ئەگەر نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانی کورد، چاکی چالاکی بەلادابکەن و دژی پەتای گەندەڵی بجوڵێن و خەبات بکەن. چونکە کاروانی نەتەوەپەروەر و دڵسۆزەکانی نیشتمان، هەر کاتێک روو لە خۆری رووناکیی پرۆسەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی بکەن، زووبێ یا درەنگ، هەر دەگەن بە خۆر!

*مامۆستای زانکۆی سلێمانی



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# یەکسانی کڵاشە دەکات

بانگەشەی پێش هەڵبژاردن، ئاوێنەی پێشکەوتنی سیاسیی و ئاستی هۆشیاریی خەڵکیشە. لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا، کە خەڵک، هۆشیاریی تەواوی بە مافەکانی خۆی هەیە و دەنگیشی، پارتی حوکمڕان دیاری دەکات، قەوارەی سیاسیی لەو جۆرە وڵاتانەدا دەبێ زۆر خۆی ماندوو بکات تا مەیلی خەڵکی بۆ خۆی رابکێشێت. بەرنامەی ئابووری ناوخۆ و دەرەوە، ستراتیژی سیاسیی ناوخۆ و دەرەوە، مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، مافی منداڵ و ژن و تەنانەت ئاژەڵ و ..تد، هەمووی لە دەنگدان دا بە هەند وەردەگیرێت.

لای خۆمان چونکە ئاستی هۆشیاری خەڵک چەند سەتێک لە بن سفرەوەیە و دەنگی دەنگدەری کورد بە دەهۆڵ و زوڕنا زامن دەکرێت، بۆیە دۆخەکە بە شێوەیەکی دیکەیە. پارتی سیاسیی کوردی، نە بەرنامەی ئابووری گەرەکە و نە تەرەماش، بەندبێژێکی بەسە، ئەی ئەوە نییە هەر قەوارەیە و چەند بەندبێژێک (کە زۆربەیان نەخوێندەوار) بۆ کۆکردنەوەی دەنگی دەنگدەران خستووەتە هەڵەکەسەما. بەند و باڵۆرە و تەپڵ و زوڕنا، کەرەستەکانی هەڵبژاردنن لە کوردستاندا. ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی وڵاتان، کەرنەڤاڵێکی سیاسیی و رۆشنبیریی و نیشاندانی بازووی لێهاتوویی وڵات بەڕێوەبردن بێت، لە کن مە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئاهەنگی پاشتێلانە دەچێ.

لە هەولێرەوە بەرەو خانەقین دەچووم، هەر لە ماڵی خۆمانەوە بە درێژایی رێگە شرکە لافیتەی زەق و ناشرین بوو، بەڵێنی سەیر سەیر بەو شتانەی هەژدە ساڵە بەس دەنگیان هەیە و هەرگیز رەنگیمان نەدیون، ئاو، کارەبا و خزمەتگوزاریی بە فلووسێک، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی تا کۆتایی کەلار کڵاشە دەکات، هەر لە خوار کەلار پێچت کردەوە بۆ سەر پردە هەمیشە وێرانەکەی رێگەی خانەقین، نە ئاو دەمێنێ نە کارەبا، نە عەدالەت هەیە و نە یەکسانی، ئاخر لەوێوە ئیدی دەنگ بۆ هەڵبژاردن نامێنێ قوربان.

سلێمانی، تا بەر لە هەڵبژاردن، خەڵکەکەی ناویان لە شارەوانی نابوو چاڵەوانی، کەچی ئێستا ئەوەندە بێڕەحمانە کەوتوونەتە قیرتاوکردن، خەریکە قیر، بە سەر شۆستەدا بڕژێ. خۆش ئەوەیە هەندێ خەڵکی قسەخۆشی سلێمانی، بەم خۆ سەغڵەتکردنە لە ناکاوەی ئیدارەی شارەکە دەڵێن: "ئەم قیرە جوانە، لە ترسی کاک نەوشیروانە".

تۆ بزانە، لە سلێمانی چونکە وەزعەکە شڵۆقە، قیر بە سەر شۆستەدا دەڕژێ، لەولاکەلاریشەوە، چونکە دەنگدەری لێ نییە، چ لەناو ئۆتۆمبێل دابنیشی یان لە سەر پشتی کەر بڕۆیت، یەک حیسابە. ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن وەک پێوەر وەربگرین، دەشێ بۆ نموونە هەڵمەتی هەڵبژاردنی فەرەنسا بە هەڵمەتی دیموکراسی ناو ببەین، ئەوەی خۆشمان هەڵمەتی: بۆت دەڵێم لەو بەندانە، ئاوەدان بێت ئەم کوردستانە، خەڵک نانی نییە بخوا، کەچی خەریکی قونبادانە.



نوورەدین
وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# کوردستان و ئیسپانیا

لە فرگەی دوسلدۆرف لە ئەڵمانیا لە کافێیەک چاوەڕێی هاتنــی هاوکارێکــم دەکرد. لە پڕ گوێم لــە دوو کوردبوو قســەیان دەکرد کە لە کوردســتان گەڕابوونەوە، تۆزێک گوێم بۆ قولاخ کردن حەزم کرد بزانم باســی چی دەکەن. لــە دیالێکتەکانیانــەوە دیاربوو یەکێکیــان هەولێری بوو ئەویتریشیان گەرمیانی.

هەولێرییەکە کە ماوەی چەند ساڵێک بوو نەگەڕابووەوە بە سەرسوڕمانەوە باسی گۆڕانکارییە خێراکانی شارەکەی دەکــردو پێیوابوو هەولێر لەو چەند ســاڵەی دواییدا زۆر گۆڕاوەو پێشــکەوتووەو تەنانەت گەیشــتووەتە ئاســتی پێتەختە پێشکەوتووەکانی دنیا!

گەرمیانییەکــە کە ئەویش بەهەمان شــێوە ماوەیەکی زۆربوو کوردســتانی نەدیبوو، ئەگەرچی دانی بەوە دادەنا کە هەولێرو کوردستان " هەندێک" گۆڕانکاری وپێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە، بەڵام دەیگوت هێشتا زۆریشی ماوە بە شارێکی پێشکەوتوو ناو ببرێ.

کوردی گەرمیانی بە هەڵچوونەوە دەیگوت ئەگەر بەراوردی بودجەی ســاڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ ئەو پرۆژەو گۆڕانکارییانەی لە کوردستان کراون ئەوە دەتوانین بڵێین هیچ نەکراوە. ئەو نازانم بۆچی نموونەی بە وڵاتێکی وەکو ئیسپانیا هێنایەوە وگوتی بوجەی ئیسپانیاش وەک کوردستان ساڵانە 8 ملیارەو بە هەولێرییەکەی دەگوت "برۆ بزانە چییان لە وڵاتەکەیان کردووە".

هەولێرییەکە هەرچەندە گەنگەشەی ئەوەی دەکرد چۆن دەکرێ کوردستان و ئیسپانیا بەیەک بەراورد بکرێن، بەڵام بۆ من وەک گوێگرێکی ئەو گفتوگۆیە بەرســڤەکانی بەهێز نەبوون. بەراوردکردنی کوردستان وئیسپانیا بەلای منەوە زۆر جێی ســەرنج بوو بەتایبەتیش لە وەکیەکی بودجەی ســاڵانەوە، چونکە پێم سەیربوو ئیسپانیایەک کە ژمارەی دانیشــتووانی نزیکەی 41 ملیۆن دەبێت کەچی بودجەی هەرێمێکی 4 ملیۆنی هەبێت.

ڕۆژی دواتر لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاریدا گەڕام لەسەر بودجەی ساڵانەی ئیســپانیا دەرکەوت بودجەکە نزیکەی 80 ملیار دەبێت نەک هەشــت، تۆ لەوەگەڕێ کورد هەر بە ئارەزووی خۆی ژمارە کەم وزیاد دەکات، بەڵام بەڕاستی هیچ رەواش نییە کوردستانێک کە تازە خەریکە ببێتە شتێک و وەک دەڵێن ناوی بچێتە نێو ناوان بە ئیسپانیایەک بەراورد بکرێ کە سەدان ساڵە دەوڵەتە.

ئاساییە بڵێین ئەو داهاتەی لەو چەند ساڵانەی دوایی لە دەست حکومەتی کوردستان بوو پرۆژەو پێشکەوتنی زۆر لەوەی ئێستا زیاتری پێدەکرا، لەم رووەوە هەموو کوردێک هەقی رەخنەگرتنی لە دەسەڵات هەیە، بەڵام هەقە رەخنەو بەراوردەکانیش ڕێیەکیان تێبچێ. من بەغدا و شــارەکانی دیکەی حکومەتی عێراقــم نەدیتوون، بەڵام وەک هەندێک کەس پێیانگوتووم هیــچ بەراوردێک لە نێوان جادەوبان و خزمەتگوزارییەکانی کوردستان و عێراقدا ناکرێ، لەکاتێکدا بودجەی 5 ســاڵی رابردووی عێراق لــە 50 ملیار کەمتر نەبووە.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# دەستوور و خۆزگەخواستنەکانی کورد

هەنــدێ لە عارەبــە شــۆڤێنییەکان بەوە نارەحەتن پەرلەمانی کوردســتان رەشنووسی دەســتووری هەرێمی کوردستانی دەرکردووە و دەیخاتە دەنگدانەوە. بەرەی تورکمانیش، وەک چۆن حەزیان لە هیچ دەستکەوتێک نییە خێری کوردی تێدا هەبێ، حەزیان لەو دەســتوورەش نییە. هەندێ لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی کــوردی دەرەوەی بازنــەی حیزبەکانیش، لە وڵاتەکــەی خۆماندا، ئەو دەســتوورەیان پێ خــۆش نییە. بــەڵام هەر یەکە لــەو کەس و لایەنانە هــۆی خۆی هەیــە و هۆیەکانیش تا ئاســتی پێچەوانەکردن جیاوازییــان هەیە و دژ بــە یەکن. کە من پێم چاک نەبێ ئێســتا ئەو دەســتوورە بخرێتە دەنگدانەوە، زوڵمێکی گەورە و هەڵەیەکی گەورەترە من و ئەو عارەبە شۆڤێنییە بخرێینە سەنگەرێکەوە گوایە پێکەوە سەنگەرمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانەکەی گرتووە. ئەو شۆڤێنییە، چۆن دەیەوێ پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتەکەی و دەســتوورەکەی ئەوەندە لاواز بن دەسەڵاتی ئەوەیان نەبــێ بەرانبەر چەقەڵێک بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەوەندە و زیاتریش من دەمەوێ پەرلەمانــی کوردســتان و حکوومەتەکەی و دەســتوورەکەی ئەوەنــدە بەهێــز و پتەو و یەکڕیزبن کەلێنێکی وایان تێدا نەبێ دەســتی ناحەزێکی کورد لە هیچ بوارێکەوە پێیدا بچێ و چارەنووسی کورد بخاتە بەردەم مەترسییەوە.

من بۆ ئەوە رەخنە دەگرم مەترسی لە سەر ئێستا و پاشەڕۆژی کوردستان و نەتەوەکەماندا نەبــێ و ئــەوان رەخنــە دەگرن بــۆ ئەوەی کوردستان بە ئاسانی بکەوێتەوە بەر دەستیان و وەک جاری جاران دایدۆشن و بکوژن و ببڕن و ئەنفال بکەن و تاقیکردنەوەی کیمیایی لە سەر رۆڵەکانی ئەنجامبدەن. ئەوەتا هەر ئەو رۆژەی ئەمریکاییەکان کەرکووکیان چۆڵکرد، دوژمنانی کورد لە شــۆریجەی کەرکــووک تەقینەوەیان ئەنجامدا و کۆمەڵێک کوردی بێتاوانیان کوشت و دەستوورێکی وا نییە بەرگرییان لێ بکا و بڵێ: ئەگەر یەک تاوانی لەو بابەتە لە کەرکووک ئەنجامبدرێ، نابێ یەک تاکە عارەبی تەعریب لەو شارەدا بمێنێ و ماددەی 140یش سەریان بخوا! لە بری ئەوە، دوو هێنــدەی کوردی ئاوارەی کەرکــووک پارەیان پێدەدرێ و ناشــڕۆن! دەســتووری وا نییە و بەپێچەوانەوە یاسایەکی نەنووسراویش نییە رێ بە خەڵکی کەرکووک بدا بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیــە وەک قەتێکای گەرمیان رووەو خۆر کڕ دەکەون و دادەنیشن، تا بە داوەوە دەبن!

لێرەوەیە کــە دەبێ رەخنە و ناڕەزیبوونــی ناحەزان و دڵســۆزان لە یەکتر جیا بکرێنەوە و لە هەرچییەکی ناحەز دەیڵێ بەگومان بین و بە وردی بیر لە هەرچییەک بکەینەوە کە خۆمان لە ناو ماڵی خۆمانەوە دەیڵێین. با لە کەســێکی وەک من بگەڕێین کە لە بواری یاســادا پســپۆر نیم، بەڵام کەســێکی وەک د. نووری تاڵەبانی دەنگ بۆ دەستوور نەدا چ دەگەیێنێ؟ ئەوێکی شــارەزا لە بواری یاسادا، دەنگ بۆ تێپەڕاندنی ئەو دەســتوورە نەدا، منێکی بواری رۆژنامەوانی یا هەژاری ماڵی خۆم چۆن لە تێپەڕاندنی ئەو دەســتوورە نیگەران نەبم؟!

دەبوو برگە بە برگە و خاڵ بە خاڵی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردســتان لە دەزگا راگەیاندنەکانەوە، چ لە رووی زمانەوانییــەوە کــە وێرانە، چ لە رووی یاســاییەوە و چ لە بەراورددا لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و دەستووری بەغدادا تاوتــوێ بکرێ و دەمەتەقێیان لە ســەر بکــرێ. بەڵام کە وانەبوو، دەبێتە کاری تێپەڕانــدن و ئەوەش ترس دەخاتە دڵی هەر کەســێکی کوردستانەوە کە خەمی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی بێ.

نموونەیەکی تێپەڕانــدن و دەمەتەقێ نەکردن بەرنامەی خویندنــی قوتابخانەکانە. هەوڵــدراوە بەرنامەی خوێندنی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ســوێد لە قوتابخانەکانەکانی کوردســتاندا پەیڕەو بکرێ، بەڵام باسی ئەوە لە ئارادا نییە کە بارودۆخی ژیانی ناو قوتابخانەکانی کوردســتان لەگەڵ بارودۆخی قوتابخانەکانی سوێددا جیاوازی زۆری هەیە. خەمی ئەوە نەخوراوە منداڵ لە قوتابخانەدا سەرما و گەرمای نەبێ و برسی نەبێ و هیچ دایکوباوکێک ئاگادار نەکراونەتەوە کە دەبێ منداڵ دوای سەعات نۆی شەو نوستبێ تا لە قوتابخانەدا ماندوو نەبێ و بارودۆخی منداڵی قوتابخانە خراپ بێ، کەس لێپێچینەوە لە دایکوباوکی ناکا. بیر لەوە نەکراوەتەوە قوتابی خۆراکی باش بێ یا لە قوتابخانە خۆراکیان پێ بدرێ، کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە سروشت وای دەوێ منداڵ بزێو بێ و بزێویش وزە و پشووی دەوێ.

لەو باوەڕەدام بەرنامەی خوێندنی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا زۆر لەو بەرنامەیە بەجێتربوو کە ئێســتا لە قوتابخانەکاندا رەچاو دەکرێ. ئەمە خۆزگە خواســتن نییە بەو سەردەمە، بەڵکــو بــەراوردە لە نێوان پێشــکەوتنێکی بــێ بنەمای بیرکردنەوە و پێشنەکەوتندا.

مرۆڤی دڵســۆزی کوردستان لەوە دەترسێ سبەینێیەکی نزیــک جۆرە خۆزگەیــەک بە نەبوونی دەســتوور بخوازێ و هەنــدێ برگەی ئەو دەســتوورە لە بری ئــەوەی بارمان ســووک بکەن لێمان ببنە بــەڵا و بارگرانی، وەک چۆن ئەو رێککەوتنانــەی نێــوان کورد و بەغدا بە شــایەدی هەندێ لە سیاســەتمەدارەکانیش هەڵەی مێژوویی بــوون. دەکرا چارەســەری کەرکووک بەو شیوەیە نەبێ کە ئێستا بووەتە مەترســی لە ســەر کەرکووک و ئەوەنــدەی رێی تێدەچێ بگەڕێتەوە ســەر کوردستان، پتر رێی تێدەچێ نەگەڕێتەوە سەری و هەر بە هەڵواســراوی بمێنێتەوە. ئەوسا دەبێ بە رێکەوتننامەی یانزەی ئازاری 1974یشــدا بچینەوە و بڵێین خۆزگە پێی رازی دەبووین و ئەگەر رازی بووینایە، ئەوەی بە ســەر کورددا هات، یا بە سەریدا نەدەهات یا جۆرێکی دیکە دەبوو. من بەش بە حاڵی خۆم رازینەبوونم پێ پەســەندە چونکە دەستبەردان لە خاکی وڵات دەستبەردانە لە هەموو شتێک کە خەسڵەتی مرۆڤایەتی بە مرۆڤ دەدا.



هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# ئێمە بە تەنیشت یەکەوە دەژین نەک پێکەوە

لــە کۆڕێکیدا لەگــەڵ قوتابیانی کۆلێژی رۆژنامەڤانیی زانکۆی ئەمســتەردام، فریتس بۆڵکســتاینی وەزیری بەرگریی پێشــووی هۆڵەندا و کۆنە کۆمیســاری یەکێتی ئەورووپا و باوکــی فیکریی لیبراڵە هۆڵەندییەکان زۆر هەراســان بوو کە ئەز بەڕێوەبەری بەرنامەی کۆڕەکــە بووم. کاتێکیــش بەرنامەکە تەواو بوو، بۆڵکســتاین تەوقەی لەگەڵ هاوکارانی دیکەدا کرد، لێ دەســتی بــۆ لای من درێژ نەکرد. کۆڕەکە کە زۆرتر لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا بوو تایبەت بوو بە پرسی کۆچبەری و بێگانــەکان لە وڵاتانی رۆژئاوای ئەورووپادا. بۆڵکســتاین کە بە قەولی خۆی لە ســاڵانی نەوەتەکانــدا یەکەمین کەس بــووە زەنگی مەترسیی خۆنەگونجاندنی کۆچبەرانی لەگەڵ بەهــا و نەریتە ئەورووپییەکانــدا لێداوە، لەو کۆڕەشیدا دیســان جەختیکردەوە کە لەبەر ئــەوەی خاڵــی هاوبەش بۆ پێکــەوە ژیان نییــە زەحمەتە هۆڵەندییە رەســەنەکان (ئاوتۆختۆن) لەگەڵ نارەسەنەکان (ئاڵۆختۆن) بتوانن بێ کێشە لەچوارچێوەی جڤاکێکدا پێکەوە بژین. کاتێکیش من کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشم بۆ باسکرد، بە کورتی گوتی:" ئەوانە بەس نین."

جارێکیــان نووســەرێکی هۆڵەنــدی دەربارەی پێوەندیی هاووڵاتییە "رەســەن" و "نارەســەنەکان"، نووســیبووی: " ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا پێکەوە ناژین، بەڵکو بە تەنیشت یەکەوە دەژین".ئەوە بە بڕوای من راستترین وێنەیە کە دەربارەی پێوەندیی نێوان ئەو دوو گرووپە لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا کێشرابێ.

نموونەی گۆڕانە خێرا و ترســناکەکانیش لەو پەیوەندییانــەدا زۆرن. هەفتەی رابردوو لە بەڵفاســتی ئێرلەنــدا گرووپێکی گەورەی رۆمانییان لە ترســی گرووپێکــی ئێرلەندی نەژادپەرســت پەنایان بۆ کڵێسایەک برد و ماڵەکانیان بەجێهێشت. بەپێی راپرسییەکی فەرمیــی حکومەتــی ئێرلەندیــش نزیکەی 50%ی دانیشــتوانی ئەو وڵاتە حەزناکەن هاوسێیەکی رۆمانییان هەبێت. یان دوو هەفتە پێش ئێستا خیرت ڤیڵدەرسی سەرۆکی پارتی راستڕەو و دەمارگیری هۆڵەندی (ئازادی) لە کۆرێکیدا لە کۆپنهاگنی دانیمارک گوتی:" لە ئەورووپا دەیان ملیۆن موسڵمان هەن، ئەگەر ئەوانە بەو شێوەیە خۆیان نەگونجێنن کە ئێمە دەمانەوێت پێویستە دیپۆرت بکرێنەوە". بیرتان نەچێت ئەو قسانە هی ســەرۆکی پارتێکن کە لە هەڵبژاردنەکانی ئــەم دواییانەی پەرلەمانی ئەورووپادا وەکــو دووەم پارتی گەورەی هۆڵەندا ئەنجامی هێنــاو ئەو موســڵمانانەیش کە ئەو باسیان دەکات هاووڵاتی ئاسایی ئەورووپین!

حاشــا لەوە ناکــرێ کە بەشــێکی مەزنی هاووڵاتییە تازە ئەورووپییــەکان، بە تایبەتیش موسڵمانەکانیان،کەمتەرخەمبوون لەخۆگونجاندن لە جڤاکی ئەورووپیدا. هەر لە تەمبەڵییەوە بگرە لە فێربوونی زمانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، تا دەگاتە مفتەخۆری و کارنەکردن و باوەڕهەبوون بە بەکارهێنانی توندوتیژی لەجیاتی گفتوگۆ لە ژیانی رۆژانەدا ئەو خاڵە لاوازانەن کە پێگەی وانی لە جڤاکی ئەورووپیدا لاوازکردووە. بەڵام هاوکات ئەو ئەورووپییانەش کە پاش نزیکەی ســەد ساڵ لە نەمانی سیســتمی کۆیلەداری هێشتایش ئەو کەسەی مووی زەرد نەبن و چاوی شین نەبن بە پاشڤڕۆ و کەمتر لە خۆیان دەبینن و ترسێکی گەورەیان هەیە لە هەر مرۆڤێک کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپاوە هاتبێت هاوکارێکی چاک نین تا پرۆســەی خۆگونجاندن خێراتر رووبدات. رەنگە نوکتەی دۆستێکی هەولێریی دانیشتووی هۆڵەندام کە ماوەیەک پێش ئێســتا وایزانیبوو بووەتە قوربانیــی جیاوازیپێکردنی نەژادی ئەوە باشــتر روونبکاتەوە کە شــێوەی بیرکردنەوەی خەڵک تا چ ئاســتێکی ترســناک و هەندێجار پێکەنیناویش رۆیشــتووە: ئەو دۆستە کە قژی زەردە و چــاوی شــینن زۆر کــەس وادەزانێ ئەورووپییــە. رۆژێکیان دوو پۆلیســی هۆڵەندی بــە هۆی خێراڵیخوڕینەوە رایدەگرن، کاتێک ئەو دۆستە نایەوێ هاوکاریی پۆلیسەکان بکات، ئەوان کەمێک بە توندی لەگەڵی دەجوڵێنەوە. ئەویش هیچی بــۆ نامێنێتەوە ئــەوە نەبێت کە بڵێت: "چونکە قژم رەشە وام لێدەکەن؟!"



کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

# شەوانی سلێمانی مایەی مەترسین

یەکێک لە دەســتکەوتە گرنگەکانی راپەڕیــن و رووخانــی رژێمی ســەددام حســێن، ئەو ئازادییەیە کە شەوان باڵ بەســەر شــار و گەڕەک و شەقامەکاندا رادەکێشــێت، مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە بە ئازادی لەم پەڕی شــارەوە بۆ ئەوپەڕی شــار بە کەیفی خۆیان دێــن و دەچن، ئەگەر ئەمە لەگەڵ ســاڵانی هەشتاکاندا بــەراورد بکەیــن، وەکو مــاوەی نێوان ئاسمان و زەوی وایە. بێگومان مرۆڤەکان هەمیشە بەدوای شتی باشتر و باشتریندا دەگەڕێــن، ئەوە یەکێکە لە خەســڵەتە جوانەکانــی مرۆڤ، تا ئەوکاتەی هەموو ململانێیەک شەریفانە بێت.

مــاوەی هەفتەیەکــە بانگەشــەی هەڵبــژاردن لە کوردســتان دەســتی پێکردووە، سلێمانی یەکەمین پارێزگا و شارە لە باشووری کوردستان کە بووەتە جێگەی ململانێ و شەڕە پەڕۆیی توندی لیستەکان، بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکات و بانگەشــەی گۆڕان دەکات. هەرچەندە لە زۆربــەی وڵاتانی دنیــادا، پایتەخت سەرکێشــی هەڵبژاردنــەکان دەکات، بەڵام هەر لەســەرەتای دروســتبوونی سلێمانییەوە ئەم شــارە لە زۆر رووەوە جیاواز بووە، زۆرجار جیاوازییەکانی شار جوانییەکی شایستەیان بەخشیوەتە شار، هیوادارم ئەم جیاوازییەی ئەمجارە نەبێتە هۆی ناشیرینکردنی.

لەگــەڵ خۆرائاوابوونــدا، لایەنگرانی لیستی گۆڕان وەکو ئەوەی هیچ کارێکیان نەبێــت دەکەونە هۆڕن لێــدان، گرتنی جادە و شەقامەکان، چاوسوورکردنەوە لە خەڵک و هات و هاوار، تا دوای نیوەشەو ئەم بەزمی گۆڕانە بەردەوام دەبێت. ئەم شێوازی بانگەشەکردنە ئەگەر لە وڵاتێکی خاوەن کولتــووری دیموکراتی و ئارامی وەکو ســوێد کە زۆر لە ســەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان بە لیستی گۆڕانیشەوە هەڵگری وەڵاتینامەی سوێد و وڵاتانی لەو جۆرەن، بکرێت، بەهیچ شێوەیەک ڕێگای پێنادرێت.

نازانم ئەگــەر خەڵکانێک نەتوانن لە رێگــەی تەلەڤزیــۆن و راگەیاندنەکانی خۆیانەوە بە بەڵێنەکانی لیســتەکایان ئاشــنابن و دەنگــی پێ بــدەن، چۆن دەتوانن کاریگەری لەسەر خەڵکی نەیاری خۆیــان دابنێن بــە دەهــۆڵ و زوڕنا و هــۆرن لێدان و فیکە فیک. ئەگەر خەڵک بەهــۆی دەهۆڵ و زووڕنــای هونەرمەندە میللییەکانەوە بڕۆنە دەنگدان یان بە قیژە قیژی ئەوانەی کە تــا دوێنێ فوویان بە کەڕەنای لیستی 730 دا دەکرد و کوردیان بۆ دەنگــدان بۆ دەســتووری عێراقی و پەرلەمانی عێراقی و بنیاتنانەوەی عێراقی عروبە هاندەدا و ئێستایش حەدیان نەبێت دەیانەوێت دەوری زەردەشتی کال ببینن و خۆیان لێ کردووین بە کاژیک، مەگەر هەر ئەوانە نەبوون پێشمەرگەی خۆیان هاندەدا بۆ کوشتن و گرتنی پێشمەرگەی لایەنی بەرانبەر. ئێمــە ئەگەر میللەتێک بین بە هەموو دوعایەک بڵێین ئامین، ئەوە دەبێت چاوەڕوانی خوێن رشتن لەم هەڵبژاردنەدا بکرێــت! تکایە بەرێزینە تــا کار لە کار نەترازاوە، مەهێڵن خوێنی منداڵی خەڵک برێژرێت، دەســتی کام لیست هەیە لەم کوردستانەدا خوێنی منداڵی کوردی پێوە نەبێت، ئێســتاش کە کورد نەک لە ئێوە بەڵکو لە بەعســییەکانیش خۆش بووە، کەمێک شــەرم بتانگرێ و شارستانیانە بکەونە ململانێی هەڵبژاردنەوە.

لــە وتاری پێشــوومدا، نووســیبووم گەشــبینم بەم هەڵبژاردنــە بەمەرجێک هــەم دەســەڵاتداران و هەمیش ئەوانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزیســۆن دەزانن، بایی ئەوەندە فێــری دیموکراتی بووبن، بەڵام ئەم هەرایەی شەوانی سلێمانی لە ناخەوە دەمترسێنێت، ترسێک کە بۆنی خوێنێکی لــێ دێت کە نــەک من هیــچ کوردێکی نەتەوەیی نایەوێت جارێکی دیکە بە چاوی خۆمــان ببینینەوە، دەنا ناچارین بڵێین چاکی مەکەن با خراپ نەبێت.

